رۆمان

# فەرمانڕەواو کاسەلێس

## قەیرانی خود لەنێوان هەردووکیاندا

رزگار کەریم

PDF4Kurd

st1

ناوی کتێب: فەرمانڕەواو کاسەلێس (رۆمان)

نووسەر: رزگار کەریم

ساڵی چاپ: 2006 ی زاینی

پۆستی ئەلکترۆنی نووسەر:

rzgarra@yahoo.com

مافی چاپ پارێزراوە بۆ نووسەر.

## پێشکەشە

پەریزادەکانی روپاو کونجی سوتماککراوی

ولاٚت.

مرۆڤستانی گوشادو بێسنوور.

ژیری بونیادو تەنە ونبوەکان.

ئەوانەی لەبەرەبەیانێکی زوودا بەئاگاهاتن و

چاویان بەپەیام و نووسراوێک کەوت.

مـن یـەكێكم لـەنێو هـەزاران‌و ملیۆنـەها مرۆڤـی سـەرگەردان‌و وێـڵ‌و گرفتاوی ، دومەڵەكانی كەسێتیم بەهەڵاوساویی ماوەتەوەو زوخمی دەرونم دەریایەكی بۆگەن‌و گەندەڵی پێكهێناوە ، سەدان گـرێ یـەك لـەدوای یـەك مارپێچانە ئەستۆی گرتووم‌و گەردنی ویژدانم بریندار دەكات‌و سوێیەكی پڕ ئێش‌و ژان دەباتە نێو دڵمەوەو تاڵی‌و مەرارەتی هەست بەتاوان دەهێنێـت بەبەرما، منم لەبۆگەنترین چینەوە سـەرم گرتـووەو لـەهیچ بـووم بەشـت ، نـاتوانم سـەرم لەدەسـتم جیابكەمـەوە ، چـاوم برسـی‌و چـڵێس‌و بـەماڵ‌و دارایـی سـەرجەم دنیـا تێـر نابێـت ، ئـەو رۆژەی لەنێوەنـدێكی هـەژارەوە بەكاسەلێـسی سـەركەوتم بـۆ نێوەنـدێكی‌تر وامـدەزانی روو بـە هێمنـی‌و هەستكردن بەئارامی ویژدان دەچم‌و كاتێ لـەم قـەوارەو پێـستەی ئێـستام قوتاربووم ئـەوجا دەبم بەكەسـێكی‌ترو خـودم دەدۆزمـەوەو لەسـەربارێكی ئاسـایی دەگیرسـێمەوە ، بـەڵام ئەفـسووس گرێكـانم پتربـوون‌و كێـشمەی ویژدان تاساندمی‌و برستی لەبەر بڕیم..

هـەركات دەچـمەوە بـەنێو قـووڵایی ئـەو سـەردەمەدا پـتر دەتاسـێم‌و خەشـم‌و قـین دەبێـت بـەبار بەسـەرمەوەو گینگـڵ دەدەم‌و نـاتوانم بۆساتێكیش هەست بـەئارامی بكـەم " وەڵێ ئەوكاسەلێسەم كـەوا لەگشت ئاوێكمـداو قولـەپێم تەڕنـەبوو، لـەوپیلان‌و تەنگەشـانە دەربـازبووم كـەبۆ خـەڵكی دیـم دەنایـەوەو بەڕووكەشـیش پیـاوێكی رێـزدارو خـاوەن

کەسـێتیبووم..ئـای لەدیـدی ئەوانـدا چ بابایـەك بـووم..؟!رۆژو شـەو خۆزگـەیان پێدەخواستمو هـەموو بەچـاوی ئێرەییـەوە بۆیـان دەڕوانـیم " بەتەنیا خۆم دەمزانی خاوەن چ خودێکم ، بەتەنیا من لەو گرێ مارپێـچانە شارەزابوومو پـشتیانم دەخوێنـدەوەو ، ئـەوان بـەقاتو بۆینبـاخو پـێڵاوە ئاوێنە ئاسـاکانم سەرسـام بـوون، قـسە نـەرمو نـۆڵو زمانـە شیرینەکەشـم هەموویانی سەرسـام کردبـوو ، وەلێ نـاخم نـەبێ هـەموو شـتێ لای ئـەوان جوان بوو ، دەت وت مەڕمەڕو ئاوێنەو ئاڵتوونو زومورڕدە..ئای خودەکـان چەن گیرۆدەی دەستی جیهانە رووکەشو بەرچاوەکانو لـەناخو نـاوەڕۆك بەدوورن ، کەسێتی من بەتەنیا لـەویادا دەخوێنرایـەوەو بـەدوور لەهـەموو مۆرکێکیتر ، رابردووم دەزوویەکی باریکبوو لەچاو داهاتووی شکۆدارو پـڕ لەدەستکەوتو هەڵوێستو گوتەی مەزندا..

ئـەو رۆژەی مـن لـەئاسمانێکی تاریکـدا خـۆم ناسـیو بـەدەم بـانگی فەرمانڕەواوەهاتمو پەڕەی رابردووم دڕی ئـەوجا کـەوتم بەسـەر دەریایـەك لەمەعریفەو زانست کەبۆمن جگە لە ئەشـکەنجەو ئـازارو تاسـانو وەیـلانو سەرگەردانی زیاتر هیچی دی نەبوو ..لەناخمـدا بـووم بـە زووخـاڵی رەشو لەدیدی ئەوانیشدا جێنتڵمانو قارەمـانی بەجـەرگبووم ، وێـڕای ئـەو حاڵـە دەروونیە کەلەپەڕەی روحی دەدامو جار لەدوای جار برینی دەکولاندمەوە کەچی زۆرێکیش وایاندەزانی ئاسوودەترین کەسـی ئـەم دنیایـەمو گـەنجی سولەیمانو قاروون لەبەردەسـتمدایەو خەریکـە تووشـی گەشـکەو مـەرگی ناکـاو دەبم، ئـەوەتا لەپانتاییـەکی بەرینـدا لەڤێللایـەکی چـەند نهۆمیـدا دەژیمو بەتەنیا باخچەی ڤێلاکەم بەئەندازەی سەدان لانەو ماڵی ئەو رەشە خەڵکە دەبێت ، کاتێ شار تاریكو خامۆشـە مـاڵی مـن چـراخانەو تیـشکی گڵۆپەکانم هەڵدەچـن بـەنێو یـەکاو تاریکـایی لـەو نێـوەدا خـۆی ناگرێـتو جێی نابێتەوە، کاتێکیش بەنێو باخچەی ڤێلادا دەسوڕێمەوە نازانم لەبن کام دارو درەختی بەردارو سێبەردا دابنیـشم ؟!لـەروپای ئـەو مەملەکەتـە بەرینەشدا وێڕای سەوزایی سێ مەلەوانگەی گەورەم هەیەو لەگەڵ چەندین

کورسی جموجوولّ پێکراو خزمەتکاریش هەمان پیشەی من دووبارە دەکەنەوەو دەست لەسەر سینگن‌و نازانن چۆن ڕەزامەندی من بەدەست بهێنن..

ئەوەی لەنێو ئەو ڤێلایەدایە وادەزانێت بەهەشت لەمە بەدەرنییەو لەتەختی بەرینی ئاسوودەییدایە، وەلێ من دەزانم چۆن ئەم حاڵو بارەم پێکهێناوەو گەیشتووم بەم قۆناخەو ئەوان هەرگیز ناپرسن‌و باکیان نییە لەکوێوە سەریگرتووە ، ئەو سەرچاوە لێڵەی هەمووی خیانەت‌و ناپاکی‌و کوشتن‌و بڕینە، دەرئەنجامەکەی کەسانی پۆشتەو پەرداخ‌و ڕۆب لەبەرو ڕۆچووی نێو نازو نیعمەت بەهەموو چەشنەکانی دەخاتەوە ، لێرەوە گەندەڵی ڕێچکە دەبەستێ‌و بۆگەنی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی دنیا دادەپۆشێ‌و هەموو دنیا هەراسان دەکات ، بۆگەنی‌و بوودەڵەیی خودە تۆپیوەکانی وڵات ، ئەوانەی بۆساڵانێکی دوورودرێژ فەرمانڕەوابوون‌و ڕۆژانە لەنێو پارچەپارچەی ساتە یەك لەدوای یەکەکاندا چەندین چیرۆك‌و یادەوەرییان تۆمارکردووە ، ئەوانەی تا دوایین هەناسە بەسەر کورسی فەرمانڕەواییەوە مانەوەو شەڕی مان‌و نەمانیان لەسەرکردو ڕێیان نەدا بەکەسی‌تر سەردەبهێنێت‌و وڵاتیان لەسەر خۆیان تاپۆکردو بەردودارو خاك‌و خۆڵو مرۆڤیان بەست بەدوای یەکداو لەبازاڕی سەوداگەریدا بێباکانە فرۆشتیانن ، ئەوانەی بەهەزاران کەس دەفری بەرماوەیان دەلێسانەوەو حەسحەسی بەرقاپییە توندو کلۆم‌و زنجیردارەکانیانی دەکردو دەبوون بەخۆڵی بەرپێیان‌و پەشتەماڵی حەمامیان ..!!ئەوانەی بەپیاوی نەتەوەیی‌و وڵاتپارێزو خاوەن دین‌و ڕەوشت باس دەکران‌و هەرگیزاو هەرگیز مەحاڵبوو نەنگی‌و ناتەواوی بدرێتە پاڵیان ، ئەوان بۆگەل‌و نیشتمان خوای سەرزەمین بوون ، هەمیشە لەسەرو ڕەخنەو نکوولی‌و تەنانەت مۆڕوونەوەو نیگای قورس خستنە سەر وێنەکانیشانەوە بوون ، مەحاڵە ئەوانە لەدیدو نیگایەکی تاریکەوە تەماشا بکرێن ئەوان‌و ژیان بەروپشتی یەکبوون ، ژیان بێئەوان لەواتاکانی خاڵی دەبوویەوەو

چــەرخی قــورس‌و گرانــی رۆژگــاریش لەکاردەکــەوت‌و گــەورەترین بــەلاو نەهامــەتی دەهــات بەســەربووندا " وەلێ ئــەوان مــرۆڤن بــەلام کــام مــرۆڤ ؟ مرۆڤێـك لەبنەڕەتــەوە بــۆ نــازو نیعمــەت‌و گاڵتــەکردن بــە چارەنووســی هاوولاتیــان‌و مرۆڤــە پلــە نــزم‌و رەشەچــینەکان بــەدیهێنراون ، ئــەوان فەرمانڕەواو دەستەلاتداری رەهای ژیانن‌و رەشە خەڵکیش ژێر پێ‌پلیکانەو رەنجبەری بەستەزمان‌و داماون..

چۆن لــەجیهانی کالاوشــتومەکدا نمــرە یــەك‌و دوو ســێ‌و چــوارو پێــنج هەیە لەم جیهانەشــدا مرۆڤــی نمــرە یــەك‌و دووســێ‌و چــوارو پێــنج هەیــە ، بنــەماکانی مــرۆڤ لای فــەرمانڕەوا ناخوێندرێتــەوەو چــاوی کــوت‌و کــوێری فــەرمانڕەوایی بەتــەنیا خــۆی دەبینێــت‌و جارجــاریش کاسەلێــسەکانی بەسەردەکاتەوە " ئەویش بەچاوێکی نــزم‌و ســووك وەك ســەگی بــەرقاپی‌و پاسەوانی بەر ڤێلاو ئەپارتماو دام‌و دەزگاکانی ..

مــن خــودێکی شــێواوم" خــودێکم وەك هــەزاران خــودی دیکــەی ئــەم حەشــاماتەو بــۆنی خــوێن‌و ناپــاکی لــەروح‌و جەســتەم دێــت ، کاسەلێــسی بەرقاپی فەرمانڕەوام‌و پارێزەری کۆشك‌و کورســی‌و دەســتەلاتی گەنــدەڵی ئــەوانم ، بۆیــە بــەدیهاتووم هــەتا کاسەلێــسبم ، بۆیــە لــەدایکبووم هــەتا لەئامێزی فەرمانڕەوایاندا گەورەببم‌و درێــژە بــدەم بــەو دەســتەلاتەی وەك زنجیرێکــی پــۆلایینی نەپــساو وایــەو هــەرگیز لەبەریــەك نابڕێــت‌ودوایی پێنایەت، ئەو رۆژەی هەزارانی وەك من گەواهی‌و ئەمەکدارییان نواند ئیدی فەرمانڕەوا بوو بەفیرعەون بۆ هەتا هــەتا " کۆشــکە بــەخوێن ســوربوەکەی چەســپاو ئــازادی‌و هــەرای دیموکراســی لەناوچــوو، ئــەو مەزهەبــەی ئێمــە دروستمانکرد بەناخی گەل‌و میللەتا رۆچوو ماڵەو ماڵ‌و تاکەو تاك‌و کوچەو کوچــەو دەوارەو دەوارو گونــداو گونــدو چــیناو چــین‌و کۆمــەلاو کۆمــەڵ‌و حیزباو حیزب‌و تاکەو تاك‌و فەرمانگەو فەرمانگــەو قوتابخانــەو قوتابخانــەو حوجرەو حوجرەو ویژدانەو ویژدان‌و رۆحاو رۆحی گرتەوە ..

مەزهەبی کاسەلێسی ..مەزهەبی چڵکاوخۆریو دوی بەرژوەندی خۆ کەوتنو وێرانو کاولکردنی گشت بوارو نێوەندێکی وڵاتو خۆبەبێگانەو نامۆزانینو باڵاو بڵندکردنی کورسی فەرمانڕەواو درێژەدان بەو حاڵو بارە..

من هەرزوو حاڵی بووم کەوا منو هەزارانو ملیۆنەها کەسی دی وەك من کاسەلێسنو ئێمە پایەکانی دەستەڵاتی فەرمانڕەوامان هەڵگرتووە ، دەمزانی ئێمە دیموکراسیو فرەییو دەنگی کۆمەڵ دەکوژینو مۆرکی سەرکزکردنو توانا کوشتن دەدەین لەهەموو بوارەکانی ژیان ، ئێمە دەبین بە کۆسپو رێگری بەردەم گۆڕانکارییەکانو بەتەنیا لەوڵاتدا ئاواتی دووچین بەدی دەهێنین " فەرمانڕەواو کاسەلێسان..

ئەوانەی بەدەر لەبازنەی کاسەلێسن بەتەنیا بەشیان دابڕانو تومەت بۆ دروستکردنو سووکایەتی پێکردنو بێبەشبوونە لەهەموو خێروبێرێکی وڵاتو بەرایەڵەیەکی باریکیش ناچنەوە سەر نیشتمانو ئەوان زۆڵەكو سەلکەبزووتی دژو واژووی خەونو ئاواتی کاسەلێسو فەرمانڕەوایانن..

من هەر زوو حاڵیبووم ئێمە مەزهەبێکمان دانا یان زیندومانکردەوە تەپو تۆزو خۆڵی لێنیشتبوو ، زەمینەکەشمان یەکجار لەبارو شیاوبوو بۆگەشەسەندنی مەزهەبەکەمانو بڵاوکردنەوەی بەنێو زۆرینەی خەڵکیدا ، لەتایبەتمەندی مەزهەبەکەمان گەیشتن بوو بەبەرژەوەندی کەسێتیو ملشکانی بەرانبەرو وێرانکردنی نێوەندەکانی وڵاتو پەکخستنی هەموو تواناو لێهاتنو داهێنانێكو بێگومان درێژەدانیش بە رۆژو تەمەنی فەرمانڕەواو کورسییەکەی.. !

هەر ئێمە بووین خەونی پاكو بێگەردمان تاراند ، هەر ئێمەبووین هیواو ئاواتی بەرزمان لەبن دەرکێشاو دوایمان پێهێنا ، هەرئێمەبووین هەمیشە دەستمان بەسەر ناڕەزاییو رەخنەو نکوولیدا دەگرتو فەرمانڕەوامان رازی دەکردو بەخششو کەرەمی ئەومان بەدەست دەهێنا..

چەندین شەو دادەنیشتین‌و پیلان‌و نەخشەمان دەکێشا چۆن نەیارو سەلکەبزوتەکان لەنێو بەرین، ئێمە چەکمەبۆری فەرمانڕەواو کورسیە لەق‌و رزیوەکانی بووین‌و ئامادە نەبووین واز لەنازو نیعمەت بهێنین بۆ بەرژەوەندی گشتی..

ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی دوورودرێژ ئەوجا دەزانم من‌و هاومەزهەبەکانم چ درك‌و خاشاکێکبووین‌و لەناخیشەوە هەستم بەچ بەلەنگازییەك دەکەم..ئێمە داماوو هەژاربووین لەگەڵ فەرمانڕەوادا کۆیلەو زەبوونی ژێر بارێکی دی بووین‌و ئازادی‌و دیموکراسی‌و هەڵگرانی بەیداخیان سەرکەوتووبووین‌و ئێمەش وێڕای بێکەم‌و کوڕیمان لەڕووی مادییەوە کەچی شادی رووی تێنەدەکردین‌و هەستمان مردوو ویژدانمان بریندار‌بوو ..پاش تێپەڕبوونی ئەو ساڵانەو تاوانی گەورەمان دژ بەخود ئەوجا کەوتینە دەریای بێبنی خەم‌و خەفەت‌و مەینەت‌و ناسۆرییەوە، گەرچی هێشتا فەرمانڕەوای شەیتانسەر هەر بەدەوامەو چین لەدوای چین کاسەلێس بەردەرکی دەگرن‌و خزمەتی حیزب‌و خێڵ‌و کۆمەڵەکەی دەکەن، وەلێ من بەکۆڵێ ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی تاڵەوە بەدەرکەوتم‌و مەینەت‌و دەردەسەری زاڵبوو بەسەرماو لەگەڵ شێتەکانی شاردا بووم بەهاوڕێی گیانی بەگیانی‌و خۆشەویست ، واژووی هەوڵی ئەو کاسەلێسانە کەلەڤێلایەکی گەورەدا بەسوپایەك خزمەتکارو چەن کۆمپانیایەکەوە دانیشتن‌و جارجارەش دەچوون کاسەلێسی‌و ئەمەکداری خۆیان بۆ فەمانڕەوا دەردەبڕی‌و بەمەش بەرژوەندییەکانیان لەفەوتان‌و مەترسی تیاچوون دەپاراست..

دوای تێپەڕبوونی ئەو رۆژە رەشانەو ئازاردانی ویژدانم بەبەردەوامی ئەوجا هەستمکرد دەبێت ئەویادەوەریانە بنووسمەوەو مافی خەڵکە بزانن فەرمانڕەواو کاسەلێس چیانکردو چۆن ژیان‌و مەزهەبی کاسەلێسی هەموو وڵاتی تەنییەوەو بەسەر ماڵان‌و دام‌و دەزگاکانی زێدی ئەم وڵاتەدا بڵاوبوەوەو تروسکاییەك بۆ قوتاربوون لەوجیهانە تاریکە نەمایەوە..

دەزانم پـێم دەڵـێن : سـەگێکەو هـاربوەو لەخاوەنەکـەی یـاخیبوە ، یاخود مەرامێکیتری هەیە لەم قسانەو ئـەگینا بـۆ بەدرێـژایی ئـەو سـاڵانە لەنازو نیعمەتا ژیاو کاتیٚ بێزاربوو ئنجا هاتە گۆ..؟!

مـافی خۆشـیانە سـەدان قـسەو قـسەلۆکم دوابخـەنو بـەدەیان شـێوە شـیتەڵم بکـەن ، بـەڵام مـن چـیرۆکی دەیـان تـاوانو مامەڵـەی خودکـوژی باسدەکەم کەوا ئەمڕۆی رەشو تاریکی وەبەرهێناو خودی کوشـتو ژیـانی بەم قەیرانە گەیاند..

بیٚبـاکم لـەوەی دەیڵـێن چـونکە ئـەوان هێـشتا گریٚـی کاسەلێـسیو بەرژەوەندی تاکە کەسـیان نەبـچڕاندوەو هێـشتا سـەرەتای خۆشـنودییانە لـەم رێیـەداو نـازانن ئـەوانیش بـەجۆرێك لـەجۆرەکان کاسەلێـسن..ئـەوان موریدو شوێنکەوتەو ئەندامی تازەنو دڵیان گەرمەو بـەدووی بەرژەوەنـدی تاکی خۆیان یاخود دروشمی ئاڵۆ واڵا کـەوتوونو نـازانن نـاوەڕۆکی ژینـی وڵاتو زێدیان چـییەو چـۆن دەڕوات بـەرێوەو فـەرمانڕەوا چ کارەسـاتێکی بەسەردا هێنـاون..ئـەوان وەك منالێـك وانو بەتـەنیا بـۆ سـاتێکی کـورتو خۆشـیەکی کـاتی دەژیـنو چـاویان ئـەو وێرانـەو خەراباتـەی زێـدو وڵات نابینێـت سـبەینیٚ دیاریـدەدات چ تاوانێـك لـەم سـاڵانەدا ئـەنجام دراوەو چۆنیان لێبەسەرهێنراوەو بەرەو کام هەڵدێر براون..

ئەوان لەخـەوێکی قووڵـدا رۆچـوونو بێهـۆش بێهـۆش کـەوتوونو شـل شلبوون بەدەست رۆژانی پڕ نەهامـەتی فـەرمانڕەواو داو دەزگاکانیـەوەو جاربەجارێك لەو خەوە بەئاگادێنو لـەرزیان لێـدێتو لەشـیان دادەگیرێـتو بەرچاویان رەش دەبێتو دەبورێنەوە..چاویان بەزێدێکی سووتاو کۆمـەڵیٚ شـەیتانی چـەتەو دز دەکـەوێت بـەتانو پـۆی ژیانـدا دێـنو دەچـنو هـیچ سـرووتێکی خۆشـیان نەهێـشتووەو بـەهاری تەمـەن بـوە بـەپایزو لـەتاوا سەری منالٚ ژنو پیـاوو لاوان سـپی بـووە..خـەراباتێك دروسـتبووە کـەس هـەڵناکات تێیـداو تـاکو تـەراو کۆمـەڵ کۆمـەڵ رێـچکەیان بەسـتوەو وڵات بەجێدەهێڵن بۆ هەتا هەتایە..!

ئـەو تروسـكایی‌و بەئاگاهاتنـە سـەدان‌و هـەزاران كەسـی وەیـلان‌و سەرگەدان‌و وێڵ‌و شـێت‌و هـاركرد، خـەوو ئیـسراحەتی لەبـەر بـڕین‌و مـل‌و گەردنی خستنە بەردەم سیكاری گیلۆتین..

من یەكجار بێباكم لەوەی دەیكەن بەرانبەرم‌و چیدی نـاتوانم بێـدەنگ بـبم ، ئەوەنـدە خۆمخـواردەوەو بـەرگریمكرد لەبـەردەم لێـشاوو فـشاری دەرووندا پەكم كەوت‌و قەڵەمی ئەژنۆم شـكاو لـووتم شـۆڕوەوەو هەناسـەم سواربوو..دەبوایە هەر لەسەرتاوە بێـدەنگ نەبوومایـەو بمكردایـە بەهـەراو بـەزم‌و دنیـام بهێنایەتـە سـەر ئـەو فەرمانڕەوایانـەو یەخـەی كراسـی كاسەلێسانیـشم دابدڕیایـە ..نەفـسم بدایەتـە بـەر پێلەقـەو نەمهێـشتایە هەرگیز بۆ ناو ئەو دۆزەخە هەتەر بدات‌و ملدرێژ بكات..

زۆریش ترسـام ئـەو راسـتیە ببەمـە ژێـر گـڵ‌و مـەرگ یەخـەم پێگرێـت بـەجۆرێك لـەجۆرەكان ، چـەندین شـەو بـەدەم ئـازارو خـەوی ناخۆشـەوە بەئاگا دەهاتم‌و لەرزم لێدەهات‌و لەسووچێكی ژوورەكەمدا هەڵدەتروشكام‌و كزۆڵەمـدەكردو بەئاسـتەم هەناسـەم ئـاڵ‌و گـۆڕی دەكـردو بـەخێرایی بروسكەیەك بەتەوژم دەیدا لەروحم‌و پـترو پـتر دەكەوتمـە قـەیران‌و ناچـار لـەژێر ئـەوبارەدا هەڵدەسـتامە سـەرپێی‌و پـڕ بـەدەم هاوارمـدەكرد: "نا..بێدەنگ نابم.. چۆن ئەو راستیانە بشارمەوە كەئەم رۆژە رەشەی لـێ پەیـدابوو..چـۆن ببیەمـە نێوگـڵ‌و چـاوی لـێ بپۆشـم..تاوانبـارم مـن‌و فـەرمانڕەوا خودمـان كوشـت..ئێمـە تـافی لاویـی ئـەم گەلـەمان مرانـدو لەپێناوی بەرژەوەندی خۆماندا هـەزاران هەڵوێستی سیاسـی‌و كەرنـەڤاڵ‌و نمایش‌و بەزم‌و شەڕو هەرامان بـەرپاكرد..ئێمـە تاوانبـارین ، ئێمـە دەبێـت دادگایی بكرێن نەك خەلات‌و پاداشت بدرێیینەوە..كەی من لەم تراویلكەیـە قوتار دەبم كەی كەی..؟؟ ویژدانم پزۆڵ پزۆڵی كردم‌و توانـام نییـە چـیدی ئارام بگرم..".

پێشخزمەتەكانی نێو ڤێلاكەشم لەمێژبوو ئەم هاوارو فیغان‌و گریانەیان بیـستبوو ، دەیـانزانی نەخۆشـم‌و بێتـو بـێن بەهاوارمـەوە لـەجنێوو

کاردانەوەیەکی نێگەتیڤانە زیاتر چیدی بەدیناکەن " بۆیە بەتەنیا دەمامەوەو لەتاوا سەری خۆم دەکێشا بەدیوارەکانداو بەمشتەکۆڵەش یەك لەدوای یەك دیوارەکانم دەکوتایەوە..بەهەڵمەتێکی تونند هەڵدەستامە سەرپێو بەتەواوی ویستو خوازی خۆم جەمەدەکردو بڕیارم دەدا بنووسم..هیچ کام لەو ڕووداوانە لەبیرنەکەم کەوا ئەم وڵاتو خەڵکەی فەوتانو بوو بەهۆی لەدایکبوونی ئەو حاڵو بارە ناهەموارەی بۆ هەتا هەتایە دەبێت بناڵێنین بەدەستیەوە ..

هیچ بەربەستێك نەدەما لەئانای گوتنی ڕاستیو بەردەرخستنی تاوانی خودکوژیو قەیرانەکانی لەدەرکی فەرمانڕەواو کاسەلێساندا، ئەوەندە نەبێت من لەنازو نیعمەتی جاران قوتاربووم و لەکونجە تەنگبەرەکاندا بەچڵکنی ژینێکی دیم دەبردەسەر.

مێژووی خودکوژی قووڵ‌و بێبنە لەدەمەکانی سەردەم‌و رۆژگاردا، ئەو کاتــەی رەورەوەی عــەقڵ کەوتــە جووڵــەو مرۆڤــی دابەشــکرد بەســەر چـینەکاندا ئیـدی جۆرێك لەگەمـەی بەربـەرەکانی هاتـە کایـەو مـرۆڤ بـوو بەداماوو گیرۆدەی دەستی ئەو بارە تازە لەدایکبووە..

بەرلەوەی ببم بەشۆڕشگێڕ بەسەرسـامیەوە لەشۆڕشـی فەرەنـسی ورد دەبوومەوە، بەلاَم ئەوەی نیگەرانی دەکردم چۆن هەر پـاش چـەند سـالێك ئەو شۆڕشە لەقۆناخی لەدایکبوون‌و گەشەسەندن‌و دروشمی جـوان‌و ئـاڵ‌و والاَوە گۆڕا بۆ جۆرێك لەخودکوژی‌و فەرەنسایکرد بەگێژاوی سەدان شـەڕو هەرای ناشیاو بـەلاَدار، لەئەنجامـدا ماناکـانی شـۆڕش‌و دروشـم‌و وانـەکانی بوون بەنەهامەتی‌و مەینـەت‌و ناسـۆری بـۆ گـەلی فەرەنـسی..هـەرکات لـەو شۆڕشە ورد دەبوومەوە رقم لەباسی شۆڕش دەبوویەوەو حـەزم نـەدەکرد هەرگیز بەقۆناخێکی لەوجۆرەدا تێپەڕم..!

وەلێ رۆژگار هات‌و چـوو منـیش چـوومەدەرەوەو بـووم بەشۆڕشـگێڕ ، سەرەتا دلگەرم بووم‌و لەگەڵ هاوڕێکانم بۆ مەبەسـتێکی مـەزن دەژیـاین ، ســەدان شـــەڕی مـــان‌و نـــەمانمان بـــەرپاکرد لەمـــەرگ‌و پێـــشهاتەکانی نزیکبووینەوە، لەم شاخ بـۆ ئـەو شـاخ ..لـەم دۆڵ‌و گونـد بـۆ ئـەوی دی ، ئێمە بێباك بووین لەمـەرگ‌و سەرتیاچـوونمان ، ئێمـە بـۆ ولاَتێکـی ئـازادو خاکێکی سەربەخۆ سووتابووین، لەهاویناندا چین چین ئارەقمان دەسڕی‌و

زستانیش لەنێو بەفرا وێڕای تۆپباران‌و بۆردومانی فڕۆکەو جاش‌و سەرباز ڕۆژمان دەبردەسەر..ئەو دەمە ئەوەندە حاڵی بووین تەقەبکەین‌و بەدیار ئیزگەی شۆڕشەوە گریان‌و فیغان بەرپابکەین، بێئاگابووین لەوەی فەرمانڕەوا دەیکردو هەڵوێستەکانمان وەك زوربەی خەڵکی بەزیرەکی‌و لێهاتوویی‌و بلیمەتی باسدەکردو نەمانزانی بووین بەکاسەلێس‌و شۆڕشێکی دۆڕاو دادەڕێژین‌و داهاتووی گەلێك دەسووتێنین..

لەوساڵانەی شاخدا گوستاخی بردیانمە پێش‌و بووم بەکاسەلێسی نمرەیەك‌و پەردەوانی فەرمانڕەوا ..پێشتر لەسەرباری جۆراوجۆر ڕاهاتبووم‌و لەچینێکی هەژاریشەوە سەرمگرتبوو " بۆیە ئارامگرتن یەکێك بوو لەسیفەتەکانم‌و ئەو دەستکەوتەش لەنێو خزم‌و کەسە نزیکەکانمدا لەخەون‌و خەیاڵدا جێگەی دەبوویەوە..!منێك لەنزمترین چینی کۆمەڵەوە بگەم بەئاستێکی بەرزو لەدواو پێشی فەرمانڕەواوە بڕۆم‌و لەم وڵات بۆئەو وڵات‌و لەملا بۆئەو لاو چاوم بەدنیای دەستەڵات هەڵبێت ئیدی چۆن تووشی گەشکەو شامەرگ نابم‌و زیادتر کاسەلێسی خۆم نانوێنم؟!

خودم لەئاستی‌فەرمانڕەوادا سفرو هیچ بوو ، بەڵام بۆ خوارووی خۆم باڵاو بەزەبرو زەنگ‌و گورزو زبربوو..کێ دەیوێرا لەگەڵم بدوێ‌و ڕایەکی پێچەوانەی بۆچوونەکانم دەرببڕێ،وەك فەرمانڕەوا منیش تاکڕەوی خوار خۆم بووم‌و لەمشت‌و مڕا هەرگیز نەیارو دەنگی جیام قبووڵ نەبوو..

خاڵی وەرچەرخانی ژیانم لەوساتەوەختەوە دەستی پێکرد کەبووم بە دەرگاوان‌و پەردەداری فەرمانڕەوا..!! لەشۆڕشگێڕێکی گیانفیداو گوستاخەوە بووم بە کاسەلێسێکی بەردەرکی فەرمانڕەواو بەرژەوەندی پەرست..نازانم بۆ خودەکان هەمیشە لەدووی هەلێك دەگەڕێن بیقۆزنەوەو لەبارو شێوەی ڕاستەقینەدا دەربکەون‌و مانا جوانەکان بگۆڕن.!؟

پلەوپایەی نوێم هەموو ماناو دیمەنێکی ڕابردووی لێ ونکردم‌و بووم بەیەکێك لەوپێکهاتەیەی فەرمانڕەوا دایڕشتبوو.. ئەو ڕۆژانەم لەیادکرد کەلەشاردا بەرگری کردن لەقەوارەو پێکهاتەی خود چ مانایەکی هەبوو"

دایكو باوكو خوشكو براكانیشم لێنامۆبوونو بەچەشنێكم لێهات دەوتوت لەو دەفرو دۆڵەنیمو رۆژانێكی سەختم لەگەڵیاندا بەسەر نەبردووە..

تەنانەت گەردەی دڵداریشم لەبیركردو ئەوینەكەمانم لەقاڵبی هەوەسبازیدا دەویستو چەن جارێك ویستم دەستی بۆبەرم نەیهێشتو وتی:

ـــ .. .. نازانم چیت لێبەسەرهاتووە ..كەی جاران تۆ ئەوەندە هەوەسباز بوویت ..؟!!

ئارەقی نێوچەوانم تكابوو ، شەرمم نەكردو بەجۆرێك لەچاونەترسیەوە وتم :

ـ چی تێدایە گەر.. بكەین..!!

بۆیەكەمجار بوو ئەو وشەیە لەزارم ببیستیۆ ئیدی بۆیدەركەوت پلەوپایەو ئاستی نوێم كردومی بەدڕندەیەكو لەكێوو شاخ فەلسەفەی گیان تێركردنو هەوەسبازی لەنێو فەرمانڕەواو كاسەلێسەكانی دەوروبەریدا رەوشتێكی پەیڕەو كراوەو بەچاوێكی پڕ لەفرمێسكو نیگایەكی پڕ لەماناو گەرووی پڕ لەقوڵپی گیانەوە وتی:

ـ چیدی منو تۆ هەڵناكەین لەگەڵ یەكو ئەم پەیوەندییەمان لێرەدا دوایی دێت..

بڕیاری گەردە بۆمن ئاسایی بوو ، چونكە جۆرو چەشنە ژیانێكی دیكەم هەڵبژاردبوو ، لەم ولاتو لەو ولات دەیان قەپاتمەی ناسكو شۆخو شەنگم دیبوو ، هەوەسو ئارەزووم شكابوو تێرتێر لەگەڵیان جووت بووبوومو گەردە بۆمن رۆژگارێكی رەشی نەبوونیو ترسو شاردنەوەی دڵداریو فسكەفسكبوو..گەردە یادگارییەكی تاڵو رۆژانی رەشی وەبیر دەهێنامەوە، چۆن بەدزییەوە نامەمان لەگەڵ یەك دەگۆڕییەوەو دەیان كۆڵانی شارمان دەبڕی بەرودوای یەك تا قسەیەك لەگەڵ یەك بكەین ، گەردە بۆمن رۆژە سووتاوو تاڵەكانی ژیانم بوو ، كاتیێ لێی وردەبوومەوە هەستم بەجودایییەك لەروحو گیانو ئەندێشە هەمووشتێكی نێوانماندا

دەکرد، جوودایيەك لەنێوانماندا پەیدابووبوو هەرگیز نەدەگەیشتین بەیەکو وەك جارانمان لێنەدەهاتەوە..

ئــەو دەروازانــەی لەشــار داخرابــوون لــە بەردەممــدا لەشــاخ بــۆم ئـاوەلاکرانو مـن کەسـێکی دیـم لێدروسـتبووبوو..کێوییـەکی هەوەسـبازو چاوبرسـی ، گـەردەش گـوڵێکی پـاکو بێگـەردو داوێنپـاك ، ژینـی نـوێنم ئـەوەی بەسـەرا دەسـەپاندم بـەدوای سـۆزو بەزەییـدا نەچـمو مـن لەگـەڵ فەرمانڕەوادا بۆدەیان کاریتر کەلەم هەنگاوە کورتەی گیرم خواردبوو تێدا دروستکرابووم یان بۆ پـشکێك لەدەسـتەڵات یـاخود بـۆ دەسـتەڵاتی هـەتا هەتایی دەکۆشایین..

وەلێ گـەردەو مـن بووبـووین بـە دوو خـودی جیـاوازو دروسـتکراوی دوورلەیەك " من حاڵی نەبووم لەو گریانو ناڵەو فیغانـە بەکوڵـەی گـەردەو سۆزەگەرمو بەتینەکەی کەلەفرمێسكو ئەشکی گـەورە گـەورەدا بـەگۆنای ئاڵیـدا دەهاتنـە خـوارەوە..مـن چـوزانم ئـەو گریانـە بۆشـەلاڵبوونی مـن لەدەریایەك لـەلارو لـەوێریو خنکـانو مردنـی کەسـێتی پێـشوومە..چـاوم بەسترابوو لەوئەشکە گەورانەو ئـەو هەسـتەی لەدوایـەوەبوو ، دەبـوو هـەر ئـەو رۆژە بمزانیایـە ئێمـە بکـوژی هـەزاران هەسـتی ناسـكو جـوانینو بایەقوشی دەوری سەری دڵدارانو گەلو نیشتمانین ..

گـەردە گیـان تـۆو دەسـتە خوشـکەکانت روحـی پـاکیزەو جەسـتەی بێگەردنو ئێمەو مانانیش مەگـەزێکی دەوری هـەوەسو ئـارەزووینو تـازە لەیەك دابڕاینو بەیەك ناگەین..

ئـەو پەیوەندییـە تاقانـەبوو بەسـتنەوەی مـن بـەو رابـردووەوەو خـاڵی دابڕانو جیاکردنەوەشم بوو لەوچینو توێژەی منـاڵیو هـەرزەییو بەشـێك لەتافی لاویم لەنێوانیاندا بەسەر برد..

هەر لەشاخ چاومکرایەوەو حاڵیبووم لەوەی نابێـت لـەو قاڵبـەدا بـژیمو دەبێـت داهاتوویـەکی شـاهانە بنیـادبنێم ، داهاتوویـەك زەبـرو زەنـگو کوشتنو بڕین تایبەتمەندی سەرەکی بێت..!بۆمدەرکـەوت هـەتا دڕبیـتو

کەللەتەقان‌و خوێن رشتن ئاسایی بێت لات ئەوا زیاتر لێت دەدوێن‌و دەبیت بەسەرباسی کۆڕو دانیشتنی داماوو بێدەسـتەڵاتو زەبـوون‌و دواکـەوتوانی گەل‌و تۆقیوو زات بەستوەکان..!!من مرۆڤێکـی دیـم لـێ پێکهـات ، خـۆم داماڵی لەهەموو ئەو کۆتو بەندانەی رابردووم‌و لەگەڵ فەرمانڕەوادا بـووین بەشەوچـــرای دەوری وڵاتو سەرباســـی کـــۆڕو دانیـــشتنی خــــەڵکی ، خوێندنگەیەکمان دامەزراند تێدا بەگوندەکاندا فەلسەفەی خوێنڕێژی‌و خود شێوانمان بڵاودەکردەوەو مرۆڤ هیچ ڕێزو بەهایەکی نەبوو لامـان..بـەزەبرو زەنگ لادێی‌و گوندنشینانمان بەگەڕخستو دەبوو ئەوان باجی ئەو شۆڕشە بدەن کەئێمە هەڵمان گیرساندبوو ، ئاستەنگو بەربەست نەبوو بـۆ ئێمـەی شۆڕشـــگێڕو گونـــدەکان‌و دانیـــشتوانەکەی بەردەســـتو خزمـــەتکاری ئێمـەبوون‌و هـەر دەنگێـك واژووی دەنـگو ئـاوازی شـۆڕش بوایـە ئێمـە خەفەمانـدەکردو مـەحاڵبوو لـەو حوکمـە تۆتالیتەریزمـە خـەڵکی یـاخی‌و قوتاربێن..!هەر لەورۆژانەی سەرەتای شۆڕشدا کەخـەریکی خۆسـەپاندن‌و بۆشـایی پڕکردنـــەوەبوین یەکـــەم تاوانمـــان دەرهـــەق بـــەخودکرد کەلـــە خۆسەپاندن‌و زاڵبوونی ناڕەوادا خۆی دەبینیەوەو ئەمەش گورزێکی مەرگ ئـــامێزبوو لـــەخودمان وەشـــاندو بێویـــستو خـــوازو راپرســـیەك بـــووین بەفـــەرمانڕەواو ئاغـــای دنیایـــان..!!وابەســـتەکانی تاکـــەکان کەوتـــە بەردەستمان‌و فەلسەفەی هێزو چەکمەبۆری جێگەی مانا بەرزو مەزنەکانی گرتەوەو تاریکایی لەگوندەوە داهات بەرەو شار..لەبیرمە ئەو رۆژانە چـۆن گوندشینی قوڕبەسەرمان ماڵ وێران دەکـردو چارەنووسـیمان دەسـووتان، یان بەکوشـتمان دەدا یـاخود دەربـەدەری هـەتا هـەتاو لەزێد بـەدوورمان دەکردو هەڵمان دەفریـوان..!ئـەم رەوش‌و مامەڵەیـە لێـرەوە سـەریگرتو بەلێـشاو پـەیتا پـەیتا رووەو شارچـوو..شـاریش بەدەسـت سیـستەمێکی تۆتالیتەریزمی بۆگەنـەوە دەیناڵانـدو لـەژێر پـەتاو دەردەسـەریەکانی ئـەو سیـستمەدا خنکـابوو، وەلێ ئێمـە لەگونـدەوەو ویـستمان ئـەو خنکاوانـە دەربهێنین‌و دیسان بەئاراستەی خنکان بەچەشنێکی ترا بیان بەین..رووبە

تیاچوون‌و کوشتنێکی نوێ، بەلاّم ناومان لێنابوو شۆڕش..!!شۆڕشێك بۆ نیشتمانێکی ئازادو سەربەخۆیی خود..شۆڕشێك بۆ وەبەرهێنانی ژیانێکی نوێ‌و دنیایەکی رۆشنتر لەدنیای جاران..!

کاتێ دەڵێم شۆڕش پاش ئەو سالاّنە قێزم دێتەوەو ئێستا دەزانم ئێمە چی‌بووین، ئێمە لەپاڵ هەموو مەینەتێکدا هۆکاربووین بۆ داهاتوو هەمیشە بکوژوتێکدەرو فاکتەری شەڕو خراپەبووین..لەدوای سەرجەم هەڵوەداکانی گەلەوە بووین‌و بۆساتێکیش ئەو ئومێدە نەبووین کەئەوان چاوەڕیی بوون..!!

لەورۆژانەدا خودمان کوشت " خودمان تێکدا بەشۆڕشی چەواشەو چەمکەکانی، خەڵك بێئاگابوون لەجەوهەرو کرۆکی شۆڕش‌و ئێمەش هەر ئەوەندەمان فێرکردنئەمەکدارین‌و بەخوێنی قوربەسەرو داماوەکان هەڵمان خەڵەتاندن‌و ئەو خەباتەی لەناوەڕۆکدا بۆ دەستەلاّت‌و تێرکردنی حەزی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی‌بوو بەپیرۆز تەماشا بکرێ‌و سەری رێزی بۆ نەوی بکرێ..

خودی تاکەکان ئەلف‌وبێیان نەدەزانی لەکاروپیشەی ئێمەو بەتەنیا لەچەك‌و تەقەو رژێم‌و کوشتارو شەڕو هەراو تۆپباران وردەبوونەوە..!! ئێمە لەشاخ مەملەکەتێکمان پێکهێناو لەپاڵ مەملەکەتی شاردا هاوسەنگ‌وهاوتابووین..سەردارانی شارو شاخ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو ، هەردوو بۆ خودکوژی دەکۆشان‌و بەجۆرێك لەجۆرەکان ململانێی بەرژەوەندی‌و دەستەلاّتی کورسی بازییاندەکرد..

هەر لەو رۆژانەدا بەرایی جەورو ستەمی ئێمەش لەئاسمانی گوندنشینانەوە سەری هەڵداو بەزەبرو زەنگ فەرمانڕەوا هەموو ویستێکی لەسنووری خۆیدا بۆ چوەسەرو باجەکەشی لەگیانی گوندنشین‌و رۆڵەی بەئەمەکی گەل درا..

ماڵەکان ماڵی فەرمانڕواو کاسەلێسەکانی‌بوو، گوندەکان قەلاّو سەنگەرو سەرەتای ژینی خۆشنوودی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی بوو،

گوندنشین بۆ خزمەت خولقێنرابوو ، گوندنشین مرۆڤ نەبوو تاڕاو بۆچـوونی وەربگیرێـت ، ئـەقڵی کامـڵو تـەواوی فـەرمانڕەوا بڕیـاری چـاكو خـراپو گونجاوو شیاوی دابوو..

گوندنشینان بۆیان نەبوو ژینـی تایبـەتیان هـەبێتو بـیر لـەداهاتوویان بکەنـەوە بـەدەر لـەبیری فـەرمانڕەوا ، هەرسـاتێکیش فـەرمانڕەوا بڕیـاری بدایـە جـەنگ هەڵبگیرسـێت ئاسمـانی گونـد تاریکـدەبوو کوشـتارو بـڕین دەباری بەسەریانداو یەکەیەکەی ئەو گوندانە دەبوون بەسـووتووی شـەڕی بێمەبەسـتو خودکـوژی یـاخود جـەنگی بێمەبەسـت لـەژێر ناونیـشانی گەورەو قەبەداو گیانی شۆڕشگێڕیو خـەباتو گیانفیـدایی بەبـەرا دەکـرا ، وەلێ ئـەو جەنگانـەش لەناوەڕۆکـدا بێمەبەسـتو ئـەنجامبوونو مـرۆڤ سوتوویانبوو، ماڵ وێرانیو دنیا شێوانیان بەدوادا دەهاتو گرژیو ئـاڵۆزی هەموو لایەکی دەگرتەوە ..

ئەو رۆژانە بۆمن رۆژی بالاّو خۆسەپاندنبوو، رۆژێك نەبوو تێیدا رابمێنم بەدیار کردارو رەفتاری خۆمو فەرمانڕەوامـەوە ، دەبـوو لـەو رۆژەدا ئێمـە لەدایك ببینو دروست بـبین، لەسـەر هـەر جەسـتەو گیانێـك بێـت ، دەبـوو سیستمێکی هاوچەشـنی شـار دروسـت بکـەین بـەلاّم ئێمـە بەهانـەو هـۆی تایبەتمان بەدەستەوەبوو " نیشتمان پەروەریی ، نەتەوایەتی ، شۆڕش دژ بەبێگانـەو ئەجنـدەکانی ، ولاّتپـارێزی و دەیـان هـۆیتر زیتـەی چـاویان دەهات بۆئەوەی بیخەینە روو لەئاسمانی بۆشو بـەتالاّو خـودی پـێ فریـو بدەین..

گوندنشینی داماو چەند ئەگەرێکی نەبوو جگە لەرازیبوون یان هەڵهاتن نەبێت ..

ناسۆریو نەهامەتی رێچکەیان بەستبوو دەبارین بەسـەر گوندنـشینداو وێـڕای فـشاری شـار فـشاری گونـدیش پەیـدابووبوو ، ئـەوان کەقەلاّیـەکی تۆکمەو بەهێزبوون بەلاّم لەدیدی فەرمانڕەوادا لادێییەکی سووكو کەم نرخ بوون ، بەدەم بۆهەڵنانی رۆڵی بالاّو گەورەی دەخرایـە ڕوو ، وەلێ لـەکاتی

مامەڵـەدا زۆرجـار لەسیـستمەکەی شـار پترمـان پێـدەکردن ، لەبیرمـە جارێکیان گوندنشینێکی قوڕبەسەر هاتبوو سکاڵا بکات لای فـەرمانڕەوا دژ بە بەرپرسێك چۆن بەزۆر خۆیو پۆلە شۆڕشگێڕێك فەزاحەتیان پێکـردوەو چەن ئاژەڵو باڵندەیـەکیان پێـسەربڕیوەو دواتـریش تـەماعیان کردوەتـە شـەرەفی ..!بـەلاّم نەئێمـەی کاسـەلێس هێـشتمان فـەرمانڕەوا ببینێـت نەفـەرمانڕەواش بـە دەنـگو هـاواری ئـەو دامـاوەوە هـات کەلەبـەردەرکو دیوانیدا هاوارو ناڕەزایی دەردەبڕی..!

سکاڵای ئەو گوندنشینە ئەوەندە بەکوڵبوو ئێمـەی بێهەسـتو نەسـت باکمـان نـەبوو لێـیو دڵمردووبـووینو کـاری لێنـەکردین ، دوای سـاڵانێکی دووردرێژ ئەوجا دەزانم چ نزایەکبوو ، چ حاڵو بارێکیش جـۆش داربـوو ، فرمێـسکە گەشـەکانیو دەنگـە نووسـاوەکەی بـەردیان دەکـرد بـەئاوو جەرگیان دەبڕی، ستەمو زوڵمی لێکرابوو ، بۆیە ئاوا بەپەرۆشەوە هـاتبوە بـەردەرکمانو دەیویـست نـاڕەزایی دەربـبڕێـت لـەو گەلەگورگـەی بـەناوی شۆڕشـەوە بـەربووبوون لـەحاڵو مـاڵیو کـەوتبوون بەسـەریاو هـەناویان هەڵتەکاندبوو ، ناچاربوو دەیزانی کەس نییە گوێ بیستی بێـتو لەوپـەڕی تووڕەییدا هاواریدەکرد:

ـ خوامەرگ ..خوامەرگ..!

ئێمـەی کاسەلێـسیش بـەجنێوو قـسەی ناشـیرینو خـوڕین بەسـەریا دورمان خستەوەو تاراندمان..!

رۆژانە سەدان چیرۆکیخەم ئامێزو مەینەتدار لەدایکدەبوون ، شۆڕشێك کەبەباوكو دایكو پەناگەی گـەل دادەنـرا خـۆرەی نـەفسو خودەکـانبوو ، رەوشـــی شـــۆڕش لـــەدژی گـــەلو خـــەڵکیو رۆڵـــەکانیانبوو ، بەتـــەنیا بۆبەرژەوەنـدی فـەمانڕەواو ئێمـەی کاسـەلێس پەناگـەو پاسـێری هـێمن ئـامێزبوو ، بـۆ خـەڵكو شۆڕشـگێڕ درکو خاشـاکبوو ، تـالاّوی دەگەیانـد بەگـەروو هەسـتو نەسـتی جـوانی لەدلاّنـدا دەبـڕیو مرۆڤـی تووشـی بەدبەختیەکی بێدەلاقەو دەروازە دەکرد..

هـەر لەورۆژانـەدابوو فـەرمانڕەوا بـەو ئەجنـدەو هێـزەی لـەدەوریبوو کەوتە وێزەی خودو بەدەستە رەشەکانی یەکـەم هـەوڵی خـود کـوژی نـا ، لـەوێ بناغـەی خودکـوژی رێـژراو شـەڕی خودکـوژی هـەزاران چـیرۆکی خەمناکی بەپارکرد، فـەرمانڕەواکان خۆشـیان لەیـەك نـەدەهاتو هەریـەك بەبیانوو بەهانەیـەك ئێمـەیان لەیـەك بـەردەداو دەریایـەك لـەخوێنیان پـێ دەڕشتین.. !

رۆژانی شاخ رۆژانی رەشو مێژووی خەجاڵەتیبوو ، سـەرەتای گـەیین بەو ئەنجامـەش بـوو کەئـەمڕۆ دوای ئـەو هـەموو سـاڵە پێـی گەیـشتین.. ! لەشاخ خودکوژی لەفەرهەنگی گشت فەرمانڕەوایەکدا کارێکی ئاسایی بوو، هـەر لـەوێش گفتوگـۆو مامەڵـەو سـەوداگەری بەسـەر خـودەوە بووبـوو بەیـەکێك لـەرەفتارە بەرچـاوو درێوەکـانی نـاو شـۆڕش ، لـەوێ فێـری دانیشتنو گرێبەستی جۆراو جۆر بووین ، خۆمان دەسـتەو یەکـەی رەهـای بڕیاربووین ، گـەلو خـەڵکی رەشو رووت بۆیـان نـەبوو لـووت بـژەنن لـەو مەسەلانەو رای خۆیان دەرببڕن لەکاتی وەبەرهاتنی ئەو بوارانەداو بەتەنیا فـەرمانڕەوا بڕیـاری دەداو خـودی دامـاویش دەبـوو گوێڕایـەڵی هـەوەسو ئارەزوو خواستی ئەوبێت ، زۆرجار ئەندامە نزیکەکانی فەرمانڕەواش بۆیان نـەبوو هـیچ بڵـێن ، بـڕار بڕیـاری ئـەوبوو، کـام رووداویـش وەبەربهاتایـە لەوبڕیارانەوە هـەرگیز فـەرمانڕەوا نەدەچـوە ژێـریو باکینـەبوو ..رۆژێـك لەرۆژان ژینی ئەو رووبەرووی مەترسی نەبوەوە، رۆژێك نەمبینی دادگایـەك توهمـەتو تـاوانی ئـەو هـەموو سـاڵەی بخاتـە ئەسـتۆو بـەگیری بهێنێـت، لەوساتەوەختەشـەوە بۆمدەرکـەوت ژیـانی فـەرمانڕەوا رەهایـەو نەئێمـەی کاسەلێسو نەهیچ دەزگایەك ناتوانێت سنووری بۆ دابنێین..

سـالآنی شـاخ جموجـوولۆ هاتووچـۆو رووداوی زۆری لـەخۆگرتبوو ، لەگـەڵ هـەنگاوەکانی فـەرمانڕەوادا دەگـەڕامو قـەڵغانی سـەری بـووم ، لەدەرکی ئەم ولاتو ئەو ولاتمان دەداو جەردە پارەی مۆڵمـان وەردەگـرت ، خزمـەتێکی بێپایـان دەکـراینو ژینێکـی خۆشـنوودو یـەکجار خۆشمـان

هەبوو ، لەمیوانخانە تایبەتەکان دادەبەزینو شەووڕۆژمان سوورو ئاڵو والآبوو ، بەتەنیا فەرمانڕەوامان کاتێ بەجێدەهێشت کەدەچوە ژووری نووستن بەیاوەری کیژە هەڵبژاردەو نەرمو نۆڵو سپیو سۆڵەکان ، لەبەردەرکیدا دەوەستاینو بەنۆرە شەومان لەبەر ئەو دەرگایە رۆژ دەکردەوەو بەحەیرانی فەرمانڕەوایەك دەبووین کەژینی بەوچەشنە زیندوو بکاتەوەو گوێنەدات بەگرێو کۆسپەکانی ژینی کۆمەڵگەی رۆژهەلاتی..

ئێمەی کاسەلێسیش پریشکێك لەو نازو نیعمەتەمان بەردەکەوتو خزمەتی تایبەت دەکراینو کەرەمی فەرمانڕەوا دەیگرتینەوەو لەبیری نەدەکردین ..

شۆڕشگێڕی داماویش لەشاخ سنگی دەنا بەبەر گوللەوەو هەزاران مەترسی رووی تێدەکردو لەهەر کوێبوایە مەرگ بەسەرسەریەوە ئامادەبوو ، ئەمەشمان بەجۆرێك لەدابەشکردنی ئەرکو چارەنووس دەخەملآندو لەباسی ئەو دووجۆرە ژینەدا دەبووین بە زاناو دانایەکی ئاینیو لەسۆنگەی ئەقڵەوە مەزەنەمان دەکرد..!

خود لەشاخو گوند پیلانی لەدژگێڕدراو لەشار دوایین هەناسەو بزاوتی لەبەر بڕا ، چەندین ساڵ ئێمە بەناو لەشاخ دەجەنگاینو دژ بە دەستەلآتێکی تۆتالیتەریزم بووین ، بەلآم کاتێ بوارمان بۆ رەخسا دەستەلآتی بۆگەنی شار دەرفەتی پێداین بەهەڵەداوان چووین بەرەوپیریو گفتوگۆو دانوستانێکمانکرد گشت رێکخستنەکانی شارو شارۆچکەکانمان ئاشکراکردو دەیان لاوو خێزان بەبڕیارێك تیاچوون ..فەرمانڕەواش هیچ خەمی نەبوو ، بۆیە ئەورۆژە خود تیاچوو کەشاخو جموجووڵو هەرای تیا دروستبوو..

هەر فەمانڕەوابوو لەگەڵ دەیان ولآت کلکی گرێداو ئەجندەی گەیاندە پێچو حەشارگەو گوندەکانو لەئاکامیشدا کیمیابارانو قەسابخانەی وەك هۆلۆکۆس بەرپابوو..

دواتـر هـەموو هـەڵهاتین‌و بەهـەزاران لاوی خوێنگـەرم لەسـەربازگەی کۆمـەڵ کوژەکانـدا تیـابران‌و گونـدی قـەڵاو شـورایی پـشت‌و سـەنگەر خاپورکرایەوەو پێکهاتەی کۆمەڵگەش لەبەریەك هەڵوەشا ..

لەورۆژانەدا ژیان لەگوندو شارو سەرتاپای وڵات هەڵگیرابوو ، رژێمێکـی سەربازی تیرۆریزم توونی مەرگی داخستبوو بۆسەرجەم گـەل‌و رۆڵـەکانی‌و کەسی بەدەرنەدەکردو بڕیاری کوشتنی مەعنەوی خودی دابوو بەر لـەوەی بڕیاری تیابردنی جەستەو گیانی بدات..

ئەوکاتە حاڵیبووم فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی تاکە گرۆهو تاقمن لـەم جـەنگو بـارە ناهـەموارەدا بێزیـان دەرچـوون‌و وێـڕای ئـەوەی هۆکـاری سەرەکی خـاپوورکردنی هـەزاران گونـدو مـەرگی هـەزاران هـەزاران رۆڵـەی خوێنگــەرم لەئەســتۆی ئەوانداپــەو کارەســاتەکان رووبــەرووی ئــەوان دەبێتەوە..

کـاتێ زانیمـان بارەکـە لەبەرژەوەنـدیمان نـاڕوات بـەرێوە هـەڵهاتین ، خەڵکـە رەش‌و رووتەکـەشمان بەجێهێـشت ، پێـشتریش فریومـان دەدان بەوەی تادوا تنۆکی خوێن بەیەکەوە دەبـین‌و دەسـتبەرداری یـەك نـابین ، فەرمانڕەوا نەیدەتوانی ژینێکی زبرو رەق بکێشێ‌و دوور لـەنازو نیعمـەت ، بەدرێژایی ساڵانی شـاخ وەك گەشـتیارێك لەهاوینەهـەوارێك ژینـی دەبـردە سەرو هەموو پێداویستیەکانی بۆدابینکرابوو ، خواردن‌و خواردنەوە جێگەو شوێنی پادشاو میرە رۆچـوەکانی نـازو نیعمـەت ، کـاتێکیش بۆچـەن رۆژو هەفتەیەك مەترسی یەخەی پێگرت هەڵهات‌و دیسان شـوێنەوارێکی خراپـی لەشوێنەوارە نالەبارەکەی شۆڕشی پێشوو بەجێهێشت‌و یەکەی کۆمەڵگەی لەبەریەك هەڵوەشان‌و گوندو شاری کـرد بەیـەك‌و دوو دنیـای جیـاوازی بـۆ هــەتا هــەتا تێکــەڵ بەیــەککرد ، ولاّتــانی هاوپــەیمان ئامــادەبوون بــۆ گواســتنەوەمان‌و بەجێهێـشتنی ئـەو خەڵکـە بـەدەم کارەسـاتە مـەرگ ئامێزەکانی رۆژانی داهاتووەوە..

چارەنووسی خـەڵکمان بەجێهێشت لەبـەردەم پۆسـتاڵی ئەجنـدەکانی شەڕو خۆشمان هەڵهاتین‌و بەهـەزاران کیلۆمـەتر لەناوچـە مەترسـیدارەکان دوور دوور کەوتینەوە..

ئـەو ڕۆژانـە بۆیەکـەمجار جـۆرە هەسـتێکم بـۆ دروسـتبووبوو ،خـەوو پشوودانی لێتێکدەدام‌و تاچەند مانگێك لەولاتێکی هـێمن‌و لـەژێر پـەردەی نـازو نیعمەتـدا هـەناوجار سـەری دەردەهێنـاو لـێم دوور نەدەکەوتـەوە ، دیمەنی چەوسانەوەی خەڵك‌و تێکدانی لانـەو ماڵـەکانیان‌و سـووتانی زێـدو خاکی باوباپیرانیان ، یان دیمەنی ئەو ژنە ڕەش پۆشانەی ڕۆڵەیان بووبـوو بەفیدای شۆڕشێکی دۆڕاوو هەوەسـی فـەرمانڕەوا..یـاخود ئـەو نیگایانـەی ترسـیان تیـا حەشـار درابـوو بـەدەم ئەوحاڵـەوە دەگریـان‌و هـەنگاویان هەڵدەگرت ڕووبە چارەنووسێکی نادیارو ون..

دیمەنەیـەك لـەدوای یەکـەکانی مـەرگ‌و لێقـەومان تاماوەیـەك ڕوحـی سووتاندم‌و بۆیەکەمجار هەستم بـەتاوانباری خـۆمکردو رامـام لەوسـالانەی بەشاخەوە بووم‌و بـەدوای فـەرمانڕەواوە پیـشەم کاسەلێسی‌و پارێزگـاری لەسیستمێکی دۆڕاوی خۆفرۆش‌و بێبەرنامەبوو ، بەلام هەرزوو ئەو حاڵـەم لەبیرچویەوەو کەوتم بەسـەر نـازو نیعمەتـداو ژینێکـی خۆشـنودو کامـەران لەپاڵ فەرمانڕەوای بالاو مەزندا..

لـەدوای رووداوە جـەرگ برِەکـانو وێرانبـوونی سـەرجەم گونـدەکانو زاڵبوونی چەکمەبۆرەکان بەسەر دەستەلاَتداو پاوانکردنی ولاَت لەئۆردوگاو شـاری خنکـاودا ئێمـە لەهەنـدەران گیرسـاینەوەو بوونمـان نـەما لەسـەر گۆرەپانەکـــەو گـــەلی دامـــاو بووبـــە قوربـــانی ئـــەو شۆرِشـــە دۆراوەی لەبۆشاییەکی بەتاڵدا دروستبوو... ئەو شۆرِشەی بۆ پشکێ لەدەستەلاَتو خۆشنوودی ولاَتی کرد بەخەراباتو هەزارانی بەکوشتداو مەرگەساتێکی بێوێنەی هێنایە ئاراوە...! ئەو هەموو حیزبە بەیەکجار هەڵهاتنو هەریـەك خۆیهاویـشتە باوەشـی ولاَتو لایـەنێك ، لـەولاَتانی دراوسـێوە هـەتا هێـزە ئیمپریالیزمیەکانو مرۆڤ دۆستەکان لانکەبوو بۆ هەموومانو تـەواو کارمـان لێبوبوەوەو دێوەخوێنرێژەکەش چەکمەی ستەمی زاڵبوو بەسـەر خـاکێکی سـوتماککراودا..بێخـەم بـوویـن لـەو رووداوانـەی لـەولاَت روویانـدەداو دەرئـەنجامی شۆرِشـێکی دۆراو خـستبوویانەوە، هـیچ کـات بیرمـان لـەوە نەدەکردەوەو بەتەنیا بۆ خودی خۆمان دەکۆشاییـنو لەهەولاَبووین...

لەهەندەران بەرِێزەوە دەژیـاینو هەریـەك بـەئیشو کارێکـەوە خـەریك بووینو شەوانەش لەدیسکۆو بارِەکان تابـەیانی لـەژێر کـەشو بـارێکی پـرِ رابواردنـدا ژینمـان دەبردەسـەر..ئەوەشـی لێـی بێـزارو نیگـەران بـووین هەرچەن دەکۆشاین حاڵمان وەك نیشتمانی خۆمان نەدەبوو ، لـەوێ ئێمـە رووتو قـووت تەماشـا دەکـراین ، فـەرمانرِەواش بێرێـزو سـووکبوو ، لای خۆمان خودەکان بەدەورو خولیا دەهاتنو سەگی بەرقاپیو چڵکاو خـۆری بەردەرگیبوون، لەهەندەران رووت رووت هەر خۆیبوو، ئومێـدی ئەوەشـی

نـەمابوو جـارێکی دی چـاوی هـەرگیز بەنیـشتمان بکەوێتـەوە ، هەنـدێك لەگچکە فـەرمانڕەواکان لـەبارەکان ئیـشیان دەکـردو هەشـیانبوو لەکارگـە یاخود شـارەوانیو خەڵوەتگـەی پـیری یـا قـاپو جـلو بـەرگ شـۆربوونو رۆژانیـــان بەرێـــدەکردو ئـــاهو ئەفـــسووسیان دەخـــوارد بـــۆ رۆژانـــی فەرمانڕەواییو دەستەڵاتی رەها...

هەنـدەران وڵاتـی یاسـابوو ، وڵاتـی رێـزی مـرۆڤو پێـدانی مـافیرەواو یەکسانیبوو، ئـەویٚ بـەدوربوو لەگشت ناعەدالەتیـەكو نموونـەی بـەرزبوو لەرووی خزمەتکردن بەخودەکانو بەرێز راگرتنی یاساو سەروەری مرۆڤ...

فــەرمانڕەواکان لــەویٚ دڵکرمــیٚو بێزاربــوونو ئــەوان فێــری قوربــان قوربــانو نۆکــەرتمو خزمــەتکاری بــەرقاپیتم بووبــوون..ئــەوان بۆسـاتێك دەژیان خەڵکی نۆکەریو پێشخزمەتی خۆیان بنـوێنو بەملکەچیەوە بێنـە بەر دەرکیانو لێیان بپاڕێنەوە ..

هەندەران وڵاتی ژیاری مرۆڤ دۆستبوو نـەك مرۆڤـی ئاغـاو خزمـەتکار ، هەنـدەران بۆئـەوان باڵێنـەی بەنـدیو قەفـەزی کونبڕبـوو ، نەیانـدەتوانی خـودە نەخۆشـەکەیان تێـر تێـر بکـەنو خـاڵیو بـەتاڵی بکەنـەوە، خـودی هەندەران رەهاو قوتاربوو لەکۆتو بەندەکانی کۆیلایـەتی بـۆ فـەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی چـونکە هەرلـەوڵاتی رۆژهەلاٚتناسـی فـەرمانڕەوا پـەرسـتی هەبوو ..

فەرمانڕەوا لای ئێمـە هـەموو شـتێکبوو ، بـەناخی گـەورەو بـچووکمانا رۆدەچوو ، خەونو خەیاڵ وابەستەی دەکـراو هـەزار جـار خـۆڵی بـەرپیٚو تفی نێو دەمیان دەخواردەوە، فەرمانڕەواپەرستی یەکەمو دوایین ئەلقـەی مەنگو نەپساوی خودەکانبوو ..فەرمانڕەوا باوكو براو کەسوکارو جێگەی هەمووشتێکی پیرۆزی دەگرتەوە ..

فەرمانڕەوا هەر خۆی خاوەن وڵاتو کەشو ئاوی ژیـانبوو ، خودەکـان ملکەچ ملکەچ ریز ریز بەرێزمەیەکدا دەوەستانو فەرمانڕەواش لەدەلاقـەی پـــیرۆزەوە دەســـتی بـــۆ بـــەرزدەکردەوەو بەچـــاوێکی تیـــژەوە لێـــان

مۆڕدەبوویـــەوەو خەشـــمو قینـــی دەروونـــی نەخۆشـــی دەڕشـــت بەسـەریاندا..ئـەوانیش خواوڕاسـان هـەر بۆکاسەلێـسیو چـەپڵەکوتانو تۆکەری بەبار هاتبوون..لەوشارەدا کەبە رەمـزی بـەرگری ناسـرابوو دوای رەوانـەوەی جموجـوولّی حیزبـەکان بەتـەنیا بـۆ سیـستمی گەنـدەڵ بـەبار هاتبوون، لەگەڵ ئاهەنگو بۆنەکاندا بەبەژنو بالآی ئاغاکانـدا هەڵیانـدەداو رۆژو شـەویان لـەدەرکی مەگـەزە بـچووکەکانو رەزامەنـدییان دەبـردە سەر...هەر ئەوشـارەی چـەپڵەیان دەکوتـاو بەسـاقەی سـەری شۆڕشـگێڕ دەبوون لەرۆژی پارێزگادا بەژنو منالّو لاوو پیرەوە دەڕژانە سەر شەقامو لەبەردەم مونەزەمەو فەرمانڕەواکاندا هـەڵیان دەخـستەوەو کیـژانو ژنـان سینەو مەمەوسمتیان بۆ نمایش دەکردنو شار بەیەکجار دیمـەنی دەگـۆڕاو دەبوو بەشاری زەماوەنـدو شـاییو هەڵپـەڕکێو ئاهـەنگگێڕان..!هـەر ئـەو خودانـــەبوون دەهاتنـــە شـــاخ یـــان لـــەکاتی گفتوگـــۆدا ملکەچـــیان بـــۆ فەرمانڕەوای شاخ دەنواندو پاش هەڵهاتنو توانەوەی وەك بەفری بەهار بۆ فـــەرمانڕەوای شـــارو خێڵەکیـــە نەخوێنـــدەوارە پێپەتیـــەکان بەســـتەی بەندایەتیو ملکەچییان دەهۆنیەوە ، گەر دیمەنی شارت لەو رۆژەدا بدیایە سەرت سوڕدەماو دەتـوت نـەکیمیابارانو نەرەشـبکوژو نەدەسـتگرکردنو نەخاپووری بەسـەرا هـاتووە...؟!ورشـەی جـلو بـەرگی سـورمەو رەنگـی سوورو زەردو سـپیو شـینی بەیـەکا هەڵچووو جلوبـەرگو عـەزیزی سـەر ئەژنۆو کوڵـەباڵو فـەرەنجیو دەسـتماڵو سەروبەسـت هـەمووی لەوپـەڕی شـارەوە هـەتا ئەمپـەڕی درێـژ دەبوویـەوەو جموجـوولّی ئاسـایی لەشـار دەبـــڕی، شـــار لەشـــاری تـــەعزێباروورەش پۆشـــی نـــەدەکرد ، شـــەقام بۆیەکرابوو، ئەسپو عارەبانەو گالیسکە دێرینـە فۆلکلۆرییـەکانو خـەڵکی فەرمانگەو پیشەدارو هەرزەکارو چین چـین بـەنێو یـەکا تێکـەڵ بووبـوونو کەرنەڤالّی شادمانی بوو بەهاتنی سەرۆك بـۆ پارێزگـا لـەرۆژێکی وەك ئـەو رۆژەدا ...!!

خودەكـان ئەمەكـدارییان پـەیتا پـەتا دەنوانـدو نـەدیاردەی شـۆڕش‌و نەكۆسـتی میللـەت كـەوتن بەشـارەوە دایارنـەبوو ، بـەدەر لەدیمـەنی قەڵەبالغی‌و كێبـەركێ‌و تێكچران‌و ئـاپۆڕە بەسـتن‌و مۆڵبوونـەوەی خـەڵك لەشاردا نەبێت كەدیاردەیـەكی بەرچاوبوو هەسـتی پێـدەكراو لادێ‌و شـار یەكیان گرتبوو دیاردەیەكی دییان پێكهێنابوو نەشاربوو نە لادێ...!!

هەواڵـەكان پـەیتا پـەیتا دەگییـە فـەرمانڕەوا لەهەنـدەران‌و لـەداخا مۆڕدەبوویەوەو خەشمی لەسینەدا پەنگ دەكرد بۆ ڕۆژێك بەخودی بێباری بڕێـژێت چـونكە دەرەنجـامی شۆڕشـە دۆڕاوو هـەڵهاتوو ماڵوێرانكەرەكـەی بەكەمدەزانی...!

لەودەمەدا حاڵی حیزبەكان‌و فەمانڕەواكانیان تەواوبووبوو...گەڕانـەوە مەحاڵبوو ، پۆلە شۆڕشگێڕو فەرمانڕەوای واهـەبوو دەگەڕانـەوەو دەبـوون بەجاش‌و نۆكەری گچكەی ئـەمن‌و دەزگـا داپڵۆسـێنەرەكانی شـار...دواتـر بەچڵكاوخۆریش وەرنەدەگیران‌و دەبوو چالاكییەكی گەورە بنـوێنن ئـەوجا بەسـیخوڕو سـەربەدەزگا خـود كوژەكـان قبـوڵ دەكـران ، وەك فڕانـدنی ئەنـدامی بـالآی حیزبـەكان ئەوانـەی تاوانبـاربوون لای سیـستمی شـارو لەمێژبوو بۆ دەستگیركردن‌و پاكتاویان دەكۆشان...

فـەرمانڕەواش دڵنیـا نـەبوو لەچارەنووسـی خـۆی ئـەگینا ئـەویش دەگەڕایەوە ژێرباری سیستمی داپڵۆسێنەرو لمۆز خوێنـاوی وڵات...دنیـای وڵات‌و شـارەكان بـەزەبرو زەنـگ‌و داپڵۆسـین مـەنگ كرابـوون‌و دەنگـی نـاڕەزایی‌و ڕەخنـەو نكـوولی نـەمابوو ، شـارەكان یـەك بەیـەك‌و خودەكـان دانەدانە لەقاڵب درابوون‌و دواییی بەهەموو نكوولی‌و نارەزاییەك هێنرابوو...

ئەورۆژانەش ئێمە دەستمان لەوڵات‌و خاك‌و دەستەڵات‌و هـەموو شـتێك بـەردابوو ، بەخـەویش نـەدەهات بەبیرمانـدا جـارێكی دی بگەڕێینـەوە بـۆ وڵات‌و فەرمانڕەواو كاربەدەست بین‌و بكەوین بەسەر نازو نیعمەت‌و گەنجی وڵاتدا ، لەوپەڕی بێئاگاییدا ڕۆچوبووین‌و لەناكاو هـەواڵمان بیـست تـەختی فیرعـــەون‌و گـــەنجی قـــاروون چـــاوەڕێمانەو خـــودە قورمیـــشدارەكان

چاوەڕێن قورمیشیان بکەین‌و بیانخەینە جووڵەو بزاوت ، لەخەوێکی قووڵ‌و فەوتانێکی هەتا هەتاییدا زیندوبووینـەوەو وەك جـاران بـەدەم هاراشـەکان دنیای خودمان خرۆشاند ، دوای ئەوەی خودەکان دام‌و دەزگاکانی ڕژێمـی تۆتالیتەریزمیان لەناوبردو دام‌و دەزگا رزیوەکانی کەوتنە بەردەم شـالاوی لـەت‌و پـەتکران‌و کەللەسـەرو جەسـتەکانیان بـوون بەمایـەی سـووکایەتی پێکردنـــی لاوو گـــەنج‌و هـــەرزەکاران‌و دەزگاکـــانیش ســـووتێنران‌و تـالأنکران... ! هـەر لـەو سـاتانەدا پۆخڵـەواتی ڕژێمـی بۆگـەن دەرکـەوت‌و دەرپـیێ‌و ژێرکـراس‌و کراسـی ژنـان‌و دەسمـاڵ لەکـەمپێکی داپڵۆسـێنەردا هەڵڕژا ، ئەوە دەخوێنرایەوە خاوەنەکانی بەرووت‌و قـووتی بەکێـشکراون‌و هەموو جۆرە دەستدرێژییەکیان لێکرابێت...هـەتککردنی شـەرەف‌و ڕژانـی ئـابروو ملکـەچ‌و چەوسـانەوە ...خودەکـان وروژان‌و پـتر گـڕی تۆڵـەو تورەبـوون تـاوی سـەندو گـەردەلولێکی ئـاگرینی هەسـتان‌و دەزگـا داپڵۆسـێنەرو سـەر بەرژێمـە رزیوەکـەی پێـشووی گرتـەوە، تـا دەهـات گەردەلوولەکـە بـەهێزو بـەهێزتر دەبـوو لەماوەیـەکی کەمـدا خـەم‌و قینـی جـەماوەری شـارو شارۆچـکەکانی لـەو ڕژێمـە رزیـوە پـاککردەوەو زەمینەیەکی لەبارو شیاو هاتە ئارا بۆ لەدایکبوون‌و سـەرهەڵدانی جـۆرێکی دی لەگەندەڵی‌و خودکوژی... ئـەو جـەماوەرەی شۆڕشـیان هەڵگیرسـاندو بەربوون لەگیانی سیستمی رابردوو نەیاندەزانی سبەینێ چارەنوسیان بـەم بارە دەگات‌و وڵات‌و خود بە جۆرێکی ئاوەها دواییان دێت...ئـەوان لـەژێر زەبـرو زەنـگ‌و جـەوری سـتەمێکی چـەند سـاڵەدا پـشتیان شـکابوو " لەنـەبوونی ئـازادی بەهـەموو جۆریەکیـەوە تاسـابوون‌و بـۆ دەرفـەتێك دەگـەڕان شـەوو رۆژێکـی بـەدەر لەشـەوو رۆژی ئەوسـالأنەی تیـا دابێـت...چـوزانن دەسـتەیەك لەفـەرمانڕەوا لەدایکـدەبن وڵات‌و خـود بـەم دەردو چارەنووسە دەبەن‌و دیسان مەینەت‌و مەرارەت لەبەرگ‌و شێوازێکی نوێدا سەردەگرێت‌و دادەبارێت بەسەریاندا " ماڵەو مـاڵ‌و دوکانـەو دوکـان‌و شارەو شار ئـەم پۆخڵەواتـە دەڕوات‌و بوارێـك ناهێڵێتـەوە بـۆ چاکسازی‌و

داهـاتنی سـەردەمو چـەرخێکی فـەرمانڕەوایی نـوێ..ئـەوان بێئاگـابوون خۆیان دەبن بەهۆی سەرقامگیرکردنی فـەرمانڕەواو کاسەلێسەکانیو ئـەو گەندەڵیو پۆخڵەواتەش شەوو رۆژ دەبارێت بەسەریانداو لـەدەرکی مـاڵانو دەزگاو کۆمەڵدەداتو مانـا جوانـەکانی ژیـان لـەناو دەبـاتو خـود بـەرەو تیاچوونێکی یەکجاری دەبات...! یاخود کۆمەڵ پرزۆڵ پـرزۆڵو هـەلا هـەلا دەکات ... ئومێدو ئاواتە ناسكو جوانەکان زیندەبەچاڵ دەکـاتو ولاتێکـی دۆگماو تۆپیوی خود بەستەڵەك پێکدەهێنێت..!

لەشەوورۆژێکدا سیستمێك مردو سیستمێکی نوێ لەدایکبوو ، ژینێکـی تـاڵو پڕناسـۆری دوایـی هـاتو ژینێکـی تـازە وەبـەرهات...فـەرمانڕەوا لەپـــەراوێزەوە هاتـــەوە ســـەر شـــانۆی رووداوەکـــانو لـــەدۆڕاوەوە بـــوو بەســـەرکەوتوو ســـەرکردەو شـــکۆمەندی راپـــەڕینو خـــودە تـــووڕەو هەڵچوەکان...

شۆڕشو خەباتی رابردوو بەدوای راپەڕیندا گرێدراو داستانە خودکـوژو ساڵە وشكو رەشەکانی لادێو گوندەکان نووسێنران بەداهاتووەوەو جۆرێك لەمێـژووی نـوێی پێکهێنـا...مێژوویـەك حیـزب بـۆ خـۆی بنوسـێتەوەو پیاهەڵدانێکیش بەبەژنو بالأی خۆدا هەڵبدرێ...!!

رۆژانی شاخو کێوییبوون لەکاتی سەربوردی خەباتدا بۆ دروستکردنی رایەڵـەو بناغەیـەکو توانـدنو ئازایـەتی دەخرایـە روو...رابـردوو بـوو بـەهۆکارێك بـۆ پێـدانی مـافی گەنـدەڵیو خودکـوژیو فـەرمانڕەواییو دیکتاتۆریەتو ولأت وێرانکردن بۆ هەتا هەتا...

فەرمانڕەواو بەردەستەکانی دەیانزانی لەگەڵ کام کەشو نێوەندا ژیـن دەبەنەسەر بۆیـە ئـەو ناسـینە یارمەتیـدان خودەکـان بـەباربهێننو زاڵـبن بەســـەریانداو شەڕەکەڵەشـــێرو دەنـــووك بەیەکـــدادانو دەمەدەمـــەیان لەبەرژەوەندی حیزبو فەرمانڕەواکەی پێ هەڵبگرسێنن...!

هەر لەورۆژانەدا مێژووی شۆڕشی شکستخواردووی رابردوو لەبەرگی نوێدا نمایشدەکراو لەچەرخێکی نوێدا بەهەمان نەفسی رابردووەوە مامەڵە دەکراو دەبرایە سەر...!

فەرمانڕەواو کەڵەپیاوی بەرانبەری ئاسمانی گەلیان تەنیو راپەرین بوو بەدروشمو جووڵانی سۆزو هەستی کاتی...خودەکان بەدەم گۆرانیو سروودەوە هەڵدەپەرینو هەڵیاندەخستەوەو رۆژێکی نوێیان لەپاڵ رابردووی هەڵپەرینو هەڵخستنەوە بۆ رژێمی رابردوودا تۆماردەکرد...

فەرمانڕەوا کەیفو خۆشی دەهات بەو خودە دەستەمۆو کەس نەناسانە " ئەو خودەی لەباربوو بۆ هەموو بەزمو هەراو کاسەلێسییەك کەمترین ئاستی هۆشیاری نەبوو لەبەردەم رووداوەکانو گوزەرانو کەسایەتیەکانی رۆژو سەردەمی..

بەتەنینەوەی راپەرین فەرمانڕەوا لەسەر کورسی دەستەلاّت دانراو خودیش ئەمەکداری نواند بۆ فەرمانڕەوای نوێو رووی سووری لەبەر قاپی رەشو زەرد کرد..

رۆژگارێکی تازە دەستی پێکرد ، شەڕو هەراو بەزم بەردەوامبوو ، جەماوەو ئەو شەڕانەی دەکردو بەدەم ئیزگەو دروشمەکانیەوە روحیان لەدەستدەداو لەخەوێکی سۆزاویدا رۆچوبوون... گرۆبلێسەی شەڕ دنیای ولاّتی گرتەوەو رۆژانە قوربانی دەدراو فەرمانڕەواو حیزبەکەشی بووبوون بە باوكو ساحێبو موڵكداری خودو سامانو داهاتی گیرفانو ولاّت...کەرت کەرتبوونی سیستمی پێشوو لەدایکبوونی فەرمانرەواو حیزبە فرە مەبەستو مەرامەکانی لەخۆگرتبوو...لەو دەمەوە کێویەکان هاتنەوە شارو قەوارەی سیستمێکی کێویی کێشراو شارەکانیان خستە ژێر دەستەلاّتی خۆیانەوەو سەرەتایەك بۆ دابەشبوونی خودو گواستنەوەی شەڕی خودکوژی رابردووی مێژوو بۆ ئایندەو داهاتوو دەستی پێکرد...

هەر فەمانڕەوایەك بەجیا پشکێ لەمیراتی سیستمی گەندەڵیان بەرکەوتو کەفو کوڵی جەماوەرو سۆزو هەستی نەتەوایەتی بەهەلگیرا

لەبەرپاکردنی هاشو هووشو هەراو بەزمو خەریککردنی خودەکان ، هیچ فەرمانڕەوایەك خاوەن بەرنامەو پرۆگرامێك نەبوو بۆ خودو ولأت ، بەرژەوەندی حزبەکان بالأو بەرزتربوو لەهەموو بەرژەوەندییەکی بالأی گەلو جودایییەکی زۆر هەبوو لەنێوان مەرامنامەی هەر حیزبەو واقیعی هەولّو تەقەلایدا...حیزبو فەرمانڕەواکانی بەلاتو لووتی هاتنەوە نێو شارو خاوەنی ئەو دارایییو ماڵو سامانە نەبوون کەلەمرۆدا کەوتوون بەسەریا ، فەرمانڕەواکان چاوبرسییو کاسەلێسەکانیش چڵێسو مشەخۆربوون ، رۆژێکبوو بۆ تالأنیو فەرهوودو کێشمەکێشی دەستکەوتو غەنیمەی سیستمی شکستخواردوو دۆڕاوی رابردوو...ئوتومبیلی فەرمانگەکانو کەلو پەلی نێودەزگاکانو خواردنی عەمبارەکان لەخودی تالأنچی دەستێنرایەوەو بۆ فەرمانڕەواو کاسەلێس دادەنراو مۆڵدەکرا...هەرحیزبە جۆرێك لەدەستەلأتی رەواو دروستی بۆ خۆی دەسەپاندو کۆمەڵ کۆمەڵ چەکدار هەڵیان دەداو دەیاندا بەسەر مالأنی فەرهودچیو مفخۆرداو بەزەبرو زەنگو چاو سوور لێکردنەوە شتو مەکو خۆراکیان لێدەسەندنەوە...

خودەکان بەهۆی مفخۆرییانو ستەمی چەندساڵە لێیان تەواو یاخی بوبوونو بڕوایان بەهیچ بنەماو ئایدیایەك نەمابوو...ریشداروسەرسەریو جێگیرو شێتۆکە مەزهەبی فەرهوودچێتی کەللەوبیری داگیرکردبوونو لەپاڵیاندا حیزبو راگەیاندنە چەواشەکارییەکەی گەرمیان دەکردنو پەمپان دەدانو هەڵیاندەدان بۆ تەلاسابوونو یاخێتی...!!

پەلاماردانی هەموو دەزگایەکو تالأنکردنیو پاشان ئاگر تێبەردانی بەدیا چاوی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانیەوە ...!!

فەرمانڕەواکانو حیزبە برسیو کێویەکانیان بەرپرسی سەرەکی خولقانی ئەو بارەبوونو زۆرجاریش خۆیان دەخستە قاڵبێکی ئەخلاقییەوەو دەبوون بەمۆچیاری دەرو ئەو کارانەیان مەحکوم دەکرد، وەلێ خۆیان بەشێك بوون لەو کارانەو بەدیار چاوی جەماوەرەوە

کێبەرکێیان بوو بۆ دەستکەوتو فەرهوودو پتر دەستکەوتنیماڵو دارایی‌و شتو مەك...

رەفتارو گوتاری فەرمانڕەواو حیزب جوداو واژووی یەکبوون‌و خودەکانیش گاڵتەیان لەو قسەو باس‌و وتانە دەهاتو هەرکات گوێیان لێگرتایە بزەیەك دەهاتە سەر لێوەکانیان‌و بەگاڵتەجاڕییەوەو تەماشای یەك‌و دەوروبەریاندەکرد...

ئەو رۆژانە سەرەتابوو بۆ دارشتنی گەندەڵی‌و دەستپێکی رۆژانێکی رەش‌و داهاتوویەکی لێڵو غوباراوی... خودەکان تینوبوون بۆ فەرمانڕەواو جۆرێك لەدەستەلآتی دیکتاتۆری‌و زەبرو زەنگی خۆمالی...وشەی هاوولآتی‌و گەل بووبە بنێشتەخۆشەی ژێر ددان‌و مامەڵەو بازرگانی‌و دەستبڕین لەژێر ئەو وشە داماوو ستەملێکراوەدا دەکرا!!پڕوپاگەندەکان لەدەوری وشەی هاوولآتی دەسوڕانەوە!!"ئێمە رۆڵەی گەلی ستەملێکراوین... لەمێژە دەچەوسێنرێتەوە...هەستە وارۆژی راپەڕینەو دەمێکە تۆ دیل‌و بەندی ژێر زنجیری پڵ پڵەداری ئاسنینی ... ئەمڕۆ سەرەتای مێژووی تۆ دەست پێدەکات...ئەمڕ رۆژی تۆیە...گەلی باوەڕدارو موسوڵمان لەزووەوە لەژێر سای ستەمی ئەو فاشیزمانەدا دەناڵێنێت"سەدان‌و هەزاران پڕوپاگەندە لەژێر وشەی هاوولآتی‌و هاونیشتمانیی بووندا دەردەبڕا بەگوێی خودداو ئاسمان‌و کەش‌و هەوای ولآت جمەی دەهات پێی ...!!

وتەی فەرمانڕەواو گوتاری حیزب‌و دەزگاکانی راگەیاندن هەمووی هەر بەبەژن‌و بالآی ئەم وشەیەدا هەڵیان دەداو لەناوەڕۆکیشدا رەفتارو دەرئەنجامی کردارەکانیان دژ بەوو پێچەوانەی واقیع بوو...!

خود تەواو گوێ لەمشتو ئەسیری فەرمانڕەواو حزبەکانیانبووبوو... لەهەڵمەتە یەك لەدوای یەکەکان‌و پەلامارە کتوپڕەکاندا خود روحی لەسەر دەست دانابوو...دەزگاکانی راگەیاندنی حزبیش پتر ئالۆزی دەخستەوەو

هەر جارە بەوتارو بلاْوکراوەو جۆرێك چەواشە دەکەوت بەسەر باسو خواسەکانداو هەردەمە ئومێدێکی دەخستەڕوو...

ڕۆژگارێکی تەوتەماویو لێڵ دنیای ولاْتی داپۆشیبوو...ڕۆژگارێك بۆ خود هیچ پەیامێکی نوێی لەخۆنەگرتبوو ...شۆڕشی فەرمانڕەواکانو پەلاماردانی بێ بەرنامەو داهێنانی بارێکیتر کەوا لەچەند لایەنێکی کەمدا جیاوازی هەبوو لەگەڵ فەرمانڕەوای خوێنمژی بالاْدا..

فەرمانڕەواو حیزبەکان بێبەرنامە بوون بۆ ناوچە ئازادکراوەکانو هەر حیزبو فەرمانڕەوایەکیش لەدووی پشکی شێر دەگەڕا بۆ خۆیو کاسەلێسو حیزبەکەی...زێدی وێرانو سوتماککراویش بێنازبوو...هیچ فەرمانڕەوایەك دڵی پێنەدەسووتاو هەریەك خۆی بەخەڵكو دانیشتوانی ولاْتو شوێنو جێگەیەکی دی دەزانی...مامەڵەی فەرمانڕەواو حیزب ڕەوشتێکی یەکجار خراپی خستەوە لەنێو خودەکانداو بێدڵسۆزیو خۆبەخاوەن نەزانی ولاْت بوو بەکراسێکی هاوبەشو فەرمانڕەواو خودەکان لەبەریانکردو پێوەی دەستپێکی قۆناغی نوێییانکرد...!

گەڕانەوەی ئێمە لەهەندەرانو ولاْتانی دەوروبەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بوو کەهەمیشە خودەکان خولقاندبویان بۆ لەدایکبوونی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی...ئەوان کۆیلەو بەردەستییان دەنواندو دەبوونە هۆی لەدایکبوونی سوپایەك لەفەرمانڕەواو کاسەلێسەکانیانو یاریکردن بەچارەنووسو داهاتوییانو تیابردنی ولاْتو شێواندنی ژیان...

خود بەچەپڵەو هەڵپەڕکێ هێنایانو پێشوازییان لێکردن... چەوسانەوەی ڕابردوو فەرمانڕەوای پێشو کارێکی وەهایکردبوو فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی لەفراوانترین دەلاقەی خۆشنودییەوە سەر دەربهێننو لەئاسمانی ولاْتدا بدرەوشێنەوەو قاچیان توند بکەن لەسەر سینەی گەلو ولاْتو بۆ سالاْنێکی نەبڕاوە ببن بەفەرمانڕەوا...

گەڕانـــەوەی فـــەرمانڕەواو کاسەلێـــسەکانی ئـــەمجارە ئـــاوابوونی لەدوانـەبوو، ئـەو ئاوابوونـە کاتیەیـەش زۆری نەخایانـدو سـەقامگیربوون بوونی هەتا هەتایی بەدوایا هات...

فەرمانڕەوا لەدیدو بۆچـوونی خـوددا هـەرگیز ئاوانـەدەبوو، ملکەچـیو کاسەلێـسیش رۆژ بـەرۆژ پانتاییـەکی فراوانـی ئەوژینـە داخـراوەی دەگرتەوە...

تیۆری کاسەلێسی بووبوو بەبەشێك لەژیانو خودەکان بێئـەو هـەڵیان نەدەکردو هەرگیز دەستبەرداری نەدەبوون...لاوەکان چـەکیان بـۆ حیـزب هەڵدەگرتو پیرەکـانیش لـەدووی فەڕاشـیو خزمەتگوزارییـەك دەگـەڕانو ژنانو کیژانیش حاڵیان لەوان باشتر نەبوو...!!

مـن لـەو رۆژەدا تێکۆشـەرو خـەباتگێڕی بەسـامو هەیبـەت بـوومو لای فـەرمانڕەواش کاسەلێـسی ئەمەکـدارو دڵسۆزبووم...!!گـەنجی نـەبڕاوەو دەسـتەلآتی هەمیـشەیم لەچارەنوسـرابوو...!لەکاسەلێـسییەوە بـووم بـە بەرپرسو فەرمانڕەوایـەكو بینـەرانم بەچـەن ژوورێکدا تێدەپـەڕین ئـەوجا دەگەیـشتن پـێم گـەر رازی ببومایـە بەچـاوپێکەوتنو بینینیـان...گاڵتـەم دەهـات بەسـەرجەم پێکهاتـەکانی دنیـاو شـەیتان لـەناخما تـەراتێنی دەکرد...پێم نەنگو شەرم بوو لەرابردووی خۆم وردبیمەوەو دایكو بـاوكو براو خوشکەکانیـشم هـەر زوو رەوانـەی هەنـدەرانکردو نەمدەویـست بیـان بیـنمو یـان رایەڵەیـەکیش بـۆ رابـردووی هـەژارو نـەدارییم...بـۆ خـزمو ناسیاوەکانیشم چەند پرەنسیپێکم دانابوو گەر خوازیاری بیینم بونایەو من تـازە دەسـت لـەملانی شـکۆمەندی بووبـوومو لـەو کـۆتو بەندانـە قوتاربووبوومو بۆ تەنیا سـاتێکیش نەمدەویـست لەگـەڵ ژینـی رابردوومـدا یەك بگرمەوە...

لەو رۆژگارەدا منی کاسەلێسو فەرمانڕەوای بالأم بەتونێلێکی توولانی ئـاوەدانو نـەهێن بـڕو شـەقامە رێیـەکی رۆشـنو بەرچـاوی دەزگاکـانی راگەیاندندا تێدەپەڕین...

لەنێو تونێلـە ئاوەدانەکـەدا ژینـی شـاراوەو پـەنهانمان دەبـردە سـەرو لەشەقامە رێکەشدا ژینی ئاشکرا بەدیارچاوی دەزگاکانی راگەیاندنو دیدی خودە ساویلکەو دۆگماکانەوە...

لەنێو تونێلەکەدا بەهەشـتێکی بـەرینمان پێکهێنـابوو ، مـاڵو دارایـیو گەڕانو رابواردنو پەیوەندی گوماناویمان دەبەستو خودەکانیش بەتـەنیا ئـەو شـەقامە رێیـەیان دەبینـی کـەپاش چـەن سانـسۆرو تاوتوێکردنێـك دەگەییە دەمی ئیزگەو تەلەفزیۆنو رۆژنامەو گۆڤارەکان...

ئێمـەو فـەرمانڕەوا بووبـووین بەکەسـایەتی خـاوەن نەزاکـەتو پـاكو سەدان کەس دەمیان هەڵدەهێنایەوەو پارێزگارییان لێدەکردینو پاساویان بۆ دەهێنایەنەوەو دەچوون بەگژی تاكو تـەرای رەخنـەگرو چـكڵێدەردا... لەژێریـشەوە لـەنێو تونێلەکـەدا هەمووشـتێکمان بڕانـدبوەوە بۆسـاڵانێکی نەبڕاوە لێبڕابووین...

هەر لەوتونێلەدا خودمان دابەشکردبوو بەسەر یەکداو بەرنامەی تەواوو پڕمان هێنابووە بوونو ئاراوە بۆ کوشتنو فەوتانی خودو پاوانکردنی وڵات لەژێرچنگی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانیدا...

پلانـە خودکوژییـەکانی تونێلـەکان بەبێهۆشـکردنو تیـابردنی هەسـتە جوانو دەستە پاکەکان لەدایکدەبوون...دەبوو ئەو هەستە جوانو دەستە پاکانــە لـەناوببرێنو لـەکونجو بنەوانـەکانی وڵاتـدا بوونیـان نـەمێنێت... بۆئەمـەش رۆژانـە سـەدان کاسـەلێسو خـودی شـێواومان دەهێنایـە بـەرو جێگـەی هەسـت ناسـكو دەسـتپاکەکانمان پێدەگرتنــەوە، لەفەرمانگــەو قوتابخانـــەو ســـەرکارو جـــێ پیـــشەو بـــازاڕی فرەکـــاڵاو شـــتومەكو پیشەدا...!!

لەیەك بەیەکی ئەو پیـشەو کارانـەمان دەکۆڵیـەوەو هەمیـشە هـەوڵمان دەدا خـودە بـەزیوو روخـاوو نزمـەکان لەشـوێنی هەسـت ناسـكو دەسـت پاکەکان دابنێینو شـێوازی کۆمەڵگـەو پێکهاتەکـەی بەچەشـنێك لێبکـەین

جگـه لەفـەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی کەسـی دی نـەتوانێت دەسـتەڵاتدارو گەورەو سەردارو بەڕێوەبەربێت...

هـەر بۆیـە لەوسـاڵانەدا چـەندین کـەسمان دامەزرانـدو دەیـان دەزگـاو کۆمپانیاو کۆمەڵەو تاقمان دروستکرد بەوچەشنە کاسەلێس‌و چڵکاوخۆرانە دامان پۆشی‌و کۆمەڵمان لەدەوروخولی گردکردەوە...

بـــەوردی وتـــارو رێنمايیـــەکانی فـــەرمانڕەوامان لەتونێلەکانـــدا جێبەجێـدەکردو حیـزب‌و ئـەو دەزگایانـەمان بەقیبلـەو رووگـەی خـەڵك‌و نیشتمان پەروەران دەناساندو لایەنگیری ئەو حیزب‌و دەزگا لەدایکبوانـەی وابەسـتەی یـەکبوون‌و ئـەوەی نکـوولی‌و رەخنـەی بگرتایـە ئـەوا دەبـوو بەنـەیارو دوژمنـی میللـەت‌و شـۆڕش بـەر لـەوەی نـەیارو دوژمنـی حـزب بێت...!!

وەك خـــەڵکی قوربـــانی دەســـتی دەیـــان فـــەرمانڕەواو کاســـەلێس‌و حزبیـــوو...بـــۆ هەڵخەڵەتانـــدن‌و تۆقانـــدن‌و هەڕەشـــەو دابەشـــکردنی ئەمەکـداری‌و دڵسۆزی‌و خیانـەت‌و ناپـاکی بـەکارمان دەهێنـاو سیاسـەتی چەواشەمان پێدەبرد بەڕێوە...

لەماوەیـەکی کەمـدا توانیمـان وڵات‌و نێوەنـدەکانی پـڕ بکـەین لـەو کاسەلێس‌و خودە شـێواوانەو لەسـەرووی هـەر دەزگـاو فەرمانگـەو بـازاڕو پیشەیەکدا دایان بنێین...

لەدەزگاکانـدا ئـەوان سـەروەربوون‌و سیاسـەتەکانی فـەرمانڕەوایان بـەڕێوەدەبردو چـینێکی مـام ناوەنـدیان لەکاسـەلێس دروسـتدەکرد... لەقوتابخانەو فەرمانگەو بـازاڕو گشت لایەکـدا کاسـەلێس لەسـەروویانەوە دادەنیـشت‌و چـینی تـازە پێگەیـشتوش لەدایکـدەبوون‌و هەسـت ناسـك‌و دەست پاکەکانیان گەمارۆدەداو توهمەتبارياندەکردن بەسـەدان توهمـەتی بەتاڵ‌و کاڵ‌و کرچ‌و پاساو ئامێز بۆ کاسەلێسیان...

ئێمـە شـەوو رۆژ کـارو پیـشەمان لـەو تونێلانـەدا بـەدەر لـەرابواردن‌و پەیوەندی گوماناوی بووبوو بەپلان‌و نەخشەکێشان بـۆ پـاوانکردنی وڵات‌و

زێدو بوارەکانی ژیانو لەدایکبوونی سەدانو هەزاران کاسەلێسو خودی شێواو...

خەڵکی بێئاگابوون ئێمە لەوساڵانەدا چیدەکەین لەو تونێلانەداو چۆن ژیان دەبەینەسەر ، گەلە کاسەلێسێك هەبوون لەدەوری تونێلەکانو پاشەڕۆکانیشیان دەگرت دەیانپشکنی بەر لەوەی بگاتە سەر شەقامەڕێو رەشە خەڵك چاویان پێی بکەوێت چ جای ئەو جموجووڵو هەڵسوکەوتو پلاندانانەی دژ بەخود ئەنجامدەدرا ؟!

دڵنیابووین هەمووشتێ بەئاڕاستەیەکی راستو دروستو پلانبەری خۆماندا دەڕواتو کاری دەزگاو فەرمانگەو خوێندنگەو بازاڕو ..تەواوکەرو بەجێهێنەری پیشەوکاری ئێمەیەو هەرگیز ژیان ئاڕاستەیەکی پێچەوانە بەخۆیەوە نابینێت...!!

ئەو کاسەلێسانەی لەتونێلەکاندا پەروەردەمانکردن ئەرکی سەرشانیان تەواو جێبەجێکردو چیدی ئێمە باکمان نەبوو لەوەی روودەدات ، چونکە لەنەخشەو پیلانەکانمان بەدەرنەبوو...!کۆمەڵگە لای ئێمە خۆڵی مردووی بەسەراکرابوو...لەهەموو بزاوتێك بەدەربوو جگە لەوەی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی بۆیان دانابووئەو قوڕبەسەرو داماوەشی لەخەت دەردەچوو نغرۆو غەرقی دەریایەك لەکێشەو گرفت دەبوو، دواتر چۆکی دادەیاو سەری نەوازشی بۆ فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی نەویدەکرد...

ئێمە لەنێو ئەو تونێلانەدا تەنانەت چرپایەکیشمان هەڵنەدەکرد کاتێ لەچارەنووسو داهاتوو ئەزمایشو لێکۆڵینەوەمان دەکرد...هەمیشە لەرووی تاریکایی وێڵ بووینو رقمان لەرووناکیو تیشکە ئەزەلیەکەی دەبوویەوە...!!ئەو تیشکەی پەردەی لەرووی ئێمە هەڵدەماڵیو عەورەتو گیانمان دەردەکەوت بۆ خودەکانو لەبەرچاویان سووكو رسوا دەبووین...ئەو ساڵانە ساڵانی باڵاو هەڵکشانی فەرمانڕەواو کێشانی کراسی کاسەلێسیبوو بەسەر کۆمەڵدا ، جموجووڵ بەردەوام لەو تونێلانەوە دەهاتو لەشارە مێرووڵە دەچوو، شەووڕۆژ لەرێگەی رۆژنامەو گۆڤارو

رێکخستن‌و سەرجەم کەناڵەکانەوە هەوڵ‌و تەقەلامان دەدا بۆ کوشتنی خودەکان‌و لەناوبردنی گیانی ناڕەزایی...پیشەمان پیشەی فەرمانڕەوای بالآبوو بەلآم بەجۆرو چەشنێکی‌تر ...ئێمەی خوێندکارو شاگردی بەردەستی ئەو بێگومان کارێکی بەدەر لەکارەکانی ئەومان نەدەهێناو لەمێژبوو وانەکانی ئەو فێربووبووین...هەروەك ئەو لەپێناوی دەستەلآت‌و کورسیدا دنیامان دەشێواندو هەزاران خەڵکمان لەناو دەبردو رەشبکوژو جینۆسایدو قەتل‌و عامی سەیرمان بەرپادەکرد...هەر چمکێکی مێژوو بگیرایە ئێمەو فەرمانڕەوای بالآی بەیەکەوە گرێدەداو هاوکێشەیەکی تەواوکەرو پێکهاتەیەك بووین...!

خاڵە هاوبەشەکانی نێوانمان لەژماردن نەدەهات‌و بەتەنیا جیاوازیمان لەنەژادو نەتەوەدابوو...ئەو هەمیشە بۆ ئێمە سەرچاوەیەکی ناڕاستەوخۆبوو، وەلێ خەڵکی بەتەواوی هەستیان پێدەکردین سەربەیەك قوتابخانەین‌و خاوەن یەك ئامانجین لەم ولآتە بێ‌ساحێب‌و خانەو وێرانەداو دژ بەمرۆڤین لەگشت هەنگاوێکمانداو بۆ قەڵەوکردنی فەرمانڕەواو خۆشنودی کاسەلێسەکانی دەکۆشین...

بەدرێژایی حەفتاسالی ژیانی خودەکان بەردەوام دوو فەرمانڕەوا دنیایان لێ شێواندبوون...ساڵێك نەبوو مرۆڤ لە ولآتدا بێ مەرگەسات‌و ئاهو مەینەت ژین بەسەر بەرێت...تەق‌و تۆق‌و کوشتارو بڕین بەناوی شۆڕش‌و راپەڕین‌و جەنگی رەواو دەیان پڕوپاگەندەو درۆوە سەریانگرتبوو، رۆژ بەرۆژ مرۆڤ تیادەبراو قوربانی لەمرۆڤ سەردەبڕاو دنیای تاریك‌و چەتوون‌و رەش دەکرد...

ئەو لەلای خۆیەوە مەرگی دانابوو ئێمەش لای خۆمان لەو چەشنە تونێلەمان دوستکردبوو... ئەو هەرگیز بێ‌شەڕو کوشتار دانەدەنیشت " ئێمەش هەمیشە بەرگی شەڕمان لەبەرکردبوو دەست بەچەك بووین‌و دوژمنمان بۆ خۆمان دادەتاشی، کۆمەڵی هەردوولا مەنگ‌و مات‌و سست‌و کزبوو ، خەڵکی دەبوو بێنە ریزەکانمان‌و بەرگی کاسەلێسی

لەبەربکەن...وەگەرنا بەتەنیا دەمانەوەو هیچ چەشنە ژینێکیان بۆ بەرێوە نەدەچوو تەنیا تەنیا دەبوون بەخۆرەی دەستی سیستمو دەزگاکانمان...

هەر لەو سالآنەدا مانا جوانەکانی نێو خودمان کوشتو لەجێی دلسۆزیو ئەمەکداری بۆ مرۆۋ دلسۆزیو ئەمەکداریمان بۆ فەرمانرەواو کاسەلێسو حزبەکانی داهێناو تەوقی خودکوژیمان خستەگەردنی تاکەکانی نێو کۆمەڵ...

نەخشەو پلانەکەمان پێویستی بەوەبوو بەر لەوەی دەست بکەین بەخودکوژی چینێك لەکاسەلێسی نمرەیەك دروست بکەینو پارێزگارو قەلغان بن لەدەوری تەلارو بالآخانەو سیستمەکەی فەرمانرەوا... بۆ پێکهاتنی ئەو ئۆردو گەلە سوپایەش ماندوبوونو شەکەتیەکی وەهامان بەخۆوە نەبینی...بەلکو خودە مرۆۋ دۆستو دەستپاكو هەست ناسکەکانی شاخو شارمان دوورخستەوەو کۆتربازو سەرسەری سەگسارو بێبەلگەنامەو تێکدەرەکانمان هەلبژاردو چین چین پۆلێنو دابەشمانکردن بەسەر تەواوی ناوەندو هێزە جیاوازەکانداو بناغەی قەلأو تەلارە ستەمدارەکانمان پێپاراستن... هەتا زەمینەیەکی لەبار وەبەرهات بۆ خودکوژیو ترسو بیم لەراپەرینو هەلگەرانەوەی ناکاو دیار نەما...

ئەو ئەزموونەشی لەدروستکردنی ئۆردو گەلی داپلۆسێنەرو کاسەلێسی دلسۆزدا بەدەستمان هێنا وردە وردە جێبەجێمانکرد لەسەر ناوەندەکانی دیکەو بەنێوجەرگەی کۆمەلدا شۆربوەوە...

پاش دارِشتنی قەوارەی خودکوشتنو بردنی ولاَت بەو دەردەسەریە گومانم نەما لەوەی دەروازەکانی ولاَت بۆ یەکجارەکی ئاوەلاَکراوە لەبەردەممانداو ئێمەو نەوەکانمان فەرمانڕەواو کاسەلێسی ئەم گەلو میللەتینو جارێکیتر گۆڕان بەوچەشنەی خێر بۆ ولاَتو هاوولاَتیانی بهێنێت نایەت بەسەر هیچ کام لەوسیستمو دەزگایانەداو خود لەخەوێکی قولدا رۆچووەو نانوانێت دژ بەو هەموو گەندەڵیە بوەستێت...

لەوسالاَنەدا ئێمە لەتونێلەکاندا تاکە دڵ رەشەکانمان پەروەردەکردو هەر حزبە بۆ خۆی پشکێکی لەو خودانەی بەرکەوتبوو...

وەلێ ئێمەو نەیارە دیارەکانی بەرانبەرمان لەکێشمەکێشو کێبەرکێدابووین بۆ سەقامگیرکردنو چەسپاندنی حزبو دەزگاکانیو بەڕێکردنی رۆژو بەدەستهێنانیسامانو داراییەکی بێشومار...

دوای کشانەوەی دەزگا بالاَکانی دیکتاتۆر ئێمەو هاوبەشکانمان لەولاَتدا حکومەتمان پێکهێناو بەڕەوشو رێڕەوی ئەودا هەنگاومان هەلگرت...دەربایستی دارِشتنو پێکهاتنی کەسێتی خود نەبووین بەلکو لەتونێلەکاندا هەستاین بەگەلە کارێك کەوا هیچ دەزگاو سیستمێك ئەنجامی نەدابوو...خودمان رامکرد لەسەر کاسەلێسیو مەرایکردن بۆ فەرمانڕەواو دەستەلاَتدار ، خودمان رامکرد لەسە خۆفرۆشتنو سووکیو رسوایی...

لەتونێلەکانـدا پـۆل پـۆل خوێنـدکارمان فێـری ئـەو گەندەرەوشـانە دەکـردو بنـەما مرۆییـەکانمان لـەناخو هەسـتیاندا تیـادەبرد...هـەر لەوێـدا کەسـێتی جـوانی مرۆڤمـان تیـابردو ئـەو خوێندکارانـەمان رامکـرد لەسـەر دڵسۆزی بـۆ فـەرمانڕەواو حزبەکـەی...یاداشـتنامەی رۆژانـەمان گـەواهی دەربوو لەسەرئەوەی ئێمەی شۆڕشگێڕو تێکۆشەر هەمیشە کاروپیـشەمان لەوئەندازەیە بەدەرنەبوو...

داهـاتووی هاوولاتیـان لەتونێلەکانـەوە سـەریگرتو هـەر لەوێـدا دوایی‌هات، کەودەنەکان وایاندەزانی رووداوەکـان ئاسـایی دەچـن بـەڕێوەو حاڵمـان حـاڵی فـەرمانڕەوای ولاتـە دیمـوکراتو پێـشکەوتوخوازەکانەو هەمووشتێ لەبەرژەوەندی مرۆڤ بەرێکخراون...دوای شۆڕش مـرۆڤ دەبێـت بەچەقی دنیاو هـەموو خێروبێـری ئـەم ولاتـە لەخزمـەتی مرۆڤـدا دەبێـتو رۆژانـی پڕناسـۆری‌و مـەرارەتی فـەرمانڕەوای پێـشوو دەڕەوێتـەوە ، نـازو نیعمـەت دەڕژێـت بەسـەریانداو دادپـەروەری‌و ئـازادی راسـتەقینە دێتـە ئاراوە...هەژارەکان " نـەدارەکان " بێنـەواکان " رەنجـدەرو بارکێـشەکان" هـەموو دەبـن بـەخاوەنی ولاتو خێروبێـری ولات دەڕژێـت بەسـەریانداو مرۆڤـستانێکی بێ‌وێنـە پەیـدادەبێت وەك ئـەو مەملەکەتـەی لەخـەون‌و خەیاڵـدا مـرۆڤ هەنووەکـە دەیهێنێتـە پـێش چـاوی خـۆی‌و بەبەهەشـتی سەرزەمینی ناوزەد دەکات...

خودەکان وەیلان‌و سەرگەردانی ساراو بیابانی خـەون‌و خـەیاڵی پـاكو بێگـەردبوون " هـیچ دەروازەیـەکیان نـەما جگـە لەخـەوبینین زیاتر...خەوبینین بە ژینێکی خۆشگوزەران‌و دوور لەنەهامـەتی‌و ناسـۆری‌و مەینەتو نەبوونی...خەوبینین بەدادپەروەریی‌و یەکسانیەوە...وەلێ زۆرجار ئـەو خەوانـەش پڕدەبـوون لەشـەڕو شـۆڕو پـشێوی‌و پێکدادان‌و ئـاڵۆزی‌و هەڵدێرو گۆبەن‌و خـەمو خەفـەتو تارمـایی تـرس‌و بـیمو بـەدەم لـەرزەوە بەئاگایی دەهێنان‌و دیمەنی واقعی ساڵانی رابردوو زاڵدەبوو بەسـەریاندا... کاتێ بەئاگادەهاتن ئەوجا دەیانزانی لەولاتی مەینـەتان‌و بۆدەردەسـەری‌و

ناسۆری‌و کێشانی باری خەم وەبەرهاتوون... ئەوان‌و شادی دووپێکهاتەی جودان‌و هەرگیز یەك ناگرن " ئەوان دەبێت رۆژی بێمەینەت‌و گێرمەوکێشەیان نەبێت ، هەرکاتیش ویستیان لەو بارە دەربچن دەبێت ببن بەکاسەلێس‌و لەبەردەرکی فەرمانڕەواو سیستمەکەیدا هەڵبتروشکێن‌و گەردن کەچی بنوێنن‌و شەرەفی کاسەلێسی بەدەست بهێنن...

دنیای خود بەدەر لەقوڕبەسەری‌و چەوساونەوە زیاتر چیدی تێدا بەدی ناکرێت‌و ژین بەو مۆرکە شقڵی شکاوە کەلەتونێلەکاندا رەنگ‌و بۆی کێشراوە...

ئێمە لەو تونێلانەدا خوێندنگەو قوتابخانەیەکی سەربەخۆبووین ... رەگ‌و ریشاڵمان تەواو داکوتابوو بەنێوجەرگەو دڵی کۆمەڵدا ، ئەلفبێی سەرەتاو کۆتایی دەرسەکانمان لەدەوری سەری فەرمانڕەواو بنەماڵەو خانەوادەو بەردەستو کاسەلێسەکانی دەگەڕا...ساڵانێکی پێکەوە گرێدراومان بەرێکرد هەتا توانیمان ئەو نموونەیە لەخود وەبەربهێنین کەدەبێت بەکۆڵەکەو پایە ئەستوورەکانی داهاتووی فەرمانڕەوایمان‌و وڵات لەو ئاقارو ئاستەنگەدا گیر دەدەن ... خەڵکی بێئاگابوون لەکارو جموجوڵی تونێلەکان‌و دەرکی هەریەك لەحزب‌و فەرمانڕەواکانی لەخستنەوەی ئەوبارە...خەڵك لای ئێمە پۆلێن دەکران بەسەر چەند بەشێك‌و لەونێو بەشەکانیشدا پلەو ئاست دابەشدەکران‌و ئەمەش زیاتر بەپێی وریایی‌و زرنگی تاکبوو نەك ئاستی خوێندن‌و بڕوانامە...بڕوانامە بەمەرج نەدەگیراو ئاستی تێگەیشتنی تاك لەخاڵە بەهەندگیراوو تەواوکارەکانی پرۆژەی خودکوژی توونێلەکانبوو تاکی پێ باڵاو بەرزدەکرایەوە...

رۆژانە سەدان هەڵکشان‌و داکشان‌و بەربەرەکانی دەکەوتەوەو لەکۆتایشدا دەمانتوانی زاڵ ببین بەسەر بارەکەداو بەپێی ویستی خۆمان ئاراستەی بکەین...

گەلەکاسەلێسی پیشەو کارەکانمان بەدوای یەکدا هێناو لەدەلاقەیەکی نوێوە کردمانن بەنێو ژیانی کۆمەڵداو هەریەك لەوپیشانەبوون بەسەبەیەکی تۆکمەی لێکهەڵنەوەشاو...سوورو خولی تاك لەسەر رەختە بەردێکی وەك وشك دەستی پێدەکردو کۆتاییەکەشی بەنازو نیعمەتو مۆڵبوونو سوباتی هەتاهەتایی دەهات...جەوهەری گشت هەوڵەکانی خود لەگەڵ تەقەلاو کۆششی ئێمەدا یەکی دەگرتو بەرژەوەندیو پارەپەرستی پێکدەهێناو وڵاتی دەکرد بەخەراباتو لەسەرووی گشت پیشەکانیشەوە پارەپەرستی سەری هەڵدەداو توانەوە لەبەرژەوەندی خۆدا دەکەوتەوە...

گەندەڵی لەئاسمانو لوتکەی بەرزەوە سەریدەگرت...ئەو فەمانڕەوایانەی رەجاڵو پێپەتی بوونو بەخوێنو کوشتارو بڕینو سووکایەتی بەمرۆڤ گەیشتن بەو ئاستە یان وەك برسیەك یادڕندەیەکی کێوی دەکەوتن بەسەر گەنجی دنیاداو بەهەرچوار لادا پەلەقاژەیانبوو تا حەزە شەیتانیو تێرنەبوەکانیان رازی بکەن... ئەوان لوتکەی بەرزی گەندەڵیبوونو لەفەرمانڕەوای چەکدارو مرۆڤ کوژەوە بوون بەدەوڵەتداری خاوەن پۆستو مەکتەبی بەرینو گەلە پێشخزمەتو پاسەوانو حەسحەسو کاسەلێسی تایبەت...ئەوانەی پێشەنگبوون لەتروپکە بەرزەکانی دەزگا مەدەنیو شارستانیەکانەوە بەیداخی خودکوژیان هەڵکرد، ئەو فەرمانڕەوایانە بوون بەهەوێنی هەموو خود کوژیەكو شێوانی دنیاو تێکدانی دیاردەکانی شارستانیو بانگەشە بۆکردنی بەئاوەژووکراویی...من ناتوانم هەرگیز بێدەنگ ببم لەو تاوانەو بۆ مێژوو دەڵێم ئەوان پێشەنگ بوون لەخودکوژیداو بڵاوبوونەوەی پارەپەرستیو نادلسۆزی بۆ هەموو پێکهاتەیەکی پیرۆز...لەو رۆژەوە کەپۆستی وڵات بەڕێوەبردن کەوتە دەستیان دنیایان هێنایەوە یەكو کەسیش نەبوو لەگوڵێك کاڵتریان پێ بڵێت...کێویەکان " دڕندەکان " دەست بەخوێن سوربووەکان " پیلانگێڕەکان" جاشەکان" راستو چەپی حزبە ئایدیاو بەرژەوەندی خوازەکان " هەموو لەم ئاسمانە بەتاڵو چۆڵەدا هەڵهاتنو

بوون بەچەقی یان هەناسەی نێو سینەو سۆمای چاوی ئەو خەڵکە رەش‌و رووتە...!!

هەرکە لەشاخ‌و کونە عاسیەکان گەڕانەوەو کەوتن بەسەر گەنجی نەبڕاوەدا ئیدی گەندەڵی لەسەرەوە لێشاوی بەست‌و بەخوڕو تەوژمێکی توند رووبەخوارەوە رێچکەی بەست...ئەوانی تینوو بۆ دەستەڵات‌و بوارە فەراهەمبوەکانی دەبێت چ دنیایەك وەبەربهێنن‌و کام رۆژ لەوڵاتێکی سووتماککراودا بخەنەوە؟!!هەر لەیەکەم رۆژی دەستبەکاربوونی فەرمانڕەواوە دەمزانی چ ئاقارو تەنگەشەو مەینەتێك بەڕێوەیە...!؟ ئەوان بۆ خۆیان خودەشێواوەکەی نێو کۆمەڵبوون‌و هەرگیز لەدیاری گەندەڵ‌و پەرێزی نایەکسانی دوورنەدەکەوتنەوە، شاخ قوتابخانەی توندڕەوی‌و کوشتنی مرۆڤ‌و پیلانی ناڕەواو شێوانی دنیاو ماڵوێرانی‌بوو ...لەبەرەبەیانی ئەو مێژووەوە بناغەی خود شێواو لەناخ‌و نێوجەرگەی فەرمانڕەوادا چەکەرەی کردبوو " بەکاسەلێس‌و چڵکاوخۆرەکانیش ئاودرابوو هەتا تەواو تەواو نەش‌و نمای کردبوو، کاتێ گەڕاینەوە شار لەهەندەران‌و کونجڕەکانی دنیاوە دەمزانی چ دەقەومێ، خود بەرەو کوێ دەبرێت...خەڵکی بەتەنیا چەپڵەکوتان‌و هەڵخستنەوەیان لەسەربوو ،ئەوان غافڵ‌و وێڵ‌و بێئاگابوون لەدەرەنجامەکانی داهاتووی شۆڕش، نەیاندەزانی وڵات دەبێت بەمۆڵگەی خودە تۆپیوەکان‌و دنیاش لەسەردابێکی بۆگەن زیاتر هیچی دی نابێت بۆیان... یاخود بەرداشێك مەرگ دەهێنێت بەبەری گەورەو بچووکیانداو خەمۆکی دەخاتە سەر رووخساری یەکەیەکەی ئەو رەجاڵ‌و داماوو لێقەوماوانە...

فەرمانڕەوای گەورەو گچکە یەك یەك کەوتن بەسەر ئەو نازو نیعمەتەیا کەلەخەوی ئەخەروانی‌و بەدی نەهاتوو دەچوو..ئەوان نمانای جیهانی خوار خۆیان بوون...توانیان بەگەلە کاسەلێس‌و رەشە ئومیەکان داهاتوویەکی خۆشنود فەراهەم بهێنن...خەڵك ئەو فەرمانڕەوایانەیان بەهێماو نیشانی پیرۆز دەزانی‌و هەرگیز بۆکەس نەبوو خەوش‌و ناتەواوی‌و رەخنەو نکوولی

بداته پاڵیان یان لەتەختی فەرمانڕەوایی دایان بگرێتو ڕەوتێکی ئاسایی بەسەر دنیاو شارو ژینی خەڵکدابێت...کار لەکار ترازابوو...هەنگاوەکانی فەرمانڕەواو گچکە بەرۆکەکانی ڕوو بەشکۆمەندیو سەرۆکایەتی هەتا هەتاییو فەرمانڕەوایی هەمیشە هەڵهات دەچوو...ڕوحی بەربەرەکانیو نکوولیو نارەزای سڕابوویەوەو بۆکەس نەبوو لەرێزمەی ئەوگەلە خەواڵوو بێئاگایە دەربچێتو ڕووبەڕووبوونەوەو نارەزای دەرببڕێت ،فەرمانڕەوا دڵنیابوو هیچ کات کەسی لێهەڵناسێتو بۆشاییەك نییە بەچەشنی بۆشاییەکەی ئەوان سەریان لێوە دەرهێناو دەرکەوتن...!فەرمانڕەوا لای سەرووی دەستەڵاتی گرتو گچکەبەرۆکەکانیشی بەملاولادا شۆڕبوونەوە... لەوبۆشاییەدا کەوەك شادەمار وابوو ، فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی نیشتنەوەو بوون بەسەردارو گەنجینەداری میللەت...دەروازەکانی خۆشنودی لەهەموو لایەکەوە ئاوەلاکراو هەر فەرمانڕەوایەك بوو بەدیکتاتۆرێكو پلانو ڕەوشی تونێلەکانی جێبەجێدەکرد...!سەراپای پیشەکان بەفەرمانڕەوای کێوی زنجیردارکران...حزب لەوادەیەکی چاوەڕوان نەکراودا خۆی بینیەوە...میللەتو گەنجینەکانی ولأت کەوتن بەسەر دەستی ئەوگەلە فەرمانڕەوایەداو گەندەڵی لەهەموو لایەکەوە سەریهەڵدا...سەرەتا لەئاستێکی بەرزەوە دواتر گەیی بەنێو سەرجەم پیشەکانو ولأتبوو بەمۆڵگەی بۆگەنترینو قێزەوترین ڕەوشو ڕەفتارو کردارو ڕووداوی رۆژانە ، فەرمانڕەوای گەورە لەسەرووی گەلو میللەتەوە پێشەنگی گەندەڵیو قەیرانە یەك لەدوای یەکەکانی دەکرد...خودیش نەمانای ئەو ڕەوشو کردارانەبوو کەلەتونێلەکانەوە دانرابوو ... لەتونێلەکانیشدا دۆسیەیپیشەو کارەکان بەوردی هەڵدەگیرانو مۆری یاساغیان لەسەربوو، بەلأم بۆ من ڕەهابوو بۆیە بەپەرۆشەوە دەکەوتم بەسەریانداو لەنێویانا وندەبووم...

لەدۆسیەی دادپەروەرەکانەوە دەسم پێدەکرد کەدەبوو ئەوانو دادگاکەیان ڕەمزی دادپەروەریو پاراستنی کەسێتی بن بۆ کۆمەڵو دامو

دەزگاكانی ، وەلێ لەدۆسیەكەیاندا نائومێددەبووموو بەرچاوم رەش دەبوو هەرزوو نائومێدی زاڵدەبوو بەسەرما ، لەدۆسیەی پیاوانی یاسادا هاتبوو"پاش هەرەسهێنانی سیستمی رابردووو رەوانەوەی تارمایی رەشی" دادگایش وەك دەزگاكانی دی ئازادكراو سەرەتای فەرمانڕەوایی خۆیی هاتە ئاراوە...بەلاَم بۆراگرتنی حوكمداریو سەروەری حزبو فەرمانڕەواو كاسەلێسەكانی دەبوو گۆرانگارییەكی جەوهەری نەیەت بەسەر ئەو دەزگایەدا...دادپەروەری بەتەنیا بەسنوورێكی كەمدا پیادەكراو پیاوانو سەروەرانی حزبو بەرپرسەكان بەدووربوون لەروحی یاساو ئەركو داواكارییەكان ، تیغی یاسا بەتەنیا لەگەردنی رەجاڵو بێنەواكان دەسوێت، دەزگای یاسا پەروەریش لەدووی بەرژەوەندی ماددیو پارچە زەویو گۆڕینی پلەوئاست دەگەڕێت" ئەوپیشەیەی راگری ئاستی ئازادیو دادپەروەریو یەكسانی بوو شل شل بەدەم مەرگەوە دوایین روخساری هەڵدەبزڕكاندو كۆمەڵو ژیان لەدەركیدا بێمانناو مەبەستبوو ... لەساتەوەختێكدا هەندێك دادوەر یان پارێزەر یاخود رەشە كارمەند دەنگی هاوارو فریاگوزارییان لێبەرز بوەوە ، بەلاَم هەرزوو خەفەكراو حزب چەكمەی بۆرو دەستەلاَتی دیكتاتۆری خۆی سەپاند بەسەریاندا، ئەوگەلە كاسەلێسەشی لەبواری یاسادا لەتونێلەكاندا فێری رەوشو سیاسەتی حزبمان كردبوون پاساوی هەموو پێشێلكاریەكیان دەهێنایەوەو دواییان بەناڕەزاییەكان دەهێناو لەیەكەم هەڵمەتو جووڵەیا لەناویان دەبرد... دەزگا جاسووسیو داپلۆسێنەریەكان نەیارەكانیان دەستگیر دەكردو دادگا هیچ رۆڵێكی نەبوو لەم كارانەدا...بەتەنیا دادگا رۆتینێكی ژیانو كۆمەڵی بەڕێوە دەبردو جێگرێكی رەسمی مەدەنی بوو...تاكو تەراش نامەی ناڕەزاییان دەگەیشتو خاڵە مەترسیدارەكانی ئەو بارەیان دەخستەروو لەپاشاگەردانیو مردنی روحی یاساپەروەیو پێشێلكاریو تەشەنەسەندنی ئەو بارەو بلاَوبوونەوەی واسیتەو بەرتیلو دەم چەوركردن...! !

کـاتێ لـەدەرکی لاپـەڕەکانی دۆسـیە رەشـەکەی دادگـاو پیـاوانی بەدەردەکەوتم ئـەوجا دەستم دەدایـە هەڵدانـەوەی لاپـەڕەکانی دۆسـیەی پەروەردەو خوێنـدن لـەو دۆسیەیەشـداهاتبوو"بەرلـەبوارو کەناڵـەکانی دی دەستپێشخەریمانکرد لەم بوارەداو سەدانو هـەزاران کەسـی بێبڕوانامـەی تونێلەکانمان دامەزراندو کردمانن بەنێو ئـەم دەزگایـەدا" ئـەم دەزگایـەش کارەکـانی لـەرۆتینکاری بەدەرنـەبوو، بەتـەنیا سـەردانێك بـۆ دەزگـای پەروەردە گوزەرانی سیاسەتەکانمان دیاریانـدەدا، ئـەو دەزگایـەی چـەقی کۆمـەڵو راگـری هاوسـەنگی هـەنگاوە زانـستیەکانبوو لـەژێر سیاسـەتی تونێلەکاندا تەواو تەواو پوکایـەوەو بـوو بـەدەزگای یەکـەم لەکاسەلێسیو ئەڵقەلەگوێیو هەمەجیـەتو بێبەرنامەیدا...مامۆسـتایان دیـاترین چـینی ئـەو نێوەنـدەبوون ، کەسـێتی مامۆسـتامان شـێواندو توانیمـان ئـەرکی دروسـتی لێ ون بکـەین لـەبری ئـەوە دڵـسۆزی بـۆ حـزبو فـەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی بەبـەرا بهێـنین...ئـەوانیش هـەردەم حـاڵیبوون چـی بکـەن باشـە ، بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان بـسووتێن تـا بەرژەوەنـدی بـالاَ...نـەبن بەسووتی ئاواتی بەدی نەهاتوو داوای بەجێنەهێنراو...واباشە هـەر خودێـك بەدووی بەرژەوەندی خۆی بکەوێتو پەیامو بەرنامەی خوێندنیش بەفیدای جەردەپارەوموچەی مانگانەو رەزامەندی دەزگای بالاَدەستبێت... دەکرێ پـەروەردە مانایـەکی تـازەی بەبـەرابکرێت " مانایـەك بـەدوور لەومانایـەی کـەشو بـارێکی سـازو لـەبار دەخاتـەوە،دەکرێ پـەروەردە لەوقـەوارەو وەیلانگـە دەق بەسـتووە بـەدەر بکرێـت... دەکـرێ پـەروەردە لـەپێناوی تێرکـردنو مرکردنـی فـەرمانڕەواو گەندەکاسەلێـسەکاندابێت...دەکـرێ پەروەردە لـەروحو جەوهـەردا مردبێـتو بەشـکلو شـێوەش بەرێزمەیـەکی رۆتین چیندا ببرێت...!!

پـەروەردەی تونێلـەکانیش بـالاَترین نموونـەی پـەروەردەبوو بـۆدامو دەزگـاو نێوەنـدەکانو هـەر لـەوێوە نمانـای بـەرزو پێـشەنگی بێوێنـە سەریهەڵدەدا ، واقعی پەروەردە بەهیچ کلۆجێك رەوتو ئاڕاستەیەکی تری

بەخۆیەوە نەدەبینی " چونکە فەرمانڕەواو کاسەلێس و دەستەڵاتدارو بەرکۆشەکان لەدایکبووی کێوو شاخ و دەرکی ئەم وڵات و ئەو وڵات بوون و لەساتەوەختی غافڵگیردا چاویان بەدنیای گێل پۆش هەڵهێنابوو...ئەوان هەرگیز باکیان نەبوو لەکەسێتی و مۆرکی خودو داهاتووی گەل و میللەت، تاقانەی بیروهۆشیان بەرژەوەندی و دەستەڵات بوو بەسەرجەم رەهەندەکانەوە کەهەڵیانگرتبوو...چ دەمێك وادەی هەڵبژاردن و سەوداگەری سیاسی بەدەربکەوتایە ئەوجا بۆ رای گشتی نوستوو چەند پلارو ئاماژەیەکیان دەهاویشت و دەیانکرد بەهاش و هووش وەك سروشت و خووی باوی هەمیشەیان...

پەروەردەو دەزگاکانی لەسەردەمی ئازادیدا لەکرژبوون و بشێوی زیاتر هیچ پەیام و بەرنامەیەکی نوێی بەخۆیەوە نەبینی...ئەوچینەی لەشۆڕش و ساتە چارەنووس سازەکاندا روح لەسەر دەستبوو لەگەڵ چمك و پەلەکانی دەستەڵات و خۆشنوودی سەریان هەڵدا بوون بەهەڵگری پەیامی تونێل و بەهاکانی تەمەنیان فرۆشت لەوپێناوەدا ، ئەم نێوەندەش بوو بەمۆڵگەی پارەپەیداکردن و دزی و مەگەزی بەسەر جەستەی گەل و میللەتەوەو بەرەمەکی کەوتە گەڕو بزاوت...لەئەنجامیشدا بوو بەدەزگاو نێوەندێك بۆ لەدایکبوونی مامۆستای هەلپەرست و نزم و سووك و بێبەرنامەو پەخشکردنیان بەسەرجەم خوێندنگەکانداو هەستان بەکردەی تێکدانی هەزاران خوێندکاری پەری ئاساو مێشك ساف و خستنەوەی دەریایەك لەگەندەڵی و پیسی لەچینێکی خەواڵوو تەمبەڵ و هیچ لەبارا نەبووی دەم هاراشدا خۆی بینیەوەو کەسێتی و بەبارهاتنی خود تیابراو پەروەردەو دەزگاکانیشی لەدەزگای رێنمایی و خوێنبەر ئاساوە بوون بەدەزگای پارەپەیداکردن و ئیش وکار دۆزینەوەو بەڕێکردنی رۆتینی رۆژانەو بەرگری کردن لەسیاسەتی حزب و تونێلە تاریکەکەی...

پەتای خودکوژی و شکانی رێزی مرۆڤ دۆسیەی ئەستوورو قەبەکەی تونێلەکەی گرتبوو ، پاش رووپاکانی پەروەردە ئەوجا رووپای

تەندروستیم هەڵدایەوەو لەسووچی سەرەوەیدا نووسرابوو" لەپێناوی پاراستنی سەروەریو بەرزوبالاً راگرتنی میللەتو فەرمانەکانیدا ناچاربووین تەندروستی بکەن بەقوربانی ئەوبنەماو مەرامە بەرزانەی فەرمانڕەواو حزب... تەندروستی تاك گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو لەسیستمی نوێماندا بەو ئەندازەیەی تەندروستی حزبو سەرجەم ئەندامو رەگە رۆچوەکانی گرنگبوون...سیستمی داڕووخاوی پێشوو تەندروستی خودە بێشومارو بیمارو گرفتاویەکانی خستە دەستی ئەو دلڕەقانەی بۆ بازرگانیو ناودەرکردن کۆلیژی پزیشکیان هەڵبژاردبوو...دوای ئازادیو داهاتنی عەیامو دەمی نوێش پێمان باشبوو هەمان رەوش هەڵبژێرینو بەموو لانەدەین لێی مادام حزبو فەرمانڕەوا پارێزراودەبنو چینێکی بەرزی ئەکادیمی دەبن بەلایەنگرو پشتیوانمان بۆیە دەبێت دەستی پێوە بگرین...ئەوانیش بەدرێژایی ئەو ساڵانەی رابردوو لەگەڵ هاوکارو کارمەندو دەرمانگەکاندا یەکەیەکی خۆییان پێکهێناوەو لەدەوری پارەپەیداکردن دەسووڕانەوەو لەسەرووشیانەوە فەرمانڕەواکان بازرگانی دەکەن بەدەرمانو سەدان چارەسەری دیکەوەو ئەو حەکیمو پزیشكو یاریدەدەرو دەرمانگانە وەك موولوولەیەکی وردی جەستەی مشەخۆر وان...".

هەردەم میللەت کوشتەی دەستی ئەم دەزگا بەناو پەرییەبوو ، سێبەری تاریكو هەناسەی بۆگەنی تونێلەکان لەگەڵ نەفس رەشەکانی دەرکی دامو دەزگا تەندروستیەکاندا یەکیانگرتو خود لێرەش پیشەی جێبەجێکردنی سیاسەتی تونێل بوو ، ئەوسیاسەتەی لەژێر پەردەی یاسای داتاشراوو بەهانەی رەخساودا مۆرکی رەوای وەرگرتو بوو بەبەشێك لەرۆتینی رۆژانەی ژیانی هاوولاّتی... خودەکان روحی هەزاران هاوولاّتیان کرد بەقوربانی جەردە پارەی هەڵڕژاوو بەرێنماییو چاوساغی فەرمانڕەوا خودبوو بەقوربانیو، جەستەو پەیکەری پیرۆزی مرۆڤیش سووکایەتی پێکرا...نەخۆشخانەکان " تاقیگەکان " عیادەکان" دەرمانگەکان" تەواوی دوکانە کاسبکارو تەندوستیەکان بوون بەهەیکەلەو

یەکەیەکی داخراوی مرۆڤ کوژو گیرفانبڕو لەژێر چەتری فەرمانڕەوادا بازاڕێکی گەرمو گوڕیان دروستکرد... ئەوپەیامە پیرۆزەی ڕۆژانی یەکەمی خوێندکاری لەگەڵ گەواهیدانو جەختکردن لەسەری دران بەدەم باوەو لەبری سووتانو توانەوە بۆ روحە هەڵقرچاوو شەکەتو بیمارەکانو شەو رۆژکردنەوەو دڵسووتان پێیان بەرووپەکی عەبوسو فیزو دەنگ هەڵبڕین بەسەریانو تەریقکردنەوەو گیرفان هەڵتەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا کردن... دەبوو سەرەنجامو دواییەکی نەخۆشو لەشبەبار دنیایەکی رەشو چەتوون بێت... دنیایەك تاریك تاریك دابێت ، دێوەزمەکان بەرلەخەیاڵو مۆتەکە قورسەکان یەخەی پێبگرنو هێدی هێدی دەست توندبکەن لەبینیو لەبوونو مافی سوودوەرگرتن لەدەزگاکانی دەوڵەت بێبەشی بکەن...چارەسەریش بەلانەو ئوتومبیلو دوکان فرۆشتن یاخود پیتاكو دەرکی ئەم مزگەوتو ئەوچاپخانەو بازاڕو شارو گوند بەدیبێت ، فەرمانڕەواش لەئاسمانی ولاتەوە شۆڕەسواربێتو خۆیو گەندە فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی هەناوجار سەر لاربکەنەوەو بەدەم بزەوە ماڵئاواییو خواحافیزی لەبیماری قوربەسەر بکەن... ! گچکە قەزەمەکانیش بەمۆڵەتنامەی فەرمانڕەوا لەم گەڕەگو لەو گەڕەك گیرفانی بیمارە ئازارچێژەکان دابتەکێننو عەلاگە دەرمانیان پێبدەنو چەندین ماددەی دژبەیەك بەنێو لاشەو جەستەیاندا بکەن...وەك پیرۆزباییو دەستخۆشیەکیش وێنەی فەرمانڕەوا لەو تەنگە دوکانانەدا هەڵواسرێتو بەچاوێکی تیژەوە بڕوانێت بۆ ئەو تاوانەی دژ بەمرۆڤ دەکرێت... !

لەژێر کاریگەری دۆسیەکانداو هەژموونی نەفسی شەکەت خواردومدا تاسەیەك لەدوای یەکەکان روویان تێدەکردمو نەفسم رووبەشێتی دەچوو... زەبزەبەی شێتی سەری لێدەدام...توند دانم جیڕدەکردەوەو فشارم دەخستە سەریو دانەجیڕەم پێدەکەوتو لێوە لەرزەش بەدوایدا دەهاتو چاوم سوورسوور هەڵدەگەڕا... گیانیشم شەکەتی ئارەق دەردانو کرژی دەمارو ماسولکەکان دەبوو...مێشکم لەوەدابوو ناڵە بکاتو چاویشم

بتـەقیٚو بەیـەکجاری تیابـچم... ئـای ولاٚت لـەورۆژەوە کەوتوەتـە دەسـتی فەرمانڕەوایانی نویٚ بەچ قەیرانو ئاستەنگیٚ گەیووە...ئیٚمە لـەکام خـەونی تۆقیٚنەرو مەینەتداراین...؟!هانـا بـۆ کیٚبـەرم لـەم جەنگەڵستانەو لای کـیٚ باسی ئەو بارو حاڵە بکەم کەلەم ولاٚتـەدا خولقـاوە ...؟!بـەکیٚ بڵیٚم ئیٚمـە تیابەری هەموو جوانیو مرۆڤ دۆستیٚکین ، لای کیٚ شیکایەت کـەم ئـەوەتا تونیٚلەکان جمـەیان دیٚتو فـەرمانڕەواش بـزەی سمیٚڵـی دیٚتو واخـەریکـە شـامەرگ دەبیٚـت... ئـەوخودە مردوانـە سـبەی دەبـن بەکاربەدەسـتو بەڕیٚوەبـەری ولاٚت...ئـەوەتا ریزیـان بەسـتوەو بـەدوای یەکـدا دیٚـن بـۆ بەدەسـتهیٚنانی کاسەلیٚـسیو پـشکی چارەنووسـسازیان...کاسەلیٚـسی بەرناکـەویٚت ، کاسەلیٚـسی نـانو داهـاتوی لـەخۆگرتووە، کاسەلیٚـسی پیشەیەکی دیٚرینەو هـیچ سـەردەمو چـاخیٚك بیٚکاسـەلیٚس نـەبووە...دنیـا بیٚکاسەلیٚس ویٚرانەو خۆئەگەر هاوکیٚشەکە دیٚژبکریٚتـەوە هـەزاران رۆڵـەی میللـەت دەگریٚتـەوەو ئـەوا چـیدی هـەراو پیٚکـدادانو نـاڕەزایی دروسـت نابیٚـــت...ولاٚت دەبیٚـــت بەماســـتی مـــەیوو ، هـــەرای ئاژاوەچـــیەکانو هوتافکیٚشەکان هەرزوو دوایی دیٚت " کۆمەڵگـە بەوکاسەلیٚسییە پیٚکـدیٚتو پیـشەو کارەکـانیش بیٚئـەو کاسەلیٚـسە پۆسـت خـاڵی دەبـنو سـبەی نەفـــەرمانڕەوا لەســـەر کورســـی دەمیٚنیٚـــتو نـــە ئـــەو ئەڵقـــە پـــیرۆزەی کاسەلیٚسەکان بـەدەوریا کیٚشاویانە وەك خـۆی دەمیٚنیٚـت...دنیـای پـارەو بەرژەوەندی هاوبەش دوایی دیٚت...دنیای قۆڵبڕو چـەتە قـات لەبـەرو پـەت لەملو بەناو ریٚزدارەکان ئاوادەبیٚت.

بـەدەم خۆخواردنـەوەو فـشاری نەفـسیەوە لاپـەڕەکانی دۆسـیەکەم هەڵدەدایەوەو دەکەوتم بەسەر دۆسیەی پیاوانی مزگەوتو تەکیەو خانەقاو کەنیسەدا کەبەرەمزی پیرۆزو راگری رەوشتو ئاینپەروەریی ناسـرابوون... ئەوانەی نماینـدەی بـەرزی پەیامبـەرو پیٚغەمبـەرانو خوانـاسو دینـدارانو روح پاکـانبوون... لەمیانـەی خویٚندنـەوەم بـۆ دۆسـیەی ئـەوانیش ئـەوەم رەچاودەکرد"مەلاو شیٚخو خواناسو دیندارو قەشە فاکتەریٚکی گرنگی ئەم

کۆمەڵگەیەن‌و لەرۆژهەلاتدا بەتایبەت چەقی زوربەی گۆڕانکارییەکانن‌و ژین‌و چمکەکانی بەئامارەو فەتواو دەمگۆی ئەوان دەچێت بەڕێوە ، بۆیە ئێمەش گرنگییەکی بێپایانمان پێدان‌و توانیمان پێ بنێن بەگشت بنەماو ئایدیایەکی پێچەوانەی رەوتی خۆمانداو رۆبچین لەخوێندنەوەیاندا... ئەوان سونبولی بیری عەوام‌و رەشە خەڵك‌و لاوو زۆرینەی خوێندەوارو نەخوێندەوارن...دانیشتگەی تونێل بێئەوان نابێت‌و حوکمی درێژخایەن‌و دەستەلاتی رەها بێپیرۆزبایی‌و کۆمەکی ئەوان تووشی هەزاران قەیران‌و گرفت دەبێت...فەرمانڕەواش لەژێر کاریگەری ئاستی بیرکردنەوەی کۆمەڵگەدا لەنێو تونێلەکاندا گەلە مەلاو شێخ‌و دینداری پەروەردەکرد بۆ وتنەوەی گوفتاری‌و پیادەکردنی ئاراستەکانی تونێل لەکۆمەڵدا...لەخەباتی پێشوومان‌دا هەوڵماندا ئاین بکەین بەفاکتەرێکی گرنگ لەشۆڕشداو گوندنشینی قوڕبەسەرمان هاندەدا غیرەتی هەبێت بۆ پارێزگاریکردن لەئاین‌و مزگەوت‌و دینیخواو زێدونیشتمان‌و شەرەفی...لەشاریش دەستمانگرت بەسەر ئەو مەلاو شێخ‌و قەشانەدا کەبۆ سوڵتەو نزیکبوونەوە لێی دەکۆشان‌و سووتابوون...نزیکی سوڵتەو دەستەلاتیان بەئەرکێکی سەرەکی خۆیاندەزانی‌و دەبوو جێکورسی‌و پۆستی تایبەت بگرن‌و ئیمتیازو دەستکەوتی فەرمانڕەواو حزبیش بەدەست بهێنن لەپارچە زەوی‌و مووچەی باش‌و هەراو قاڵەی دەزگا حزبیەکان لەدەوریان‌و ناساندیان بەکۆمەڵگەی دۆگما... حزبەکان‌و فەرمانڕەواکانیان پیاوانی ئاینیان دابەشکردبوو بەسەر خۆیانداو هەریەك بۆخۆی خاوەن زاناو مەلاو شێخ‌و قەشەی تایبەتبوو...لەکەناڵەکانەوە فەتواو رای جیاواز جیاواز دەوتراو زۆرجاریش راکان کەلەسەر رووداوو بزاوتی حیزبەکان دەردەبڕان واژووی پێچەوانەی یەك دەبوونەوە...ئەو پەیامەی راستیدەخستەڕوو روحی مرۆڤی پاکیزەو بێگەرد دەکرد وندەبوو...

مـرۆڤ لەبازنەیـەکی داخـراودا گۆشـەگیرو تـەنیا دەمایـەوە...ناسـۆری بەلێشاو ڕوویاندەکردە سینەساف‌و روح پاکـەکان‌و بێزاردەبـوون لـەژیانێك دوفلیقانەیی‌و بەرژەوەندی زاڵبێت بەسەریا...

کـوا پـەیامی پـاك‌و بێگـەردی ئاسمـان ؟ کـوان ئەوانـەی دەبـوو وەك هاوەڵانی موحەمەدو عیسا وابـن‌و لەسـەر گـوتنی حـەق‌و رەوا رووبـەرووی فەرمانڕەواو ئەجندەکانی ببنەوەو بەتیـشك‌و پرشـنگی دادپـەروەریی دنیـا قاڵ بکەن...ئەی ئەوانەی هەمیشە بۆ مرۆڤ ژیـان‌و کـاتێکیش گەڕانـەوە بـۆ جیهـانی غـەیب باکیـان نـەبوو لـەدنیاو بەجێهێـشتنی یـان لەدەسـتدانی جەسـتەو رۆچـوونی لـەقووڵایی خـاك‌و خۆڵـداو تێکـەڵبوونی بەگـەردەکانی سروشت...روحی پەیامەکە بەزیندوێتی بانگی لێدەکردن‌و دەیدواندن"ئێوە بۆ دنیاتان هەڵبژاردو بنەما ئاسمانیەکانتان لەدەستدا...؟!خۆ ئێوە باوك‌و براگەورەو دایکی میهرەبان‌و پەیامبەری مەزنبوون‌و دنیایەك بوون لەمیهرو سـۆز...لـەنیگای پاکـەوە دەبـوو دنیاتـان بکردایـە بەچـراخان‌و هـەرماڵ‌و خێزان‌و خوێندنگەو کون‌و کەلەبەرێکی ئەم کۆمەڵە بەتیشکی نورینی ئێوە رۆشن ببوایەتەوەو دنیا تەباو براو کەسی یەکبوایە ، دەبـوو خۆشەویـستی باڵی بکێشایە بەسەر دنیـادا، موسـوڵمان‌و مەسـیحی‌و یەزیـدی‌و کاکـەیی‌و عەلمانی‌و بێدین‌و عاقڵ‌و سەرشێت‌و حزبی‌و بێلایەن دەست لـەملان بـن‌و سەماو ئاهەنگی دۆستایەتی مرۆڤایەتی بەرپابکـەن‌و بازبـدەن بەسـەر ئـەو ئاستەنگانەدا تونێل‌و حزبە پەرش‌و بڵاوەکانی زێـدی بێـساحێب دروسـتی کردبـوو...ئێـوە دەبـوو نـوری بەیـەك گەیـشتنی نەفـسە تاریکـەکان بـن ، بەربەسـتی دروسـتبوونی رق‌و قـین‌و نادادپـەروەریی بـن... هـەڵگری بەیداخی‌برایـەتی‌و دۆسـتایەتی‌و هێمنـی‌و خزمـەتگوزاری بـن، لـەکوێ سوسـەی خزمـەتتان بکردایـە لـەوێ کۆڵبـەرو خزمەتگوزاربوونایـە...نـەك کاسەلێسی دەستەڵاتدارو فەرمانڕەوای وڵات‌و سـەردەم ...ئێـوە بـەهێمای ئاینەکانتانـەوە دەبـوو رەمـزبن بـۆ بـەرزی‌و روح پـاکی‌و خزمـەتکردن بـە مـرۆڤ‌و بـبن بـەباوکی هـەموو پیـشەو کـارێکی‌تر...کـەی بۆئـەوە خولقـاون

کەئێستا دەیکەن...؟!گەر ئێوە لەدوانگەو بڵندگۆی مزگەوت تەکیەو دێرەکانەوە بۆ پەیامی ئاسمان بڕیانایە نەفەرمانڕەواو نەهیچ دروستکراوێکی دی زاتی ئەوەی نەدەکرد کۆمەڵ بەرەو ئەم دەرەنجامە بەرن‌و تونێلی تاریك بەئێوەو پیشەدارەکانی‌تر ئاوەدان بکاتەوە...خەڵکی دڵئاوەدان‌و بەرچاو رۆشن دەبوون‌و بەرلەوەی فریوبخۆن‌و شەیتان‌و ئەهریمەنەکان بەکێشیان بکەن ئێوە دەستان دەگرتن‌و رێنوێنی دوو دنیای جیاوازتان دەکردن " بەدەر لەوانی‌دی ئێوە پترو پتر ئەرك‌و بەرپرسیارێتی لەئەستۆتاندابوو...خەڵکی وتەکانی بەزێڕ دەنووسین‌و بۆ ئاماژەکانیشتان ملی خۆیان دەشکاند...سەد مەخابن چۆن ئێوەش پەیامی ئاسمانتان فەوتان‌و روحتان تێکەڵ بەداواو حەزو خوازەکانبوو ، لەتونێلی تاریکدا بوون بەتووتی‌و گوتە رۆتیناویەکانی فەرمانڕەواتان دووپاتکردەوەو ژیانی خۆتان مسۆگەرکردو دنیای خەڵکتان شێواند...سەد ئەفسووس کاتێ دەبینم ئێوە بەو ئاکامە گەیشتوون‌و پلەو پایەی رەواتان لەدەستداوەو بەمفخۆرو لفلێدەر وێناتان کێشراوەو حزبو فەرمانڕەوا بەویستی خۆی‌و تونێلەکەی هەڵتان دەسووڕێنێت...!!؟

خەمەکانی دۆسیەی تایبەت لەسینەمدا پەنگی دەخواردەوەو بەبێزارییەوە بەژوورە ناوازەو دەگمەنەکەمدا بۆ چەن ساتێك دەهاتم‌و دەچووم..بەدوور لەکورسی‌و مێزەکەم دەوەستام " نیگام دەخستەر سەر کورسیەکەم بەنیشانەی دەستەلاتو فەرمانڕەوایی پێشدەهات بۆم‌و دەسکەکانی وەك دوو رەشمار وابوون‌و تەختی پشتەکەشی دڕك‌و خاشاك‌و قاچەکانیشی ئێسقانی وردو خاشکراوی لەسەریەك هەڵچنراوبوو ، هەرکاتیش لەسەری دادەنیشتم مارو دڕك‌و ئێسقانی وردوخاشکراو ئەندێشەو بیریان داگیردەکردم‌و هەریەك بەجیا بەردەبوون لەروحم‌و هاوارو ناڵەو ژانی بەرپادەکردو هەستم بەمەرگو دوایین ساتەکانی دنیامدەکرد... خۆمم بەقوربانیەکی بێدەستەلاتو نێچیرێکی بەستەزمان دەبینینەوە ... بەچاوێکی ئەشکبارەوە وردەبوومەوە لەو مارانە چۆن ئالآون لەهەردوو

دەستمو وردە درِكو خاشاكی درێژ درێـژیش هەڵـچەقاوە لەپـشتمو مرۆڤـە ئێـسك وردكراوەكـانیش پەیكـەرەكانیان لەسـەریەك هەڵـچنراونو هەریـەك بـەجۆرو چەشـنێك روحـی مـن ئـازار دەدەنو ژانو مەرگەسـات بەلێـشاو دەهێنن بۆم ...پـەیتا پـەیتا بەچاوی سۆزو بەزەییـەوە تەماشـا دەكـەمو بەزمانی حاڵیش دەڵێم: "توو هەموو شتێكی پیرۆز...توو ئەوەی لای ئێـوە خۆشەویستە چیدی ئازارم مەدەنو من خۆم كۆڵوو زوخاڵی رەشم...ناتوانم ئـارام بگـرمو وەختـە پـرزۆڵ پـرزۆڵ دەبمو بۆیـەكجاریی ماڵئاوایتـان لێدەكەم... تووخوا ...توو پێغەمبەر...توو فریشتە ...توو پەیامی پـیرۆز ... تـوو...تـوو..." بـەردەوام تاسـەو فـشاری شكست رووم تێـدەكاتو ئنجـا رووده‌كەمە مارەكانو دەڵێم:

ـ مارە دڵنەرمو بەسۆزەكان چیتر ئازارم مەدەن ...ئێـوە زۆر بەسـۆزو بەزەین " كەی ژار لەبن زارتانایەو كوائێـوە زیانبەخـشنو مـرۆڤ دەگـەزنو مـەرگ دەهـێن بەبـەریا...لێمگـەرێن بـا تـا هێـزم تیایـە ستایـشتان بكەم...بەشانو باڵتانا هەڵبدەم " ئێوە بۆمن دایكو بـاوكو ئـامێزی گـەرمو نەرمنو بەتەنیا لای نەخۆشو بیمارەكان زیانبەخشو بێكەڵكو زیـادن لـەم دنیایە...خۆ ناكرێ بەگوێی گەمژەو گێلەكان بكرێتو قەلاچۆ بكرێن...توو خوا بەسە چیتر ئەمەندە مەئاڵێن لەدەستمو زمانم لێدەر مـەهێننو ئـازارم مەدەن خۆ من بۆ ئێوە سووتاومو كاسەلێسی بەردەكتانم...

لـەمارەكان قوتـار دەبـووم ئـەوجا درِكو خاشـاكەكان رووبـەمن درێـژ دەبـوونو درِكو خاشـاكێكی درێـژو كـورت كـورت هەڵدەچـەقان لەپـشتو لاشەمو بەدەم ئازارەوە لێیان دەپاڕامەوە:

ـــ نەرمـە ئاوریـشمەكانی هـاورێم ، خـۆمن هـاورێو هـاودەمی چـەن ساڵەتانم...چەندین ساڵە پاڵتان پێوەدەدەمو بۆ تەنیا جارێكیش لەرووتانا هەڵنەشاخاومو پلارو نكولیم لێنەگرتوون... !هـەردەم ئێـوە هەڵـچەقیوون لەپشتو ملو گەردنو ئەستۆمو ساتی بێئەشكەنجەم نەبووە...منو ئێوە

بەچەشنێك تەبابووین هەرگیز لەقوربانیو ئازارو ژان نەچووین...هەمیشە من ژانو ئازار دەکێشمو ئێوەش چێژو تام ...

من خوێنم لێدیو ئێوەش خوێناوی دەبن...بەچەشنێ لەگەڵ یەك تەبابووین بێیەکتر هەڵناکەینو لەدیدوبۆچوونی منا ئێوە بوون بە لۆکەو ئاوریشمو نەرمترین پاڵپشتو پەنا... توو پیرۆزترین بوون لاتان بەس بمچەوسێننەوە...

درێو خاشاکیش هەڵدەچەقایەوە بەکورسیەکەداو ئەوجا ئێسکەپەیکەرەکان تەوقیان دەدامو یەکێك درێژو یەکێك کورتو یەکێك باریكو یەکێکیش ئەستوورو قەبەو ددانیان لێدەدام بەیەکاو بەجۆرە جموجوولێك بازنەیەکی بێبوارو تەسکیان لەدەورم دروستدەکردو بەتەقە تەقەو نرکە نرکی دەستو قاچ بەیەکداداان هەمووشتێ حاڵی دەبوومو لەسەر ئەژنۆکانم بەچۆکا دەهاتمو رووم تێدەکردنو دەمگوت:

ـ گوناهی من نەبوو ئێوە کران بەقاچی کورسیو چەن ساڵە لەسەرتان دانیشتووم...بمبورن ... بەخوا فەرمانڕەوا ئەم کورسیو مێزەی پێدامو من چوزانم ئێوە نەفسە بەرزو روحە پاکەکانی دنیانو خاوەن ئەو هەموو جوانیو قەشەنگیەن...دڵنیابن ئاگام لەئێوە نەبووەو نەمناسیون " ئەگینا حورمەتو رێزی زیاترم دەگرتن...من چوزانم ئێوە نەفستان ئەمەندە پاکەو خۆڕاگرنو چەندین ساڵ لەسەرتان دادەنیشم کەچی هیچ ناکەنو ئارام دەگرن لەبەردەستی منێکی کاسەلێسو بەرکۆشی فەرمانڕەوادا... تووخوا بمبورنو ئەمجارەش چاوپۆشیم لێبکەن تکاتان لێدەکەم شەرتبێت بەشەرتی مەردو گوستاخەکانی مەیدان جارێکی دی لەسەرتان دانەنیشمو لەپیرۆزترین جێگەو شوێندا هەڵتان بگرمو خۆئەگەر رازیبن لەبەرزترین سووچی ئەم ژوورە یان ماڵەکەمدا داتان دەنێمو رۆژانە سەری نەوازشو رێزتان بۆ نەوی دەکەمو جارێکیتر نابم بەئەرکو مایەی زەحمەت بۆتان...".

لـەناكاو سـەرم گێـژی دەخـواردو بۆچـەن سـاتێك بێهـۆش بێهـۆش دەكـەوتمو ئیـدی مـارو دڕكو خاشـاكو ئێـسكە پەیكـەرەكان روحیـان هەراسانو جاڕسدەكردمو بـەدەم هـاوارو قیـژەو گریانـەوە دیسان هۆشـم دەكردەوە...چاوم لەژێر كاریگـەری دیمەنـەكانی ئەندێـشەدا لێـڵ دەبـوو " ئنجا بڕستم دەدایە بەرخۆو لـەنێو حەژمـەتو مەینـەتا دەهاتمـەوە دینـای واقیعو ورد ورد نیگام دەخستەسەر پێكهاتـەو كـەلو پـەلی ژوورەكـەو تێـر تێـــر لەكورســـیەكە ورد دەبوومـــەوەو نەدەســـكەكانو نەپاڵپـــشتو نەقاچەكانیش هیچ كام لەسروشتی خۆیـان بەدەرنەچـوبوونو شـتومەكی ژوورەكـەم وەك خـۆی وابـوو بەتـەنیا مـن رەنـگ هـەڵبزڕكانو تـرسو بـیم بەدەمووچـاومەوە دیـاربوو...لەئاوێنەكـەدا بـەوردی تەماشـای چـاوەكانم دەكـردو لەوەدەچـوو بروسـكەیەك لێیـدابێتو كردبێتـی بـەگۆمی خـوێنو بینایی كزكردبێت ...رەنگیـشم لەمردوویـەكی زەردهەڵگـەڕاوی دەرهـاتووی كفنێكـی پرزۆڵبـووی سپیدەچـوو...جەستەشـم شـەكەتو مانـدوبوونێكی بێوچانی پێوەدیاربوو... هیـچكام لـەقاتو بۆینبـاخو كراسـە گرانبەهاكـەم ئـــەو دیمەنـــەیان نـــەبواردبوو...تاكـــە تروســـكێك لەنیگایـــەكی تاســـاوی چـاوەكانمەوە دەهـاتو لـەنێو ئـەو گۆمـە خوێناویـەدا سـپی سـپی جـار بـەجارێك بروسـكەیەكیان دەداو بۆخـۆم واهەسـتم دەكـرد روحـم لەوێـدا گیرساوەتەوە بۆیە دەرناچێتو ناتوانێت ئەو گۆمە خوێناوییـە ببـەزێنێتو بەئاسانی روەو ئاسمان بڕوات...

لـەپاش ئـەو جەنگـە دەروونیـەوە ئـەوجا دۆسـیەكەم لەسـەر مێزەكـە دەبینیەوەو توانای ئـەوەم نـەبوو هـەڵیبگرمو پـەڕە پـەڕەی بخوێنمـەوە، بەشـــەكەتیو مانـــدوبوونێكی بێئەنـــدازەوە لەبەرانبـــەر دۆســـیەكەیا دادەنیـــشتمو دوراو دوور بـــەدەم ئەندێـــشەو خەیاڵـــەوە لاپـــەڕەكانم هەڵدەدایـەوەو لـەدەركی پیاوەئایینیەكانـەوە بەدەردەكـەوتمو ئـیتر دنیـا بەیـەكجار دەشـێواو مەملەكـەتی شـەڕ بـاڵی دەكێـشا بەسـەریا...چـەرخو سـەدەكانی رابـردوو دەگەڕایـەوە سەرشـانۆی ژیـانو مێـژوو لـەخاڵێكی

دياريكراودا دەوەستاو گشت بزاوتو جووڵەيەكيش رەق رەق لەدوو توێدا مۆڵى دەبەستو يەك دنياى راوەستاوى مەنگى نيشاندەداو مرۆڤەكان بەرووتو قووتى هەڵسوكەوتيان دەكرد لەوسنووره بچووكەدا جار جارەش بەيەك پێدەكەنين...ئەوەشى سەرنجى رادەكێشام كەس تەماشاى ئەوى دى نەدەكردو هەريەك بۆخۆى سەرمەستبوو...پێكەنينەكەشيان حاڵەتێكبوو بەدەر لەئيرادەو ويستى خۆيان وقالبو بەرگێكى سەپێنراوى دەرەوەى بازنەى خواستو ئيرادەبوو...

هەرچەند دەكۆشامو فشارم لەخۆدەكرد نەمدەتوانى لەوديمەنە هەڵبێمو بەدەم شكستو دۆڕانێكى نەفسيەوە شلكوتى رووداوەكان دەبوومو بێدەنگ رادەمام لەسەرى...مرۆڤەكان هەر لەرێو شوێنى خۆيان مامەڵەياندەكردو عەرەبانچيەكان لەپێشبڕكێو كێبەركێدابوونو هەركەس بەرووتو قووتى بەعەرەبانەكەيەوە نەفسى شەكەتو ماندوو دەكرد هەتا پێش هاوەڵەكەى بكەوێتو فەرسەخێك بەر لەهاوەڵەكەى بگاتە رێو شوێنى دياريكراو... ئەوەشى سەرنجى راكێشابوومو تووشى سەراسيمەى كردبووم نازانم ئاخۆ فەردە خورماو كارتۆنە مۆزەكانى سەر عەرەبانەكان چيان لێهاتبوو...؟!بۆ بەخاڵى ئەو هەراو هورياىەيان نابوويەوە...؟!چى واى لێكردبوون لەخانەيەكى بەتاڵا هەنگاو هەڵبگرنو بێبار ئەو هەموو ئارەقو هەناسە سەختانە دەربدەن...؟!لەولاشەوە گەيشتن بەشوێنى دياريكراو بێئەنجامو مەبەستێك دوايى بێتو لەناچاريشدا گاڵتەو بازى بەيەك بكەن... نازانم بۆ ئەو هەموو ماندوبوونەيان بەهەدەردەداو نەفسيانو عەرەبانەكانيان شڕۆڵو خراپدەكرد...؟!هێشتا تاساوى ژێر بارى گەلە پرسيارێك بووم لەناكاو خۆم لەنێوجەرگەى شارا بينيەوەو لەگەڵ فەرمانڕەوادا ميوەو سەوزەمان دەفرۆشت...هەرچەند هاوارمان دەكرد كەس هيچى لێنەدەكڕينو گورزە نەعناو كەوەرو تەرخوونو تەڕەتيزەو تەڕەپيازو مەعدەنووس لەپێشەوەى عەرەبانەكەدا هەڵچنيبوو

لەدواکەشیدا مۆزو پرتەقاڵو سێوو هەنارمان دانابوو...عەرەبانەکەمان یەکجا درێژبوو... فەرمانڕەوا زوو زوو بەمنی دەوت:

ـ هەتیوو هاوارکە... هەمووی خەتای تۆیە کەس لێمان ناپرسێتو نایەت بەلامانەوە ...کوڕی سە ...هاوارکە...بقیڕێنە ...بادەنگت بنووسێت... باوزەو بڕستت لەبەر ببڕێت...نابینی گەمژەو کەودەنەکان چ بازاڕێکیان هەیە...؟!تەماشاکە ئەو جووتە...بڕوانە لەبەیانیەوە چیان فرۆشت لەسەر ئەو عەرەبانەیە...!؟خۆشت دەزانیت چاك دەکەن...هەموو دەڵێی کوڕی یەك بەرە بابنو لەقۆڵبڕینو غەشکردندا نموونەیان نییە...تامشتەری داماو سێوێکی باش تێدەکات ئەوان بەدوو دەستو پەل عەلاگە رەشەکەی بۆ پڕدەکەنو هەرناشیەڵن بزانێت چیان بۆتێکردووە...!هەتیوو لەگەڵ تۆمە هاوارکە...هاوار...مەعدەنووس " کەوەر " تەڕەتیزە" تەڕەپیاز " مۆز " هەنار" سێو" ....چی دڵحەزی پێدەکات لامان دەستدەکەوێت...دەوەرنەوە دەی...دامان شکاند .... خێراکەن خێرا...

لەبەر دڵی فەرمانڕەوا پڕبەدەمو بەقوڕگو تۆنێکی بەرز هاوامدەکردو عارەقی شینو مۆرم دەردەدا ، بەلام بێکەڵکبوو...مشتەریەکان ئاوڕیان لینەدەدایەوەو لەوحەشاماتەدا دەبووین بەتیزەجاڕی میوەوسەوزە فرۆشەکانو بەدەم بازاڕ ساردیو بێمشتەرییەوە لەشوێنی خۆمان هەڵدەتروشکاینو من لەخەڵك مۆڕدەبوومەوەو فەرمانڕەواش لەمن...! سەگی سەگ...ئێوە شایستەی ئەو رزقە جوانەی ئێمەنینو کوڕی باوکی خۆتانن...ئەگینا چۆن بازدەدەن بەسەر ئەو هەموو نازو نیعمەتەیاو دەچن دەنووسێنەوە بەوشتە مەگەزاویو پۆخڵانەوە...ئەوەتا بەدیار چاوی خۆتانەوە چ شەیتان بازاڕێکە بزانە کەستان زاتی ئەوەدەکات عەلاگەکە دابنێتەوەو بڵێت نامەوێت رزقی خۆت بۆ خۆتو پارەی خۆم بۆ خۆم؟! بەوقەلافەتەوە لەو عەرەبانچییە سەرزلو تەنگەئەستورو پۆخڵانە دەترسن...چما ئێوە خۆتان بەپیاو دەزانن ...ترس ئاوا زاڵبووە

بەسەرتاناو ناوێرن زیاد لەدەنکێ یان دوانیش بخەنە سەر ئەوگەندەرزقەی بۆتان تێدەکەن...ئەی بۆنابینن ئەوان بەوررزقە ناشیرینەوەو ئێمەش بەو هەموو رزقو رۆزییە جوانەوە...وێڕای ئەوەش فەرمانڕەواو منی کاسەلێس بەدەستو پەنجەی میهرەبانو بەسۆزەوە بۆتان تێدەکەینو وەك ئەوان بێویژدان نیینو رێگەش دەدەین بەخۆتان هەڵیبژێرنو عەلاگەکەی لێپڕبکەن...ئەی...ئەی لەئێوە ...خۆتان گەندەڵیو پیسی هەڵدەبژێرنو دواتریش چکڵی لێدەدەنو هەراو بەزمی لەسەر بەرپادەکەن یان سەرکزدەکەنو هەزار جنێوو قسەی ناشیرین دەدەن بەو بەقاڵەی سێوی گەنیوو پرتەقاڵی تەپیوو مۆزی رەشهەڵگەڕاوتان بۆ تێدەکات...خۆئەگەر لێشتان مۆڕببێتەوەو تاکو تەراتان بڵێ نامەوێت ئەوا بازاڕ دەڕژێنێت بەسەریاو دواتر بەنەرمو نیانیو کاسەلێسی دڵی بەقاڵی پاڵەوان دەداتەوەو بەدەم هەزار دینارو دۆلارو ماڵی دنیا دەکات بەقوربانی سەریو هەرزۆریشی بۆهات ماڵو ناڵیشی دەگێڕێت لەدەوری سەریو هەرگیز نایەڵێت دڵی گەرد بگرێتو زویر ببێت...ئێمەش بەئەدەبێکی بەرزەوە رزقی خۆمان دەخەینە بەردەستانو خۆشتان سەرپشك دەکەین کەچی بێقیمەتو نرخ لێمان وردەبنەوەو لووتمان پیاناژەنن...

لەناکاو فەرمانڕەوا دەینەڕاند بەسەرما:

ـ "سەگ...با...بەلەدێ هات... "

هەر عەرەبانەبوو دەنووسا بەعەرەبانەی ترەوەو فیکوهوڕ هەڵدەستاو پۆلیسو چاودێرەکان بەدارێکی درێژەوە دەستیاندەگرت بەسەر عەرەبانەو تەرازووداو گەلێکیشان بەکۆڵانە تەنگەبەرەکاندا بەخێرایی هەڵدەهاتن یان قاچی عەرەبانەکە دەردەچوو تەماتەو سێوو خەیارو پەتاتەو سەوزە بەسەر شەقامەکەدا بلاْودەبوویەوەو بەقاڵی بەدنگینیش تفی لەپشكو بەشی لەعنەتی خۆیدەکردو بەدەم ئاهو حەسرەتەوە دەیگوت:

ـ تف لەو بەشە...رۆژ تا ئێوارە دەبێت ئەم کۆلانەو ئەو کۆلان بکەینو بەفسکە فسکو ترسەوە کارو کاسبی بکەین ، ئەم کەلەگایانەشمان بۆ هەلدەتۆقێنو راواوێنی ئەم بازاڕەمان پێدەکەنو...

پۆلیسەکەش بەحەیزەرانە رەشەکەیەوە دەگەییە سەر عەرەبانچییەکەو پڕ بەبازاڕ دەیقیڕاند:

ـ کوڕی سە... هەناسەمان سواربوو بەدواتانا... بزانە چ جەنجالییەکتان بەرپاکردووە لەم بازاڕەدا ، دەلێی کەلاوەیە...رێگەوبانەکەشتان لەو خەلکە هێناوەتەوە یەکو پیسو پۆخلی دنیاتان هەلڕشتوە لەم ناوەدا...

عەرەبانچی قوڕبەسەریش بەدەم بێزاریو وەرسبوونو کۆکردنەوەی رزقی تەپیوی هەلڕژاوەوە دەیگوت:

ـ قوربان ئێمەش چارمان نییە...فەقیرو هەژارینو بێکارو کاسبین.. ئەمەش نەکەین مالو منالمان لەبرسانا دەمرێت...

ـ چش...چش ...ئێوە بەهیچ تێرنابن ...یەکی لەچەندلاوە خەریکنو هەر وازناهێننو وێڕای ئەوەش دیاردەی شارستانی بەم شارەوە دیارنییەو دەلێی گوندو ناحیە چەپەکەکانە... هەرگیز ئەمە لەشار ناچێت...

ـ قوربان چی بکەین منالمان وردە...

ـ قورمساخ هەموو ئەم دەستەواژەیەتان کردوە بەبنێشتە خۆشەی ژێر ددانتانو دەتانەوێت چاوپۆشیتان لێبکرێت...

ــ گەورەم بەچاوی خۆت بینیت رزقەکەم چی لێ بەسەرهاتو عەرەبانەکەشم کەلکی پێوە نەما...بەلکو بمبوریتو وەعدبێت جارێکیتر دیارم نەبینیت لەم بازاڕەدا...

پۆلیسەکە بۆچەن ساتێك بێدەنگ دەبوو ئەوجا دەیگوت:

ــ چاوت لێبپۆشم...دوایش بلێیت هەلمخەلەتانو فریومدا... هەی کوڕی... تۆبزانە ئەم بازاڕەتان چۆن جەنجالکردوە...هەموو رۆژێکیش پاش تەوابوونی سەوزەو میوەکانتان هەلدەستن بەسووتانی سندوقە

سێوو داروتەختەو مەقەبا لەنێو شەقامەکەداو ئەو هەموو دوکەڵو دۆرنجە بەسەر شەقامو ئاسمانو کۆڵاندا بڵاودەکەنەوە...

عەرەبانچیەکە بەکەساسیەکەوە دەیگوت:

ـ قوربان بەخوا سەرمامانەو دڵنیاشبە لای کەس ناڵێم بەریدام...

ـ دەك رەق ببنەوەو بتۆپن ...بەخوا وازت لێناهێنم...

مــنو فــەرمانڕەواش بەبێــدەنگی شــوێنی چــاودیرو پۆلیــسەکان دەکەوتینو عەرەبانەکەی ئێمە لەناو عەرەبانـەکانیتردا وەك گـای سـوور وابوو درێژو پڕ رزقو خۆشمان زۆرتێك نـەدەداو دڵمـانخۆش نـەبوو بـەکارو کاسبیەکەمان...

پەیتا پەیتا پۆلیسەکان لێیان دەخوڕینو پاڵیان پێوە دەناین...دنیـای شــار تــەواو شــڵۆقابوو " بەتــەنیا مــنو فــەرمانڕەوا بێــدەنگبووینو لەوحەشـاماتە وردەبووینـەوە" بۆچـی شـار هـەمووی بـوە بەعەرەبانـچی سەوزەو میوەو ئـەو چـەن سـەد پۆلیـسە ئاوهایـان لێدەکـەن...!؟ لەهـەر کۆڵانو کوچـەیەکەوە هـەزاران عەرەبانـچی دەردەپـەڕینو دەکەوتنـە بـەر قامـچیو دارە رەشـی پۆلیـسەکانو وەك جڵـەوە ئـاژەڵ دەیاندایەنەبـەرو رووبـەدەزگای پـۆلیس دەیـانبردین، عەرەبانـچیەکان هـەر خـەریکی ورتـە ورتو خرتەو بۆڵە بۆڵبوون...حاڵی نەبووم ئاخۆ چی دەڵێنو بـۆ بەئاشـکرا دەنــگ بــەرز ناکەنــەوە...!؟حەشــاماتی عەرەبانــچیەکان هــەموو جموجــوولێکی شــاری پەکخــستبوو...شــۆفێرەکان ئوتومبیلــەکانیان کوژانـدبوەوەو هەریـەك دابـەزیبوو تەماشـای ئـەو رووداوە سـەیرەیدەکرد کەواشاری خرۆشاندبوو...چەرچیو دەستگێڕو کۆڵکێشو حەماڵـەکانیش دڵیان دەسووتا بەو عەرەبانچیانەی ئاوا بەزەلیلیو سووکایەتیەوە بەکێش دەکران...ژنـانو کـچان دەیانکێـشا بەروومـەتی سـوورو ئـاڵو ناسـکیانداو دەیــانگوت:"دەســتی شــکاومان بــۆ ئــەو عەرەبانــچیە جوانانــەی ئــاوا سووکایەتیان پێدەکرێت لەلایەن پۆلیسو چاودێری دڵڕەقەوە...!".

لەماوەیەکی یەکجار کورتو کەمدا شار جۆرێك لەخرۆشانی بەخۆیەوە بینی ، هەرگیز بەوچەشنەی لێنەهاتبوو " خەڵکی پۆل پۆل ژنو پیاو پیرو منداڵو لاوو گەنج خۆیان دەهاویشتە نێو عەرەبانچیەکانو بەیەك دەنگ هاوسۆزی خۆیان بۆ دووپات دەکردنەوە...هەر پۆلیسو چاودێربوو لەتاوا هەڵدەهاتنو کونو قوژبن نەمابوو خۆیانی لێبشارنەوە...حەشاماتەکە لەچینێکەوە گوێزرابوەوە بۆ سەراپای میللەتو هەموو بەنێویەکا بەیەك سرووت هەنگاویان دەناو کەسیش لەرەوتی گشتی حەشاماتەکە دەرنەدەچوو...فەرمانڕەواو من دیارترین کەسی حەشاماتەکەبووینو عەرەبانە گەورەکەمان تایبەتمەندییەکی گرنگو سەرنج راکێشی پێدابووین...بەردەوامیش بێدەنگی زاڵبوو بەسەرمانداو بەویقارو خودێکی سەنگینەوە لەنێوکاروانی حەشاماتگەلدا دەرۆیشتین...لەناکاو دەنگی هوتاف کێشان بەرزبوەوەو منو فەرمانڕەوابووین بەپالەوانو نوێنەری گەورەی عەرەبانچیەکانو لەهەرچوار لاوە خەڵك رژان بەسەرمانداو عەرەبانەکەیان بەرزکردینەوەو خۆشمان کراینەکۆڵو بەروحو گیانیان بەفیدامان دەبوون ، فەرمانڕەوا بزەی سمێڵی دەهاتو منیش بەتیلەی چاو لێی وردەبوومەوەو یەکەمجاربوو ئاوا عەورەتو گیانی دەربکەوێتو بەسەرشانی لایەنگرو خۆشەویستاندا بێتە خوارەوە...حەزمدەکرد تێر تێر لێی وردببمەوەو سەدانجار لەدەوری گەڕێم چۆن لێرەش پاڵەوانەو خەڵك دۆزییانەوەو کردیان بەرەمزو هێمای شۆڕشی عەرەبانچیەکان...

هوتافەکان پتر جەماوەرەکەیان دەخرۆشاندو لەچاوتروکانێکدا دامو دەزگاو دنیای پۆلیس لەبەرچاو ونبوون...شۆڕشی عەرەبانچیەکان گەیشت بەپایانو فەرمانڕەواو منیش لەکۆڵی ئەوحەشاماتە داگیراینە خوارەوەو ئەو کەوت بەسەر تەختێکی بەرزو بەریندا‌و خەڵکی چین چین لەبەردەمیا سەری نەوازشیان نەویدەکرد...ئەو عەرەبانچیانەی بازاڕ بوون بەفەرمانڕەواو دنیا ژێرو ژووربوو... منیش کەشەوو رۆژ لەخزمەتی فەرمانڕەوادابووم دوورکەوتمەوەو بەحاڵ دەنگم پێی دەگەیو ئەویش

لایەکی بەسۆزی لێنەدەکردمەوەو رۆژانی سەختی کاروکاسبیو خەباتی دژ بەپۆلیسو چاودێرەکانو رفانی عەرەبانە گەورەکەی لەبیر کردبوو...چەند جارێك هات بەسەرما دەستبکەمەوە بەسەوزەو میوەفرۆشتنو داوابکەم لەفەرمانرەوا عەرەبانە درێژەکەم پیێ بدات سابەڵکو گریێی بەختی منیش بکرێتەوەو لەهیچەوە ببم بەشت...ئەقڵم قبوڵی ئەو رەزالەتەی نەدەکردو بێزم دەهاتەوە لەوپیشەیەو سەرجەم پیشەکانی تریش هەموو پیشەکانم بەجۆرێك لەخۆ خەریككردنو سەرقاڵیەکی بیێمەبەست دەزانیو لەوشارە رووتو قووت پۆشەدا هەرچاوم لەخۆم بوو بەس...وامدەزانی من دروستکراوی یەکەمو دوایمو چ پێویستیەکم بەئیشوکارو نەفس رەنجاندن هەیە...مادام مێژوو لەوادەی مت بووندایەو ژیانیش بەرۆتینیکی رۆژانەی هەراسان ئامێزدا تێدەپەرێت...واباشە رۆژانە دەرکی عەرەبانچیو کۆڵگێرو چەرچیو حەماڵو میوەفرۆشو سەموونچیو دوکانداروو نانەواو بازرگانو شۆفێرو دەلاکو قەسابو مریشك فرۆشەکان بگرمو بەچاویسەر گاڵتە بەو هەوڵە مردوەیان بکەم ، من حاڵیبووم ئەوان لەم شارە رووتو قووتەدا تەواوکەری سیستمێکی رۆتیناوی گەندەڵن...لەدەرکی هەرکەسێکیان لابدەیت قۆڵبرینو گیرفان داتەکینو پارەکێشانەوەو بەزەیی نەهاتنەوە بەهاوولاتیاندا بەدی دەکەیت...هەریەك بۆدەرفەتێك دەگەرێت ملی بەرانبەرەکەی تیابشکێنێ...پێکهاتەی کۆمەڵگەکەیان وادەخوازێت ، لەهەموو لایەکەوە رژاونەتە نێوشارو خەڵکی هەمە رەوشو کردار یەکیانگرتووە...کاتیێ بەبازاردا دەرۆیت بۆنی پارە دەکەیتو بیێپارەش سووكو رسواو نزم تەماشا دەکرێت...هەرئەو چەرچیو دەستگێرو کۆڵگێرو شۆفێرو سەرتاشو چینە رەنجبەرانەن عەرەبانچی سەوزەو میوەکانیان گەیاندە تەختی فەرمانرەواییو ئێستاش خۆیان بەوحاڵو بارە گەیشتوونو لەبری گۆرانی حاڵی بازارو شوێنی پارە پەیداکردنیان تەواو وێرانتربوو...ئێواران " بەیانیان" شەوان" گشت ساتو کاتێك دنیای شار جمەی دێتو لەبەر ئوتومبیلو جموجووڵی کاسبکارو هاوولاتیان هەراسان

بـوونو ژنــه هەسـت ناسـكو كيـژە بـەنازەكان ئومێـد بـەكوێرە گونـدێك دەخوازن تێیدا پاشماوەی ژینیان بەرنەسەر...خودی شاریش بەچەشنێكی لێهاتووە نالێی ئەوشارەی جارانـەو جێتەنەكەیـەكیش بـۆ دەنكەشـقارتە فرۆشــتن دەسـت ناكــەوێت... خــەڵكی مقۆمقــۆی ئەوەیانــە چــۆن ئــەو عەرەبانـچیی میـوەو سـەوزەیە ئـەم شـارەی بـەودەردەبرد...؟!تەنانـەت نووسەرو رۆشنبیرەكانیش رەخنەو نكوولیەك ناگرن جێگەی مەترسی بێـت بۆ فەرمانڕەوا...بەشێكیان بوون بەكاسەلێسو بەشێكیـشیان كەرێژەیـەكی یەكجار كەم دەنوێنێ سـەری خۆیـان كزكـردوەو بـەدیار رۆژنامـەو كتێـبو كــۆڕو وردە چــالاكیەكی رۆشــنبیریەوە رامــاون...رۆژنامــەو گۆڤارەكــان كێبەركێیانـــە لەبڵاوكردنـــەوەی هـــەواڵی پڕوپـــووچو رۆژنامەگـــەریی كاسەلێـسدا...شـەپۆلە رۆتـین پۆشـەكان ئەوانیـشی گرتوەتـەوەو لەسـەر تەرزێكی دیاریكراو دەنووسنو لێی لانادەن...شاربوە بەگونـدێكی گـەورەو شارستانیەت گشت پێكهاتەیەكی خۆی ونكردوە...

زانكـۆو پـەیمانگاو خوێندنگـەو نێوەنـدە رۆشـنبیرییەكان لەیەكـەكانی كۆمەڵگـەی مەدەنیـەوە گـۆڕاون بۆیەكـەی رۆتــین پــۆشو بــەو مۆركــە رەنگكراونو گۆڕان هیچ سووسەو باسێكی نییە...

بەنائومێـدی دەگـەڕام بەشـارا ، بڕیـارم دابـوو نەبمـە خـاوەن هـیچ پیـشەیەكو بەتـەنیا تەماشـاكەم...وردببمـەوە چـاوبگێڕم لـەو كۆمەڵگـە مەنگـەی دنیـای دادەپۆشـی...لەوپیـشانەی رۆژ بـەرۆژ مـەرامو مەبەسـتی مرۆڤانەیان تیـادەبردو دەبـوون بەپیـشەی دینـارو دۆلار...لەوكەسـێتیانەی لەناكاو لەدایك دەبـوونو ئـەپارتماو ئوتـومبیلی دوایـین مۆدێـل چاوەڕێی دەكـردن...لـەو عەرەبانـچیانەی تـادوێنێبوو بـەدەنگو هـەرایان شـەقامو كـۆڵانی شـاریان دەهەژانـدو ئـەمڕۆش لەبـەرزترین ئاسـتی دەسـتەڵاتەوە دەبینــرانو لەكۆشــكی چــەند نهــۆمو ڤــێلای هــەزاران هــەزاران مــەترو گەلەئوتومبیلی مۆدێل بەرزو لەسەر شاشەو روپای تەلەفزیۆنەكان لێدوانو گفتوگۆیاندەكرد ...من لەورۆژانەدا بەتەنیا پیشەم گەڕانو وردبوونەوەبوو"

وردبوونـەوە لەرەوشـی مـرۆڤ بەسـەرجەم رەهەندەكانیـەوە...چـاوگێڕان بەشـاری گوندنـشینداو وردبوونـەوە لەودیاردانـەی تاسـەی مـەرگێكی كتوپڕیان بەبەرا دەهێنام...وچانم دەگرت لەسـەر دیاردەكانی گـوزەرانی ژیانو مرۆڤم بەهۆی گشت مەینەتو ناسۆرییەك دەبینیەوە...قێزم لـەخۆم دەهاتـەوەو لەگـەڵ شـێتەكانی شـاردا دەسـت لـەملان دەبـوومو كۆڵانـەو كـۆڵانو شـەقامەو شـەقاممان دەكـردو لەچـایخانەو گازینۆكـانی شـار لامانـدەدا...دەبـووین بەمایـەی رابـواردنو گاڵتـەجاڕیو بـەدەیان بـەزمو هـەرایان پـێ بـەرپا دەكـردین...جنێومـان دەدا بەیـەكو بـەرووی یـەكا هەڵدەشاخاینو جاری واش هەبوو وەك كەسـێكی رێـزدار چـایان دەخستە بـەردەممانو بـەگۆرانیو وردە جنێـو بەیـەك دەسـتبەردارمان دەبـوون... لەناخیشدا هەستم بەرووداوو باروحاڵەكاندەكردو هاوڕێ گیریم بۆ پیشەكان بەتەنیا شاردنەوەی سوێو ژانو ئێشی ناخم بوو...ئەوەی بەشـێتی لێیـان قبوڵ دەكردم هەرگیز بەئاقڵی جێگەی پەسەندبوون نەبوو...شێت خاوەنی دنیـابوو ...رەخنـەو نكـوولی لەسـەرجەم پێوەنـدو بـارێكی وڵات دەگـرت بەجنێوو قـسەی ناشـیرین " بـەپلارو سـووكایەتیو رابـواردن...هـیچ كـەس لەنەشتەری شێت قوتار بوونی بۆ نەبوو ...فەرمانڕەوا " گچكەبەرۆكەكانی" كاسەلێسەكان...ئـەمو ئـەو...دەكەوتنـە بـەر رێژنـەی پلاروقـسەو جنێـوی گەلەشێتەكانی شارو خەڵكی داخ لەدڵیش پتر بەنزینیان دەكـرد بـەئاگرداو هانیـــان دەدان تـــا ئـــەوان بـــبن بەپاڵـــەوانی نـــاڕەزاییو خـــەمو قینەكانیان...شێتی ئەو بەرگـەبوو كەدەیپاراسـتم لەتۆڵـەو خەشـمو قینـی فەرمانڕەواو پیاوەكانی...شێتی بەرگی نوێمبـوو...دەمـم دەكوتـا لەهـەموو مەسـەلەو باسـە چـارەنووس سـازەكانی ...شـێتی دنیایـەكبوو لـەزانینو بێئاگایی...دەریایەكبوو مـرۆڤ تێدا مەلـەی دەكـردو غـەرقی جموجـووڵو هەڵسوكـەوتی جیاجیـادەبوو...ئـەوەی جێگـەی سـەرنجبوو لای خـەڵكی هـــەرگیز دووشـــێت بەیەكـــەوە تەبانـــەدەبوون...چـــۆن مـــنو هەریـــەك لەوشـێتانەیان بەیەكـەوە دەبینـیو دەتـوت دەسـتەو رەفیقـی گیـانی

بەگیانیین... ! ؟شێتە هاوڕێکانم نەفسیان پاکبوو...وەك منالێك وابوونو قسەو گوفتاریان هەر لەو سنوورەدابوو" منیش زۆرجار هەوڵمدەدا شێتێکی هاوچەشنی ئەوانبمو بازبدەم بەسەر تەمەنو قۆناغەکانی ژیانمداو شێت بم شێت ، شێتێك وەك هەموو ئەو شێتانەیتر...منالٚ ئاسا " پاکو پاکیزە" روح سووك " بەلەسەو بێپەرێز" دڵپاکو دەم پیس...سەدان جار هەوڵمدەدا بەڕێو شوێنی شێتەکاندا بچمو لەدەرکی هەریەکەیان فێری دەرسێك ببم...بەچەند رۆژ بەدوایانەوەبووم، کۆڵانەو کۆڵانم دەکرد" هەندێکجار دەکەوتمە بەر تەوژمی هستریاو بەلەسەبوونی شێتان...شەقو تفم بەردەکەوت...زۆر بەنەرمو نیانی باوەشم پێدادەکردنو هێورم دەکردنەوە، دەمویست تێر تێر بگریم بەسەریاناو غەمو خەفەتی نێو دڵەی زامدارم لای ئەوان سارێژبکەم... دەمویست ببم بەخۆڵی بەرپێی ئەوچینەی کەسەرمەستو غوماربوو لەولاتو فەرمانڕەواکانی، ئەوان تاقانەبون لەدەستپاکیداو بێبەهرەمەندترین گرۆهیش بوون لەگۆڕانی حوکمڕان بەحوکمڕانێکیتر...زۆر سەرسام بووم بەجموجوولٚیان...هەیانبوو تاهێزی تیابوو گۆرانی دەوتو هەڵدەپەڕیو وشەی دەبەست بەدوای یەکاو بێئەوەی بزانێت مانای گۆرانیو وشەکانی ، وێڕای ئەوەش فرە خۆشحالٚو شادبوو، هەشیانبوو هەمیشە خەمۆکی باربوو بەسەریەوەو هیچ وشەیەك لەزاری نەدەهاتە دەرەوە... ! هەیانبوو هەر دەگریاو وەك کارەساتێکی گەورەی لێقەومابێت ، هێماکانی نەفسی شێتەکان بۆمن رەهەندو دەلالەتی تایبەتیان هەبوو...ئەوان شێتی واقعێکی مردوی بێروح بوون، ژیرو عاقڵەکانیش رێزداری داتەپیوو هەست مردوی ولاتێکی زنجیر پێوبوون... هەرکام لەو شێتانە بۆخۆی خوێندنگەیەکی تایبەتبوو...دەبوو هەمیشە لەخزمەتیدابیت تا حالٚی ببیت لێی...شێتەکان کلیلی گشت بارو دەروازەیەکی داخراوبوون، باشتر لەعاقڵەکان کۆمەڵیان تەیدەکردو بەهەستێکی منالانەی بوێریش گوتارەکانیان دەردەبڕیو رانەدەمان لەدەوربەرو چاو سورکردنەوەو کۆتو بەندەکانی کۆمەڵگەی داخراوی

سەرقەپات...شێتی لەبنەڕەتا بەهرەبوو، دەلاقەی نەفسی بوو بۆ سەدان سەرگەدانو وێڵو بیماری وەك منیش...هەمیشە چاوم پێیان دەکەوت باوەشم پێدادەکردنو لەناخمەوە حەزمدەکرد پردێکی گفتوگۆ دروست بکەم لەگەڵیانداوبلێم:"روحە زیندوەکانی کۆمەڵ...دنیای وڵات تاریك تاریکبووە...چرپایەکیش لەهیچ کونجو ماڵو لانەیەکدا نەماوە...زۆرگەرام..شەکەتو ماندوبوومو برستم لەبەربرا...چینەکانم تەیکردوەو خەڵکم بەپیشەوکارو فرمانەوە هەڵسەنگاندوە...تاریکاییەکە یەکجار چەتوونە" شەوو رۆژ ئەم وڵاتە بەوچەشنەیە" کەس ناتوانێت لافو گەزافی ئاوەدانی لێبدات...ئێرە وێرانە وێران...بەتەنیا تەویلەو توونی حەمامو قنگەجنۆکەکانی ئێوە ئاوەدانە... دنیای دەرەوە وێرانەو خەراباتێکی چەتوونی بێتروسکە...تاکە ئومێدێکم مابێت ئێوەن...توخوا دەستم دامێنتان چڵکنە قاچ کرێشاویو قژ ئەپسپێیاویەکان ناهومێدم مەکەن...رۆژێکەو ئەمرۆ فریای منو هەزارانو ملیۆنەها مرۆڤی ئەم وڵاتە بکەون...عەرەبانچیەکان واخەریکە دنیا بەیەکجاریی تێکدەدەنو دیاردەشارستانیەکان لەنێو دەبەن...عەرەبانچیە شۆرشگێرەکان " ئەوانەی دژ بەپۆلیسو چاودێرە رەقەکان هەڵچوونو تەختی دەستەڵاتیان رماند بەنیازن بیناو ساختمانەکانی شارتێکبدەنو لەبریا دەوارو کەپر دروست بکەنو لەژێریا عەرەبانە دابنێن...بەنیازن شارو گوند بخەنە سەریەكو دیاردەیەکی نوێ پێکبهێنن...دەیانەوێت پیشەکەیان بەرەگو ریشەی میللەتا بەرنو بەرایی شۆرشو راپەرینێکی نوێ بەنەوەکانیان هەڵبسێننو وڵات بۆ هەتا هەتا لەژێر حوکمو فەرمانرەوایی خۆیاندا پاوان بکەن...توو خوا وەرن بەهانامەوەو من لەنێو ئەو خەڵکەدا ئێوەم هەڵبژاردووە...خۆم بەبەشێك لەئێوە دەزانمو دەستم درێژکردوە بۆتان...دەبا چەندین لانەو بنکە دامەزرێنینو شێتەکانی کۆمەڵ لەخۆبگرین...ئەوانەشی ئارەزووی شێت بوون دەکەن جێیان بکەینەوەو بەیداخو ئالای شێتی زاڵبکەین بەسەر بیناو ساختمانو دامو دەزگاکاندا...

بەتەنیا شێتەکان قسەی حەق دەکەن‌و ئەو تۆپیوو مردوانە نایانەوێ ئەم دەقەبەستوەی خۆیان بشکێنن...شێت ئالوودەی راستییە...شێتی دنیای داهاتوو ئایندەی گەلی لەئامێز گرتووە...دڵنیابن هەرکات هەراو بەزم‌و قاڵە بەرپابوو ئەوجا تۆپیوەکانیش دەکەونەخۆو دیسان دابەش دەبنەوە بەسەر هاوکێشەکانداو کۆمەڵ بەبارێکی تردا دەگۆڕێت...ئەو فەرمانڕەوایەی ئێستا بەدەیان عەرەبانچی پارێزگاری لێدەکات‌و من دەزانم چۆن هەرەس دەهێنێت‌و کونجرو کونە گورگێکیش نابێت بیگرێتەخۆ... هەڵدێت پیشەی جارانیشی دەست ناکەوێت... !

هەر ئێوە رازیبن ئەوا دنیا دەگۆڕێ‌و مەملەکەتی شێت سەرهەڵدەداو گرێ کوێرەکانی نەفسی تۆپیوی ئەوگەلە داماوەش ئاوەڵادەکرێت...رازیبن تکاتان لێدەکەم بالەم بەلەنگازییە قوتاربین...ئێوەو من وێکڕا ئەم مەزهەب‌و رێبازە بلاودەکەینەوەو دنیا سەرقاڵ‌و شۆك دەکەین بەو گۆڕانە کتوپڕە...دڵنیابن کەس نییە رەگێکی شێتی نەبێت هەر خۆمان ئاشکراکرد بەلێشاوو تەوژم دەرێن بەسەرماناو رەگی شێتی لەپەنا گوێیاندا راستدەبێتەوەو دەستبەرداری هستریاو هەڵچوون‌و شێتبگیری نابن‌و بەیەکجار دوامان دەکەون‌و ئەمەکداری دەنوێنن ...".

وەلێ من چەند بەپەرۆش بووم بۆیان ئەوان خەمساردو بێباکبوون ، بەتەنیا بەجێیان دەهێشتم لەسارایەکی وشك‌و بێئاوەدانیدا...پڕ بەدەم هاوارم دەکردو دەنگم دەگەییە تەپە دوور دوورەکان‌و تراویلکە ئومێد بڕەکان...شێتەکانیش لەحاڵ‌و باری خامۆش بارا بێدار نەدەبوونەوەو مەزهەبی شێتی بەوقسانەی من گرێکانی ئاوەلا نەدەبوو...دیسان بۆ سەدان‌و هەزاران جاری دی ناسۆری‌و ناکامیەکانی تەنیایی دەبوون بەبار بەسەرمەوەو بەدەم هەناسە مەینەتبارەکان‌و ئاهو حەسرەتە جەرگبڕەکانەوە تاسەی یەك لەدوای یەك دەهات بەبەرماو لەناخ‌و هەناوم

بروســـکەی هەڵدەســـان...هـــەیتا هـــەیتاش روحـــم لـــەواقعی نـــەبڕاوە نزیکدەبوەوەو لەدوایین جاریشدا خـۆم لەژوورەکەمـدا دەبینیـەوەو چـاوم لەسـەر وێنـەی فـەرمانڕەوا دەگیرسـایەوەو بـەبزەو چـاوە مۆڕوتیـژەکانی حاڵی دەبوومو گەشتی بەردەوامی روح لەو مەملەکەتە رووتپۆشـە دەگـەی بەپایان...

ســرووتی رۆژانــەی پیــشەکەم وەهــای لێدەخواســتم بــەردەوام لەتونێلەکاندا سەرقاڵی خودکوژی بم...منێك کەوا یـاوەرو کەسـەنزیکەکانی فــەرمانڕەوابووم هــەرگیز نەمــدەتوانی دوورەپــەرێزبم لــەحزبو تونێلەکانیەوەو یەکێك بووم لەوانەی حزب متمانەیەکی نەبڕاوو تەواوی پێم هــەبوو...فــەرمانڕەوا لەهــەرە دەزگــا کاریگەرەکانــدا جێنــشینی کردبــووم...لەهێماونیــشانەکانی هێــزو دەســتەڵاتبوو، وەلێ حــاڵم بەوچەشـنەبوو بـەڵام پـاش ئـەو سـاڵە وشـكو تەڕانـەی بەسـەر حـزبو فـەرمانڕەوادا تێپـەڕی راوبۆچـوونی خـۆم سـەبارەت بـەحزبو فـەرمانڕەوا دەرنــەبڕیبوو...هاوخەباتــەکانم ئـالوودەبوون بـزانن چـۆن بـاس لەشـاخو خەباتەکـەی دەکـەم...چـۆن لەسـەرکەوتنی شـۆڕش دەدوێـم...چـۆنیش دەڕوانم بۆ حزبو فەرمانڕەواکەی...سەراپا وایاندەزانی منیش هاوچەشـنی ئەوان لەگەڵ رۆژدا دەسووڕێمەوەو کوڕی ساتو وادەی حاڵو بـارم ، منـی رەجــاڵو هــەژارو نــەدارو بێنــەواو...لــەدوای شــۆڕشو نزیکبــوونم لەفەرمانڕەواوە ئێستا یەکێکم لەوانەی بـاسو خواسـم لەسـەرزاری حـزبو بەرپرســەکانەو باســی مــن داســتانو چــیرۆکی لەراســتی بــەدووری هەڵگرتووە...هەریەك بەجۆرێك باسم دەکاتو بێدەنگیو مـت بـوونیش وای لێکردوون زاتی ئەوە ناکەن بەچەشنێکی خراپ بەئاشکرا لـێم بـدوێن...مـن کوڕی رۆژانی سەختو پڕمەترسیبووم...کوڕی شاخو شۆڕشی پـارتیزانیو

نەبوونیو رەجاڵی حزب بووم... ! من بەو پۆخڵەواتەی لێی دوام لەگەڵ هاوپیشەکانمو فەرمانڕەوامان ئەستێرەو خۆرێك بووین نەدەبوو ئاوابین...

لەومێژەوە چەکی شۆڕشم کردبوەشان متمانەم بەهیچ کەس نەدەکرد، دەیان رووداوی دزێو لەشاخو شار رووی دەیاو رۆڵەی بەئەمەکو پلەوئاست بەرز دەبوون بەقوربانیو سەریان تیادەچوو...لەودەمەشەوە کەراستیەکان کەوتنە بەردەستمو پێیان ئاشنابووم پتر گۆشەگیرو تەنیا بووم...رابواردنو کەیف بەدەرکردنیشم یەکێکبوو لەو خاڵانەی لەژێر خەشمو قینی تاساوی دەوروبەردا ئەنجامم دەداو نەفسم بەو رابواردنە تووشی هەڵقرچانو سووتاندەبوو... چاریشم نەبوو ، یەکێك لەرەوشەکانی کەسێتی دەستەڵاتدار رابواردنبوو...قەپاتمە" مەی " قومار " سێکوچکەی بەرزی رێبازی فەرمانڕەواییو دەستەلاتبوو...وێڕای تێکەڵبوون لەگەڵ سەدان ئافرەتو بینینی هەزاران کۆڕی سوورو سەوز ویژدانم هەنووکە ئازاریدەدامو قرچە قرچی ناخو دەروونم بەڕووی کەسێتیمدا هەڵدەشاخاو بەکێشی دەکردم روو بەجیهانی تاریکی ناخو ئەدگارەکانی...

پێکەنینو گاڵتەو شۆخی کردن لەگەڵ قەپاتمەکانیش یەکێکبوو لەو حاڵانەی پاش تەوابوونی کاری سێکسی پێی دەسووتامو تفو لەعنەتم لەورێبازەشدەکرد پیاوی وەك منی گەیاندوەتە ئاستی دەستەلاتو فەرمانڕەوایی...لەناخەوە بۆخۆمو بۆ قەپاتمەکانیش دەگریام !" هەردوو دەستخەڕۆی دووجۆر پیشەبووین...ئەوان لەشفرۆشیو پارە یان نزیکبوونەوە لەفەرمانڕەواو کاسەلێسەکان وای لێکردبوون هەر ساتەی بۆیەکێك بنو خۆرەو سەرپێشاوی یەکێك بن...ژیانو بوون لەچێژێکی کاتی دوابڕاودا بەدی بکەن...کاتێ لەکۆشكو ڤێلای فەرمانڕەوا خۆیان دەبینیەوە تووشی شۆكو سەراسیمە دەهاتن...چەند جارێك لەجلو بەرگی خۆیان وردەبوونەوەو هەوڵیاندەدا شایستەی ئەو کۆشکەبن کەوەك مەملەکەتو دنیایەکی تایبەت وابوو...هێشتا لەئوتومبیلی تایبەت دانەبەزیبوون هەموو گیانو لەشو لاریان داوای چێژ وەرگرتنی

لێدەکردن...نیگاکانیشیان دیلو بەندی دەرەنجامەکانی شۆڕشو پیاوی دەستەلآتداردەبوو...زۆرجار لەشفرۆشیو خۆرامکردن بۆ فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی لەدیدی ئەوکیژو ژنە داماوو قوربەسەرانەدا بەکەم دادەنرا...بەتایبەت کاتێ دەکەوتن بەسەر ژووری نووستنو جلو بەرگە گرانبەهاکانی نێو کەنتۆرە سپیو زەردو سووروو ئالتوونیو هەمەرەنگەکانو بینینی دیمەنی خۆیان لەلاپاڵە ئاوێنە بەندەکاندا بەگشت بارێکدا هەستێکی تایبەتیان دەبەخشیو قەپاتمەی والێدەکرد لەسەرتەختی بەرزی فەرمانڕەواییەوە خۆی بەدی بکات بەدایکی میهرەبانی میللەتو بۆ باوکی بەسۆزو ئەمەك رامبووەو چێژوەرگرتنەکەشیان بۆ داهاتووی گەلو هاوولآتیانە...!!

ژنو کیژو ئافرەتی باڵابەرزو سپیو سۆڵو سووروسپیو گەنم رەنگو ئەسمەرو چاوشینو چاورەشو چاو مەڕیو قاوەیی بەخومارو گەردن بلوریو مەمەبچووكو گەورەو کەفەڵو سمت خڕو گۆشتنو...هەموو خاوەن یەك کەسێتی بوونو کاتێ دەکەوتنە ڤێلاو کۆشکی فەرمانڕەواوە ئیدی بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵیاندەدا فەرمانڕەوا رازی بکەنو ئەو ساردیو بۆشاییەی هاوسەرە شەرعیەکان بۆ فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانیان خولقاندوە ئەمان دەیانڕەواندەوەو فەرمانڕەواو کاسەلێسیان والێدەکرد هەتا هەتایە دەستبەرداریان نەبێتو هەمیشە پێشوازییان لێبکەن ، سەرباری ئەوەش خزمەتی تایبەتیان بکەن لەدامو دەزگاکانداو کارو داوایان راپەڕێنن...

قەپاتمەکان هەمیشە وایاندەزانی لەچڵەپۆی تامو چێژو لەزەتا دەژینو ئەوچێژەکاتیەی لەدروستبوونێکی کاتی وەردەگرن روح دەکات بەبەریانداو نەمریو چوستو چالاکییان پێدەبەخشێت...زوربەیان لەنیگاو تێڕوانینەکانیاندا ئەم حاڵەیان دەردەخستو لەتروسکاییەکی قوڵیشدا واژووی ئەوەیان لێدەخوێنرایەوە... من وامدەبینین کاتێ قاقای پێکەنین لێدەدەنو لەشو لاریان رووت رووت والآدەکەن لەتاو قورسی حاڵوبارو

وێڵیو سەرگەردانیانەو پێکەنین گریانەو خۆرووتکردنەوەش بەوچەشنە بۆ فەرمانڕەواو کاسەلێسێك بێزارییە لەتووشیاربوونیان بەدەس پیشەیەکەوە کەهەردەم خاڵێکی دەستپێکی هەیەو رەهەندێکی دووری لەخۆگرتووە گەر بەمێژووی هەریەك لەوقەپاتمانەدا رۆبچین...بێگومانبووم لەوەی ئەوان شاد نەبوون... بگرە لەناخەوە قوڵپی گریانیان دەهاتو دەریایەك لەفرمێسکی خوێناویان هەڵدەستان...لەساتەوەختێکدا تووشی چێژێکی شەیتانی هاتبوونو دواتر ئەو هەموو گۆبەنو چیرۆکە جەرگبڕو پڕناکامیەی دارِشتبوو...یەکێك لەمناڵیەوە فێربووبوو...یەکێکیش لەخۆشەویستێکی درۆزنو دەستبڕ" ئەوەی دیش لەنەبوونیو بێداراییدا...دەگمەنبوو یەکێك لەدایکبووی لەشفرۆشیو چێژ وەرگرتن بێت...زۆرجار گوێبیستیان دەبوومو بەوردی گوێم بۆشلدەکردن...بەدیار ناسۆریەکانیانەوە خەمم دەخواردو دەگریام، دەستم بەسەریانا دەهێناو لەژێر کاریگەری رووداوەکانی ژیانیاندا دەتاسامو لەپیاوەتی دەکەوتمو وەك دوو خوشك لەسەریەك جێ بەرووتو قووتی دەماینەوە...شەوێکی دوورودرێژ پشتی هەڵدەکردو رۆژ بەدوایا دەهات بەبێئەوەی کاری سێکسی ئەنجام بدەین... هەرلەو چیرۆكو رووداوانەشەوە نیگای نهێنپۆشی ئەوچاوانەم دەرهێناو ئەوانیشم بەقوربانی حاڵو بارو سەردەمو خێزانێکی دیاریکراو دادەنا...خۆشم وەك ئەوان دەهاتە پێشچاوو چۆن ئەوان پێیان دەوتن قەپاتمەو نەدەبوو دەستبەرداری ئەوپیشەیە ببنو ئەو ناوەش تا پیریو دوای مردنیش شوێنیان دەکەوت منیش لەپاڵ فەرمانڕەوادا دەستخەڕۆبوومو وازهێنانم بەدووباردا ئەستەنگبوو...بارێك بۆفەرمانڕەواو حزبو هەزاران قوربانی ئەو رێیە...بارێکیش خودم بەبریندار دەزانی لەژێر فەرمانڕەواییو دەستەڵاتی گەندەڵو درۆزنا...منیش دەستخەڕۆو فریووخواردووبووم وەك قەپاتمەکانو قوربانیەکی دی رێبازی دەستەڵاتو فەرمانڕەوابووم...نەڤێلاو دەستەڵاتی رەهاو نەماڵو سامانو خۆشیەکانی ژین هیچ تروسکاییەکیان لەخۆ نەگرتبوو بۆ من...دڵم رەش

رەشــبووبوو...بێدەنگیــشم زیــاتر قاڵیکردبوومـــەوەو خــۆم بــەئامێرێك دەبینیەوەو بۆ فەرمانڕەواو حـزبو فـەرمانی تونێـل رەخـسابوومو لـەدژی میللەتو گەلیش لەسنگەردابووم بۆ کوشتنو لەناوبردنی خودەکـەی...ئـەو خودەی کەبەیەکێك لەخەونەکانی دەروونی بریندام دەزانیو هەردەم لەژێر بــارە جیاجیاکانــدا توانیبــووم بەتروســکەو فەتیلــە کزەکــەی ئــەو رێ بەدەرکەمو لەوتاریکستانەی فەرمانڕەواکان دایانهێنابوو...

خود بووکەڵەیەکی سـپیو خنجیلانـەی دڵـی رەشـی مـن بـوو...لـەبارە دژوارەکانـدا پێـی دەبوژامـەوەو بۆیدەسـووتام...مـن لـەبۆ خـود دەژیـام گەرچی کاسەلێسی بەردەرکی فەرمانڕەواشبووم، خـود روحێکـی پـاکیزەو ناوازەبوو ، کـاتێ تـەمو مـژی سـەرخودم دەبینـی مـن لـەجێی خـۆم پێـی دەمردمو مەرگی گەلو نەتەوەم بۆ پێشدەهات... زیندوییو نـەمریی خـود بەپابەنـدبوونی بـەهێزێکی جاویـدانی نـەمرەوەبوو کـەوا مـرۆڤ بپارێزێـت لەنایەکــسانیو چەوســانەوەو کوشــتنو شــەڕو شــۆڕو هەڵخەڵــەتانو دەســتبڕینو دنیــا لێگــۆڕینو ژیــن لێتێکــدان...هێزێــك لــەبن نەیــەتو بێکۆتابێت... تەواوو کامڵ... بەهەستو میهر...پارێزەر... بەرگرو سووپەر بۆ راستاڵ پەرستان...

خودم لەدەوری ئەوهێزە دەگێڕاو بۆئەو سەفەرە دوورو بـەناو وشـکەم دەبرد...خودناسیەك لەژێر پەردەی هێزی ئەزەلەوە سەربگرێو بـەقووڵایی مێــژوودا رۆبــچێتو برایــەتیو مرۆڤایــەتی لــەخۆگرتبێت...هێزێــك مــرۆڤ لەســەرووی هــەموو سیــستمو پرۆگــرامو مەرامنامــەو رەوشو سیاســەتو داخــوازی گــرۆهو تاقمێکــەوە دابنێــتو پەلکێــشی بکــات بــۆ داهــاتووی بەهەشـت پـۆشو سـەرزەمینی بۆبڕەخسێنێو هـەموو شـتێك لەخزمـەتی مرۆڤـدابێت...دەریاکـان“ ئاسمـان“ هـەوا“ بـوون“ دنیـا“ رەورەوەو بزاوتـە تەشیگەلو تۆڕبەنـدەکانی ئـەزەل...داهێنراوەکـان “ سیـستمەکان بـەوەی مرۆڤ ئەوەندە پیرۆزبێـت هـەرگیز کەسێتی بریـندار نـەکرێتو خـودی بـەو دەردە نــەبرێت کەئێمــە بردمــان...ســووکایەتی بــەبونیادە پیرۆزەکــەی

نەکرێتو لەناخی گەلدا پیرۆزی مرۆڤو مافەکانی دروستبکرێت...سیستمو دەزگاکانی دنیا لەرۆتینە گەندەڵەکان پاك بکرێتەوەو سێبەری مرۆڤو شکۆی دابێت بەسەریاندا...فەرمانڕەواو بەدەمارو بەدچارەو بەدسوروشتەکانی دەوری لەدنیای سەوزو میهرپۆش بەدووربخرێنەوە ... هێزی ئەزەل لەئاسمانەوە بەدەر بکەوێت ...کۆشکەبەرزو بالاکان...ڤێللا هەڵکشاوو شووشەییەکان...ئوتومبیلە پانو پۆڕەکان...فڕۆکە دێوەزمەکان..شەمەندەفەرە بروسکە ئاساکان...کەشتیە چەندنهۆمو زەریابڕەکان...هەموویان بۆ مرۆڤ بن...رامبکرێنو لەخزمەتی مرۆڤدابن... بەوحەقەی هێزی ئەزەل پێیبەخشیوە...مرۆڤ لەشارە جەنجاڵو بوار تەسکەکان ئازادبکرێت...پەلو پۆی فەرمانڕەوا تۆتالیتەریزمەکان ببڕێت... مافی ژیان بەئاسوودەییو بێکۆتو بەند بگەڕێتەوە بۆ مافخوراوو بێنەواو چەوساوو رەنجبەرەکان...دوو دنیا بەیەکەوە ئاشنابکرێت...دنیای رۆژهەلاتی سووتاوو خۆرئاوای نغرۆ " چیدی کۆلکە رۆشنبیرو توندڕەوەکان بەزیادەڕەویو ئابڕوبردن نەکەون بەسەریداو سەوداگەری بۆ حزبو رێبازی کوتو کوێری خۆیان بکەن...

دەمویست ئازادیو سەروەری بۆ خودی مرۆڤ بگەڕێتەوە... هەر لەرەحمی دایکەوە تا ئارامگە مرۆڤ مافەکانی پێ رەواببینرێ ، ولات پاوان نەکرێت لەدەستی گرۆهێکی دیکتاتۆری درزو جەردەو نادیموکراسیو نزمو رسواو خوێنمژدا...

من خودم بەرەو ئەو جیهانە دەبرد کەئەزەل تێیدا فەرمانڕەوای راستەقینەو یەکسانی مرۆڤەکان لەدەستوورو یاساو پرۆتۆکۆلەکانیا بەمەحکەمو قایم دەچەساند...خودم لەبازنەی ئەم حیزبو ئەو حیزب بەدەردەکردو لەتونێلەکاندا ژوورە تاریكو چەتوونەکانم دادەخستو دواییم بەو وەیلانگە خود کوژە دەهێنا کەبۆ سالانێکی دوورو درێژ دەچوو رەوشو کەسێتی خودی تێکدەداو مرۆڤی لەقەوارەی ئاسایی دەبردە دەرو دەیکرد بەکۆلکێشو بارهەلگری فەرمانڕەواو سیتمێکی درزو قلێش

قڵیــشاویو هەپرونــداری داکــەوتوو...خــودم بــۆ لای ئــەزەل دەبــردو لەبەردەستی فەرمانڕەواو حـزبو تونێـل تاپێمبکرایـە دوورم دەخستەوەو بەگویێی وردو درشتی خودە وێڵو سـەرگەردانەکاندا دەمـچرپاند : نەکـەن فریوو بخۆنو ببن بەکاسەلێسی دەزگا فرە ویـستەکانی دنیـاو تـا دەتـوانن هەڵبێن لەحزبایـەتیو گەردنکەچـی بـۆ فـەرمانڕەواو کلـكو پـاشو بەرۆکـە سـەرزلو هــیچ لــەبارا نەبوەکــەی...باوەشــم دەکــرد بــەخوداو وەك جگەرگۆشـەیەکی شـیرینو ئەوینـداری بەرچـاوم دەمپاراسـتو لـەتونێلو حزبو فەرمانڕەوا بەدوورم دەخستەوە...بەگریان " بەپاڕانـەوەو لالآنـەوەو سـکالآو نـەوازشو رەخنـەو نکـوولیو گـشت شـێوازێك هـەتا کـار دەگەییـە ئەوەی تێر تێر لەدەرویان بگەڕێمو خۆڵی بەرپێیان بخەمە سەرچاوو تکای پیرۆزو داوای چارەنووس سازیان لێبکەم...

من دەمزانی خود لەتونێلدا چی بۆ دانراوەو چۆن دەبێت بەسـووتووی شـەڕی نێـوان فـەرمانڕەواکانو بەرژەوەندییـە تەسـكو بێئەرزشـەکان ... لەنزیکەوە دەکەوتم بەسـەر پـلانو نەخـشەی شـەیتان سـالارو دەمزانـی چ گۆبەنو نەهامەتیو ناکامیەك ریزی بەسـتوەو چـۆن چـۆنی لـەئانو سـاتی خۆیـدا دەبارێت بەسـەر ماڵـەو مـاڵی ولآتـداو کـەس بێزیـان دەرناچـێتو هەریەك بروسکەو وەیـەك لەناوەختـدا دەدات لـەماڵو حـاڵیو بـەوارووێخی خانەوادەکەیدا رۆدەچێت...

بەتــەنیا شـیوەنم بـۆ خودبـوو چـونکە ئـەو لەقـەیرانێکی وەهـادابوو کەبێسەرو بنبوو...شـەڕەنگێزانی تونێـل رۆژ بـەرۆژو سـات بەسـات تـاوی توونە گەرمەکەیان دەداو ولآتیان لەجەرگـەوە دەبـڕیو بێکـەسو دڵسۆز کوژیاندەکرد...چینەکان بەدووی یەکا ریزیان بەستبوو لەتونێلداو لەدەرکی ژووره تاریکەکان بەپێی قاڵبی حزبو فەرمانڕەوا لەدایك دەبـوون...چـینی پێشوو لەگیانەلآو فـەوتانابوو...تازەپیاکـەوتوو سەگسارەکان کەبـەدەیان کــارو رەوشــی نامرۆڤانــە گۆشــکرابوون بــۆ دنیــاو وێــزەی خــەڵك لەدایکـدەبوون...دەمزانــی ولآت دەبێــت بــەگۆمێکی بۆگــەنی راوەســتاوو

مێشووله پەپکەی بەسەرەوە دەبەستیٚو سەدانو هەزاران کەس نەخۆشو بیمار دەکەون...چاوم لەو رۆژەبوو کەلەئاسۆیەکی رەشەوە بەئاسماندا دەهاتە نێو کوچەو کۆلانو داموو دەزگاکانو بەنێوجەرگو روحی خەلکدا رۆدەچوو...دەمزانی هاوچەشنی جارانی دی ناتوانین زالبین بەسەر ئاستەنگو کۆسپەکانی سەردەمو مێژوودا و لەجێی خۆمان مت مت سەری خۆمان کز دەکەینو ولاتو زێدیشمان هەروا بەمەنگی دەمێنێتەوەو هەزاران رۆلەی چەك لەشانو نەخوێندەوارو شەڕانی پیاوکوژ سەردەردەهێننو سنوورەکان دەگرنو دلپاکو بەئەمەکەکانیش لەزیندانی چەپەکو دوور توند دەکەن...!

من دەمزانی فەرمانڕەوا بۆچی دەکۆشێتو چۆن مەرامی لەنێو ئەو رووداوە شەپۆلو گەردەلوولاویانەدا دەدۆزێتەوەو دەرکی ولاتانو دنیا تەیدەکات هەتا دەگات بەو حەزە شەیتانیەی لەناخیا دروستبوەو بۆ هەتاهەتا ناکوژێتەوەو دانامرکێت...دەمزانی هەروەك چۆن دوای تیابردنی دادگاو پیاوە دلسۆزەکان پەروەردەو مامۆستای بەمیهرو سۆزتیابراو ئنجا حەکیمو پزیشکەکانو دواتریش پیاوەئاینیەکانو ئیتر شەڕ بالی کێشا بەسەر دنیادا ئابەو چەشنەش جارێکی دی لەنێو تونێلو حزبیشدا فەرمانڕەوا شۆڕشێکی شەیتانی بەرپادەکاتو ئەوەی بۆنی هەر جۆرە نکوولیەکی لێبکات ئەوا دوایی پێدێنێت...لەزووەوە لەو رەفتارانە حالیبووم، کاسەلێسو بەرکۆشو گەندەپیاوی دەرکیبووم...بێدەنگیشم لەوناسینە گەرمەوە سەریگرتبوو...هیچکام لەبوارەکانی کەسێتی فەرمانڕەوا لای من پەنهانو شاراوەنەبوو...جاری واش هەبوو لەناخا دەمگوت: "فەرمانڕەوای شەیتانسەر بڕواناکەم خۆشت وەك من خودی خۆت بناسیت..." لەقسەو گفتوگۆ " لەشێوازی بیرکردنەوە " لەگەڕان بەدوای بەهانەو پاساوهێنان، لەکاتی تووڕەبوونو بڕیاردان...لەسەرجەم ئەوساتانەدا بینیبوومو دوا بەدوای هاتبووم، بۆیە هیچکات ورتەم لێوە نەدەهاتو هەرخۆم دەخواردەوەو بەهێواشی بینایيم لەپیاوانو کەسانی

تونێــل گیردەکــرد...بــەدووی دڵ زینــدوە جەربــەزەو بەئەمەکەکانــدا وێڵبووم...وادەیەکی زۆر گەڕان بووبوو بەپیشەمو بێدەنگ بێدەنگو هـێمن هـــێمن لـــەبۆ نێـــچیرەکانی فریـــاگوزاری خـــود دەگـــەڕامو لێیـــان وردەبوومەوە...زۆرگەڕامو تاوتوێی ژوورە کلۆمدارەکانم بەدووی یەکاکردو لــەبنجو بناوانــەوە لەکەســێتیەکانم کۆڵیــەوە بــەلاَم لەهــەر ژوورێــك بەدەردەکـەوتم ناهومێدیـەکی یـەکجار کوشـندە زاڵـدەبوو بەسـەرماو بـارە نەفـسیەکان روویـان تێدەکردمـەوەو جـار لـەدوای جـار هـەمان حـاڵو بـار بەچەشنو جۆرێك دووبارە سـەریان هەڵدەدایـەوە...هەمیـشە لەنائومێدیـدا دەسووڕامەوەو تونێلو ژوورە بەرینو جەنجاڵـەکانیم بـەخراپو نـاقۆلاَترین شـوێنگەو بنکـە دادەنـا...قێـزم لـەو خودانـە دەهاتـەوە کـەبۆ کاسەلێسی ریزیان بەستبوو...بەرژەوەندی کەسی وای لێکردبوون لەگەڵ فـەرمانڕەوادا گرێبەستی شێوانی ولاَتو بردنی بەرەو ئاکامێکی مـەنگ ببەسـتنو لـەمرۆڤ کـوژو پیـاوخراپو بێگانـەکانی خـاك خـراپتر بکـەن بەمیللـەتو نەتـەوەی زگماكو دایکانەی خۆیان...

لەشکستێکی فرە لایەنو دۆڕانێکی یەکجارییـدا گـەوزابوومو چـاوەکانم لەسەرکەس نەدەگیرسایەوە...زۆرجار لەچینەکانی خوارەوە وردەبوومـەوە بـۆ تـەنیا کەسـێكو لەچایـچیو دەلاكو قەسـابو بەرپرسـی ئاشـپەزخانەو کـارگوزارو...دەگـەڕامو خـۆم مـت دەکـرد بـۆ دۆزینـەوەی خودێـك بتـوانم لەگـەڵی پـردی دوانـدن ببەسـتمو بەیەکـەوە ئـەرکی هـەڵگرتنی نهێنـی پاراســتنو دوان دژ بەفــەرمانڕەوا بگۆڕینــەوە...لــەنێو ئەوانیــشدا دیــسان ناهومێـدی زاڵـدەبوەوە بەسـەرماو لەژوورەکـەدا بـەدیار کورسـیو هێمـا دێزەزمەو شەیتان ئامێزەکانیەوە دەمامەوەو تێر تێر دەگریام بۆ قـەیرانی خودکـــوژی مێـــژووی رەشـــی رۆژانێکـــی بـــەناو ئـــازادیو یەکـــسانیو دادپەروەریی...

لەوتونێلــە تاریکــەدا ســالاَنێکی دووردرێــژم بردەســەرو هەمیــشە مارەکانی دەسـکەکانی کورسـیو دڕكو خاشـاکەکانو ئێـسکەپەیکەرەکان

بەرۆكیان دەگرتمو بەناخی زەویدا نغرۆیان دەكردمو ئازارو ژانی جەستەو رۆحیشم تادەهات زیاتر دەبوو...

لەوسالآنەدا هەمیشە لەچكێكی سپیو دەستكێشێكی رەشم دەكردە دەستو چاویلكەكەشم تونـد بەقـەیتانێكی باریكـەوە لـەژێر لەچـكەكەوە دەبەستەوەو غەرقی دەریای مەینەتو كاری دژوار دەبـووم... دانیـشتوانی تونێـل سەرسـام دەبـوون لەوشـێوازەی مـنو بـەمرۆڤێكی شـازو رەوش سەیریان دادەنام...هەنووكە خۆشم بەیەكێك لەوكاسەلێسو خود شـێواوانە دانـەدەناو بـەردەوام لەهـەولآبووم چ بـەروح یـان بـەگیانو جەسـتە لێیـان دووربكەومـەوەو دیـارو رەزای قورسـیان لـەبیرو ئەندێـشەدا بـسڕمەوە ... بەتایبـەت كـاتێ دەكـەوتم بەسـەر مێزەكەمـداو چـین چـین بـەردەركی ژوورەكـــەیان دەگـــرتمو روویـــان تێـــدەكردم ، هەوڵمـــدەدا دەنگیـــان بەئەندازەیـەكی كـز بگاتـە گـوێمو دەستیـشیان بەردەسـتم نەكـەوێتو راستەوخۆش بۆیان نەڕوانم...خۆم قوتاردەكرد لەمەراییو بەردەسـتیكردن بـۆمو بێبـاكبووم لەخزمەتگوزارییـەكانیان...لای ئـەوانیش مـن رەمـزی دڵڕەقی بوومو هەندێكیش بەشێتو پیاوكوژیان دادەنامو هەركەدەیانبینیم رەنگیـان دەگـۆڕاو چـاویان دەچـوو بـەقوولآ...لەراستیـشدا ئەودیمەنـەی بۆخۆم كێشابوو سەرنجی تـەواوی بـەرپرسو تاڕادەیـەكیش فـەرمانڕەوای راكێشابوو...جاری واهەبوو دەیانویست بمنێـرن بـۆ هەنـدەرانو بۆمـاوەی چەن ساڵێك لەتونێل دوورم خەنەوە ، بەڵآم نەدەچوومە ژێر بارەكەو لەبەر دڵسۆزیو ئەمەكداریو بێدەنگیـشم باسوخواسـەكەیان خەفەدەبوویـەوەو ناچار لەگەڵ كەسێتیەكی مەنگو بێدەنگدا مامەڵەیاندەكردو حسابیان بـۆ هەناسەو كۆكەو لرخەلرخەكانیشم دەكرد...

رۆژ بەرۆژ دەقـم بـەو جـۆرە ژیانـەوە وەردەگـرتو لەلایـەك كاروبـاری تـونێلم بەڕێـدەكردو لەلایـەكیش لـەجێی خـۆم بۆخـودو میللـەتو گـەلێك دەسووتامو دەتوامەوە...بـەردەوام ئەمـەحاڵمبوو هـەتا لـەناكاو لەتونێلـدا خودێك سەریهەڵداو سەرنجی راكێشام...خودێك لەمێژبوو بەدوایدا وێڵبوومو

هەرگیز رەچاوی ئەوەم نەکردبوو کەسێك بەوبازگە شەیتانیانەدا تێپەڕێتو بەوکەسێتیەوە لەوێدا بگیرسێتەوە...خۆشم سەرهەڵدانو دەرکـەوتنی ئـەو خودەم بەخەون دەزانیو لەبیرو هۆشما بەدرۆم دەخستەوە...سەرەتا وەك بەردەستو خزمەتکارێك یان کاسەلێسێکی دی بۆم دەڕوانی...وەك تونێلو حزبی تۆپیوو...نەمدەزانی ئەو لەناخەوە زیندووەو کەسێکە بـۆمن دەبێـت بـەهاودەمو هـاوڕێو نهـێن پـۆش ... ئـەو دنیایەکـە لەمەعریفـەو زانـینو رۆشنبیری" دەریایەکی بێـبنو قـوولْ قـوولْ...لـەدوورەوە هـاتووەو کـەس لەتونێلدا گرنگی پێنادات ، مەگـەر وەك رەگـەزێکی نـەرمو ناسـكو شـۆخو شـــەنگ...نیگاکـــانی مانـــای ســـەیریان هـــەڵگرتووە...بێـــدەنگیو نەرمـــە جووڵەکانی سەدان مانایان تێدایە... چاوبرسیو ئارەزووبازەکانی شاخ هەر بۆ لاقە سپیو کەفەڵی دەیانڕوانیو وایاندەزانی ئەم پەریزادەیەش بابـەتی دەستپێگەرمکردنو رابواردنی مـاڵو کۆشـکە سـوورەکان دەبێـت...روحـی پاکی بەهایەکی وایان پێنەدەداو بەچاوی سەر هەر لـە روخـسارو شـێوازی دەرەوەی ورد دەبوونەوە...روحی ئەو دنیای تونێلی لـەمن رۆشـنکردەوەو دوراو دوور لێی وردەبوومەوەو بیروهۆشـم لەسـەری رامـدەکرد...تـاوتویێ دنیـای حـزبو کاسەلێـسی ژوورەکـانم کردبـوو کەسـێکم نـەدیبوو خـاوەن کەسێتیەکی ئاوابێت...وامدەزانی پەرییەکەو لەئاسمانەوە بەتایبەت بۆ لای مـــن رەوانـــەکراوە...هێـــزی ئـــەزەل لەمەملەکـــەتێکی دوور لەزەوییـــەوە ناردوویـــەتی بـــۆ تونێـــل هـــەتا مـــن بۆجـــارێکی دی هەســـت بـــەژین بکەمەوە...زۆرجار لەخۆشیا دەبووم بەبوێژو بەبەژنو بـاڵاو روحـی پاکیـدا بەستەم دەنووسی، هەرجارێکیش بیرم لەرەوشەکانی دەکردەوە رادەمامو بەدڵێکی پڕ لەئاهەوە دەمگوت:

ئەی بولبولی دەوری شەمم
تۆی هاوڕێی رۆژو شەوم
من خەمبارو دەربەدەرم
بۆیە ئاوا بێهاودەمم

لەخەوو خەیالا بووبووم بەئەسیرو بەندی ، بێدەنگیش حالّی بەردەوامی نێوانمانبوو...زوربەی بەرپرسەکانی تونێل لێی نزیک دەبوونەوەو بیٚباکبوو لێیان...بەتەنیا من بێدەنگبوومو نیگام خستبووە سەری...ئەویش پەیامی نیگاکانی دەخوێندمەوەو دوراو دوورو هەندێکجاریش لەنزیکەوە وەڵامیدەدامەوە... ئاوازو تۆنی دەنگی کاریگەرییەکی باڵای لەسەر نەفسم دروستدەکردو بەتەنیا ئەوم بەهاوەڵی تاریکستانی تونێل دەبینی...پەرییەك باڵی کێشابوو بەسەر ئەو تونێلەدا کەبۆساڵانێکی دوورودرێژ بوو خەریکی خود کوژیبوو ...روحەکان بۆنی پارەوبەرژەوەندیو ستەمو تیرۆرو دنیای شەڕیان لێدەهات...ژوورەکان بەجیاو لەگەڵ یەکدا هەماهەنگبوون...روحی پیس پیس بەیەکەوە بەرژەوەندی هەموویانی گوزرو بەندکردبوو...تەمێکی لێلّو بۆر دنیای خودی داپۆشیبوو...فەرمانڕەوا لەتەختی کۆشکی دەستەڵاتەوە سەرپەرشتی روحە گەندەڵەکانی دەکردو لەوەدەچوون لەجیهانی شەیتانو ئەهریمەکانەوە هاتبن...وڵات شۆخو گەنجیٚ نەبڕاوەبوو لەشەوێکی تاریکدا داباریبوون بەسەریاو لەنامۆییەکەوە دەروازەی ژیانی هاووڵاتیانیان قڵیشاندبوەوەو هەر لەوشەوە تاریکەوە کەوڵات بیٚساحێبو خاوەن بەجێمابوو شەیتانەکان دەستیانگرتبوو بەسەر کوچەو کۆڵانو فەرمانگەو خوێندنگەو نەخۆشخانەو بازاڕو ماڵەکانداو پەریەکانیش دوورکەوتبوونەوەو بلاٚوەیان لێکردبوو...شەیتانەکان مەزهەبی خۆیان برەوپێدابوو،شوێنکەوتەکانیان لەتاكو تەرای سەرگەردانەوە گەیبوە هەزاران بەچکەشەیتانی دڵ مردوو...رەوتی ژیانیان شێواندبوو... روخساری مرۆڤ گۆڕابوو بەشەیتانو ئەهریمەنی عەجایب... شەیتانی سیٚسەرو چوارسەرو دەسەر...هەشیانبوو لەبری دەستێك چوارو پێنجو شەشیان هەبوو...لەناویشیاندا هەبوو لەبری گوێچکەیەك خاوەن سەدان سەدان گوێچکەبوو...زێدی پەریەکان لەدوای ئەوساتە غافڵگیرەوە گۆڕابوو بەزێدی شەیتانەکانو خەڵکەکەش لەدڵ پاكو بەسۆزو نەرمەپاکیزەکانەوە

بووبوون بەشەیتانو ئەهریمەنی یەکپارچە شەڕخوازو پەری کوژ... واژووی حاڵو بارەکان هاتبوونە ئاراو لەبری ناسکی رەقو زبریو لەجێی سۆزو میهرو خۆشەویستی خەشمو قین دانرابوو...هەرچەند تەماشای ئاسمانیش بکردایە لەتاریکیو بازنەیەکی شەیتان بەست زیاتر چیدی بەدی نەدەکرا... لەژێریشەوە تونێل بۆنی سەگی تۆپیوو گەرای مارو بۆدڕی جەستەرووتو بێروحەکانی لێدەهات...هەمیشە عەودالی پەرییەکان بووم ، بەساقەی سەریاندەبووم، لەدەوریاندەگەڕام...جەستەم رادەخست هەتا بمخەنە ژێر پێلەقەی خۆیانو رووشم تێدەکردن سابەڵکو نەسیمی نیوەشەو یان شەماڵی بەرەبەیان لەباڵە درێژو بەسۆزەکانی ئەوانەوە دابێت...روحی سووتاوم لەم ئەهریمەنستانە سارد سارد بکاتەوەو لەدۆزەخی شەیتانەکانەوە داهاتوو سەرهەڵبداتو ئەو بەربەستە چەتوونەی بەری دنیایان پێ تاریککرد هەتا شەیتانەکان بەئازادی سەرهەڵبدەن بڕەوێتەوەو پەریەکان کوچەو کۆڵانو شەقامو خوێندنگەو دادگاو مزگەوتو دێرەکان بگرنەوە...لەزوەوە عەودالی شۆرشێکی لەوجۆرەبووم، روحەکان پاش چەندین ساڵ لەفەرمانڕەوایی ئەهریمەنەکان ئەوجا لەژێر بارێکی تاساوو خنکاودا بەپەرێشانی سوێیەکی جەرگبڕەوە هەناسەیەکی جیاوازیان بەبەرا بێت...وێڕای ئەوەی هەناسەکەش پڕ لەمەینەتو ناسۆری بێت...رازیبووم بەکەمترین سروەی روحو نوزەی جەستەی تۆپیوو...کەمترین نوزەیەك لەسەرەمەرگەوە زیندویان بکاتەوە بۆ گیانی هەپرونکراوو لەجووڵەکەوتوو... ئەوجا پاش چەن ساتێك دنیای شەیتان دەکەوێتە بەر مەترسی پەرییەکانو زنجیرەیەك گۆڕانکاری بەدوای ئەم ئەڵقەداخراوەدا دێتو کاسەلێسەکانی بەردەم سوڵتەو دەستەلات دۆش دادەمێنن بەدیار تونێلو دەرکی حزبەوەو کەس نابێت روویان تێبکات... خۆخواردنەوەش دەبارێت بەسەریانداو لەتاوا کتوپڕ دەمرن یان دنیای خەڵك لەوە بۆگەنتردەکەن یاخود راپێچ دەکرێت بۆ دادگاو مافی چەن ساڵە لەخوێنو ئێسکیان دەردەهێنرێت...دنیای شەیتانە سەرزلەکان دوایی دێتو

چەرخێکی نویٚ سەردەردێنیٚ...دوور لەهەموو رۆتینێکی مرۆڤ کوژ...دوور لەوکاسەلێسانەی بەردەرکی تونێل دەگرن‌و خواخوایانە دەرگاوانی بەر ژووره سوورەکانی فەرمانڕەواش بن...

سەرهەڵدانی پەری لەدنیای مندا بوو بەهاندەرێك‌و بەئیرادەیەکی یەکجار نەبڕاوەوە دەنەوییم لەکورسیەکەی ژێرم‌و دەمخستە ژێر پێلەقەو تفم لەکورسی‌و مێزێك دەکرد لەکاسەلێسی‌و رازیکردنی گەلە گورگێکی خوێنمژی بەناو رۆشنبیر پێی بەخشیبم...!

وەلیٚ دڵخۆشبووم بەسەرهەڵدانی پەرییەك لەدنیای تاریکدا بەلاٚم دیسان گریٚ کوێرەکانم لیٚ قوت دەبوونەوەو مارە تۆپیوەکان دەستو ئەستۆیان دەگرتم...دەترسام پەری نەبێت‌و ئەمیش دڵ مردوویەکی شەیتان مەزهەب بێت...دوودڵی دەیدا لەپەڕەی دڵم‌و گومان سەری کوندەکردم...لەجێی دڵخۆشی خەمۆکی‌و تەنیایی‌و بێدەنگیە دەروونیەکە زاڵدەبوەوە بەسەرما ، روحم خۆگرانە لەتەوژمی فشارە یەك لەدوای یەکەکان دەربازدەبوو، لەپەراوێزێکی تەسك‌و بێبەردا خۆم بەچڵە هومێدێکی ناسك‌و باریکەوە دەگیرسانەوەو چاڵی قووڵ قووڵم بەدەوریا هەڵدەکەند بەهیوای پارێزگاریکردن‌و خۆنەدان بەدەستی شەپۆلە شەیتانیەکان‌و گورزە خیانەت زەدەکانی دەروونم...دەمویست گەر روحێکی پەریزادیش نەبێت هومێدێکی تەزوولەیی دروستبکەم‌و لەسەری بژیم...بەلاٚم دڵنیابووم پەرییەو ئەو بێدەنگی‌و رامانەو هێماکانی دی کەسێتی پووچ‌و بەتاڵ نییەو پەرییەك لەوقاڵب‌و تەنەدا خۆی حەشارداوە...شەووڕۆژم لەبۆ هۆنینەوەی ساتی دەستگرتن‌و دەرخستن تەرخانکردبوو...ئەجنەدەکانی سەردەمی شاخیش لەنەفسما زیندوکردبوەوە بۆ بەرپابوونی هەرحاڵێك بەدەر لەوەی رەچاومدەکرد...روح‌و گیان‌و پێکهاتەکانی نێویان هانیان دەدام‌و پاڵنەرە یەکی‌یەکیەکانیان دەخستەریٚ تا بازنەی بێدەنگی‌کەل بکەم‌و سەرپۆشی سپی لەسەر پەری لابدەم‌و خۆم‌و خەمەکانم لەئامێزی بهاوێژم... زۆریش

دەترسام هـەوڵو كۆشـشەكانم بێهودە بـڕواتو سـەدمەخابنو ئەفـسووس بخوازم بۆ ساتە تەنیاكانم...

لەژێر فشاری دەرووندا ئـارامم لەبـەربڕاو ناچـار رۆژێـك دەسـتە نـەرمو شلەكانیم توندگوشیو بێهیچ پێشەكیەك دانەویمەوەو ماچـمكرد...خۆشـی بڕوای نەبوو راسـتەوخۆ كـارێكی ئاوهـا ئـەنجام بـدەم...هێـشتا كاریگـەری رووداوەكـە نـەرەوییبوەوە بۆجـاری دووەم لێـوم خـستەسەر دەسـتەكانیو ماچم كردن...ئنجا ساردییەك هات بەسەرماو نەفـسم تاودایـەوەو ئـەمجارە سەرشـانەكانم مـاچ كـردو بەرلـەوەی هـیچ كاردانەوەیـەكی دی رووبـدات كانیاوی فرمێسك لەچاوم بەخوڕ هـەڵقوڵاو بـەقورگێكی پـڕ لەقوڵپـەگریانو دەنگێكی سۆزدارەوە وتم:

ــ پەریزادەی روح سپی...دەمێكبوو من لەم تونێلە تاریكەدا چاوەڕێی تۆمــدەكرد...ئــالوودەی كەســێكبووم هاوبیروهــاودەمو هاوچارەنووســم بێـت...لەوسـاتەوە تـۆ لەومەملەكەتـە دوورەوە هاتوویـت مـن ژیـنم لەبـەر هەڵگیراوەو شەوو رۆژم بوە بەتۆو چۆنیەتی ئاشكراكردنت...

ترسام لەوەی بكەوم بەسەرناهومێدیو چارەرەشیداو تازە خـەریكبوو بروسكەی سـوێیەكی نـوێ لەناخمـدا سـەریهەڵدەدا تونـد گەرمیـەك گـەیی بەدەستەكانمو واهەستمكرد خۆم لەئامێزێكی پڕ میهرو سۆزا دەبینمەوە ... روومەتو سەرم تایان لێهاتو ئیتر گومانم نەما لـەوەی پەریزادەكـەم بـوە بەدایكی میهرەبانو خوشكی بەسۆزو هاوڕێی دڵسۆزم...

هــەردوو بێــدەنگبووبووینو تونــد بەیەكــەوە نووســابووین...لــەناو حەژمــەتی بارەكــەدا تــەواو رۆچــوبووین...هۆشمــان لەوســاتەدا پەیوەنــدی بەكاتــەوە نــەمابوو...دنیــای جــەنجاڵی تونێــل رووبەشــیوو دۆڵێكیتر باریاندەكرد ...پەیتاپـەیتاش گـەرمی جەسـتەمان تاویدەسـەندو خــۆش خــۆش ئەشــكی گۆنامــان تێكــەڵ بەیەكـدەبوو...بەوێنــەی یــەك جەسـتەمان لێهـاتبوو...نەئـەو هیـچی دەگـوتو نـەمنیش...نـازانم تاچـەن ئەوەندە ماینەوەو دواتر نیگامان لەسەریەك راوەستاو بۆجارێكیتر پەیامی

بێدەنگ لەهەردوو چاودا رووبەیەك بەلێشاو دەچوون...بەرلەوەی مـن هـیچ بڵێم ئەمجارە ئەوهاتە گۆو وتی:

ـ لەوساتەوە چاوم پێـت کـەوت تـۆم ناسـیەوە...حـاڵیبووم لەپـەیامی چاوەکانت...بەڵام نەمدەتوانی هیچ بڵێم...ئێرە تونێلی تاریكو بێئەمانە... پڕە لەگورگی هارو لمۆز خوێناوی...ئێرە جێی تۆپیوو دۆڕاوەکانی دنیایەو گەر وریانەبیت دەکەویتە بەر نەشتەری نەزانو کەودەنەکانو رووناکی نێـو رووخـسارت بـۆ هــەتا هــەتا دەکوژێننــەوە...ئــەوان خۆیــان دڵ مــردوو دۆڕاوەکانی نێوەندە پەتاوییەکانو پیسترین ڤایرۆسیان هەڵگرتووە...

توند دەستم ئالأند لەئامێزییەوەو وتم:

ـ چەندین ساڵە لێرە بەتەنیا ژیان دەبەمەسەر...منـیش پریـشکی ئـەو شەیتانانەم بەرکەوتووەو دەمەوێت قوتاربم لەفەرمانڕەواو کاسەلێسی...

بێدەنگیەکی ناسك لەوژوانەدا روویدا" پاشـان بـەتۆنێکی نـەرمو ناسـك وتی:

ـ تۆ هـەرگیز شـەیتانی نـەبوویت...تـۆ لەگـەڵ شـەیتانەکاندا ژیاویـتو روحی پاك لەسینەتا دێتو دەچـێتو کۆڵێـك ئەشـکەنجەو ژانـت چەشـتوە لەورێیــەدا...مــن حــاڵیم لــەوەی تــۆ هەســتی پێدەکــەیتو دەناڵێنیــت بەدەستیەوە...تۆ هەراسانی دەستی روحێکی پاکیـت کەهەسـت بـەتاوانو شەیتانی بـوون دەهێنێـت بەسـەرتا...تـۆ لـەوان نیـتو هـیچ کـات لـەریزی ئەواندا نەبوویت...

دەروونم تەواو شڵەژاو دڵم پتر کەوتەلێدانو بەدەم فشاری دەروونـەوە وتم:

ـ پەری گیـان ئـاخر منـیش کاسەلێـسم کاسـەلێس...نـازانی منـیش چ تاوانبارێکم...! ؟بەشێکم لەو شەیتانە سەرزلانەی دنیـای خـەڵکیان تێکداو داهاتووی سەدان ساڵیان مسۆگەرکرد بۆ خۆیـان...مـن کـاتێ دەگەڕێمـەوە بۆ ڤێلاکەمو گەلە پاسـەوانو خزمـەتکارەکانم دەبیـنم هەسـت بەشکـستو دۆڕانو بەلـەنگازیی دەکـەم...واهەسـتدەکەم بـەرەو دۆزەخ دەچـمو شـەو

تابـەیانی بـەدەم خـەوی نـاخۆش‌و دێوەزمـەوە دەنـاڵێنم...ئـەو ڤـێللا شووشـەییە هـەرگیز بـەموڵکی خـۆم نـازانم...شـەونییە مـن رانەچـڵەکێم‌و هاوارنەکەم...شەوێکیان خۆم لەنێو حەشـاماتێکی زۆردا بینیـەوەو خـەڵکی حەشـاماتەکە زۆر رەش‌و رووتبـوون...لەبرسـێتیدا بـەربوبوون لەیـەکترو گۆشتی یەکیان دەخـوارد...منـیش لـەتاوا تووشـی شـۆك بوبـووم...برسـیم نـەبوو ، خەڵکەکـە لـەمن رامـابوون ئـاخۆ لـەو دەمـەیا کەبرسـێتی دنیـای داگرتوەو سەرزەوی وشـکبوەتەوەو ئاسمـان بێگەواڵەهـەور زەوی قڵـیش قڵێش بوەو هەر مرۆڤـە دەنـەوێت لەگـەردنی مـرۆڤیتر چـۆن مـن بـەتێری ماومەتـەوە...! ؟ئەوهەسـتە لەوشـەوەداو لـەنێو حەشـاماتەکەدا تووشـی سـەدان تاسـەی مـەرگباری کـردم‌و خۆشـم حـاڵی نـەبووم لـەوەی مـن چیدەکەم‌و بۆچی وەك ئەوان برسیم نییە...!شەوێکیتر لەخـەوما خـەڵکی چین چین دەوری ڤێللاکەی منیاندابوو...دەترسـام لـەوەی بمـرم بەدەسـت ئەوچـینانەی لەهـەموو لایەکـەوە هـاتبوون‌و بـەدارو تـێلاً دەوریـان گرتبووم...یەکەمجاربوو لەتەمەنما ئابەو چەشنە بپارێمەوەو بکەوم بەسـەر پێڵاوو قاچی رەش‌و سپییاندا بەڵکو سۆزو بەزەییان بجووڵێت‌و نـەمکوژن‌و ژیانم لێ تێك نەدەن...خەڵکەکە یـەکجار داخ لـەدڵبوون...هەرچـەندە داوای لێبوردنم لێدەکردن بەلاّم بێسوودبوو، بەرلـەوەی بمکـوژن بـەدیار چاوی خۆمــەوە ئاگریـان بــەردا لەڤێللاکــەم‌و کەســەنزیکەکانیان هەڵدامــە نێــو ئاگرەکـەوەو دواتـر خـۆم بەتـەنیا بینیـەوەو بێلانـەو مـاڵ‌و لـەدەرکی چـــایخانەو چێـــشتخانەکان بـــەرماوەو چێـــشتی ناوتەنەکـــەکانم کۆدەکردەوە...کاتێکیش بەئاگاهاتم وەختەبوو دەخنکام‌و هەناسەم لەبـەر برابوو...

پـەری گیـان مـن بەسـەرجەم پێوانـەکان تاوانبـارم وەك فـەرمانڕەواو دەمەوێت لەم ئاستەنگە بەدەرکەوم ، نازانم لـەکوێوە هـەڵبێم...چـۆن ئـەم تونێلە سەگە بەجێ بهێڵم...تووشی سەراسیمە هاتووم‌و رێ بەدەرناکەم...

پەری گیان...تۆ نورێکی بەرینو گوشادی...دەبێت فریام بکەویت...من ئارامم لەبەر هەڵگیراوەو ئەمەندەش بێدەنگبووم واناڵەدەکەمو سەدان مەرگەسات دەخەمەوە...تونێل قەلاو پشتگیری دەوڵەتو حکومەتی شەیتانڕەوەکانەو رۆژانە هەزاران مافخۆریو ستەم دێتە ئاراوە...من چیدی ناتوانم لەبەردەم ئەم فشارانەدا ئارام بگرم...تکات لێدەکەم وەرە بەفریامەوە...پەری بەتەنیا هەر تۆ دەتوانیت رێنوێنیم بکەیت...

جاری واهەبوو هێمن هێمن دەردەکەوت زۆرجاریش هستریا دەیگرتو دەیوت:

ـــ منیش بێدەستەلاتمو نازانم چی بکەم...کاتێ من ئەم ولاتەم بەجێهێشت کەی وابوو...کوا تۆپییوو گەندەڵەکانی دنیا لەوئاستەیابوون... ئەوان لەپەراوێزەوە سەریانگرتو بەرەگو ریشەی میللەتا رۆچوون... ئەومالێ داراییەیان لەکوێبوو..جەردە دۆلار...ڤێللا...گەلە ئوتومبیل ... دەستەلاتی رەها... زنجیرە پێشخزمەتو کاسەلێس...هەموو ئەوشتانەیان لەکوێوە هێنا...مافی برسیو رەجاڵو داماوەکانیان دابەشکرد بەسەر خۆیانداو دواتریش بۆ درێژەدان بەوبارە هەزاران کاسەلێسیان پەروەردەکرد تاپیشەو کارە هەمەرەنگەکانی کۆمەڵی پێ بشێوێننو دەستەلاتی خۆشیان مسۆگەر بکەن...منیش وەك تۆ نازانم چۆن بەرەنگاری ئەو شەیتانانە ببمەوە...دنیای شەیتانەکان مەترسیدارەو زۆر نهێنی لەخۆگرتووە...کارێکی وەهایانکردوە خاكو خۆڵەکەش بۆنی ئەوانی لێدێت...کاتێ گەڕامەوە زانیم دەکەوم بەسەر ئەمبارەدا...دەمزانی هەزاران کەس لەخۆوە ئەم ولاتو زێدبەجێ ناهێڵن...ژیرو دڵناسکەکان ناحەقیان نەبوو...دەبوو شەڕی ئەو شەیتانە نەفرە لێکراوانە بکەنو دەریایەك خوێن هەڵبسێنن...کاتێکیش شەڕی شەیتانەکان لەنێو خۆیاندا بەرپابوو ... ماڵەوماڵو کوچەو کوچە تەشتە خوێنیان گەڕاندو بەسوراحیو جام دابەشیانکرد بەسەر خانەوادەکاندا... هەر خانەوادەیەك جامێك یان سوراحێیەك خوێنی بەرکەوتو لەدەرکی ماڵی خۆیان دەریان دەهێنانو

خوێنەکەیان دەکرد بەسەریاندا یان دەرخوادیان دەدان...منالّە ساواکانیش بۆیاندەکردنە مەمکە شووشەکانیانەوەو دەبوایە تنۆك تنۆك دەرخواردیـان بدەن...لەورۆژانەدا دنیابووبوو بەخوێنخۆرو کەس نـەبوو خـوێنی دەرخـواد نەدەن ، هەیانبوو تامو چـێژی لێـوەردەگرتو هەشـیانبوو هێڵنجـی دەداو دەرشایەوەو لەگەڵ خوێنەکـەدا زەرداوی تـاڵو بۆگـەن لەگـەدەی دەهاتـە دەرەوە...ئەوەشـی خـوێنی بـۆ نەخورایەتـەوە دەبوایـە هـەڵبێت لـەژێر دەسـتیان یـان دەیـان راپـۆرتو بەهانـەی درۆ بـەدوای یـەکا ریزبکـاتو قەناعەتیان پێبکات کەوا خوێنی بۆ قووت ناچێتو گەدەی تەواونییە...

ـــ رۆژە رەشـــەکان دواییـــان نایـــەت...نەفـــسە گەنـــدەڵو پیـــسەکان دەستەلآتی شاروو ولآت دەبەن بەرێوە...لەم تونێلەدا پـەروەردەبوونو بـۆ شـکانی بونیـادی مـرۆڤ بـەبارهاتوون...هـەر ئـەو نەفـسانەشبوو ماناکـانی ژینیان هەڵقرچاندو سالآنێکی مەینەتاوییان خولقانـد...فـەرمانڕەوا بـارێکی لەمەبەدەری ناوێت...وابۆ چەندین ساڵدەچێت لەسـەر تـەرزە گەنیوەکـەی پەتپـەتێن دەکـات...جارێـك نـەبوو پەتـە رزیوەکـەی دەسـتی فرێنـەداتو یارییەکی دی بدۆزێتەوە...ئەوەندە لەجێی خۆی هەڵبەزودابەزیکردوە جێ پێکانی لەشوێن خۆیـان رۆچـوون...هەردەمـەش قاچـێك بـەرز دەکاتـەوەو پەتی پەت پەتێنەکەش بەدەسیەوەیە یان وەك میتالێکی دێرین وایەو بـەو قەلآفەتەوە لەناقۆلآترین بونیادی گەردوون دەچێت...

من نازانم تاکەی حوکمڕانی بەو سرووتەیا دەڕواتو ولآت بەو تۆپیوییە دەمێنێتەوە...تۆ بڵێی هێزی ئـەزەل پەرییـەکانی لـەم زێـدە کێـشابێتەوە لەپێناوی شەیتانەکانداو سەپانی بـارێکی ئاوهـا...نـا...نـا...مەحالّـە هێـزی ئەزەل گەندەڵیو خیانەتو شەڕی نـەبڕاوە زاڵبکـات بەسـەرپەرییەکاندا ... شەیتانەکان لەدنیایەکی چەتوونەوە دابارینو سـاتی وەنـەوزو چـاولێکنانی پەرییـەکانیان بەهـەلزانی... شـەوێکی ئەمووستەچـاوی یـەکجار چـەتوونو رەشبوو کەلەشاخەوە رووبەشار هاتن...ئاسمانی شار تاریـك تاریـكو بـاڵی شـــەیتانەکان تروســـکاییە باریکـــەکانی داپۆشـــیبوو...لای سەرچـــاوە

ئاوەکانەوە چادریان هەڵداو لەهەر گەڕەك و ناوچەیەکدا مێخی ئەستوور ئەستووریان دەچەقاندو بێدەنگانە لەوشەوەدا سەرین و لێفەشڕەکانیان بۆ دەگواستەوە...شەوێکی دوورو درێژیان لەبەرابوو...حەپەی سەگو قووقەی کەڵەشێریش نەدەهات و شار لەمەرگو پێشهاتەکانیدا رۆچوبوو...تابەیانی هەزاران چادر لەسەرچاوەی ئاوەکانی شار هەڵدراو لەمەملەکەتی شەیتانەوە پۆل پۆل رێچکەی بەچکەشەیتان بەڕیز دابارین بەسەر شارداو بۆچەن کاتژمێرێکیش ئەو رۆژە بەری خۆر گیراو خەڵکی بێئاگابوون و خۆڵی مردوو کراوە بەسەریانا... هەرکەسێك بەیانی هەڵدەستا شوێنەواری گۆڕانێکی شوومی بەکوچەو کۆڵان و دەروازەکانی شارەوە دەبینی و مووڵوولەی سوور سووریش لەچاوەکانیان راستدەبوەوەو مقۆمقۆ واتەواتی شەویان دەگێڕایەوە...خەڵکەکە چاریان نەبوو چادرەکان رووپای شاریان داپۆشیبوو...دیمەنە رەشەکانیشیان دیارترین پۆرترێتی دەکێشا...لەبەدبەختی ئەو خەڵکەشدا ئەو رۆژە تینی گەرما قرچەی لەپێستی ژن و منداڵ و پیرو لاو هەڵدەستان و دەبوو ستارگەیەك بدۆزنەوەو نەفسیان لەوگەرماو تینویەتیە کوشندەیە قوتاربکەن...هیچ کەسێکیان چاریان نەبوو لەئانای گەرمای ئەو رۆژەداو چین چین ئارەقیان دەسڕی و بەشلکوتیەوە دەگەیشتنە دەرکی چادرەکان و بەهەستێکی دوابڕاوو نزمەوە لەشەیتانەکان دەپاڕانەوە تا مۆڵەت بدەن سرەوتێ بگرن و کەمێك ئاو نۆش بکەن...خەڵکەکە زۆر داماوو لێقەومابوون...ماڵەکانیشیان قۆناغی ناخۆشیانبوو...چادرەکان مەنزڵگەی دواینی هەموویانبوو...هاژەی ئاو لەدوورەوە دەهات و گەرووی تینووی دەچوزاننەوەو نەفسیش هەتەری دەدا بۆ نێو چادرەکان...

خەڵکی لەو هەلۆەدا کتوپڕو ناکاوەدا لەچادرە شەیتاننشینەکاندا خۆیان دەبینینەوەو بەپیاڵەی بچووك ئاویان دەدانێ و سەدان منەت و فیزیان بەسەرا دەکردن...کەس حاڵی نەبوو لەو ئاخۆرانە سەیرەی ئەورۆژەی شار...بەتەنیا شەیتانەکان ئاگاداربوون و هۆشیان لەجێی خۆی

مابوویەوە... تینیوویەتیو گەرما سەراپای حەشاماتی شاری سەرخۆشو مەستکردبوو...پێیان بەیەکادەهاتو یەکبەیەکو کۆمەڵ کۆمەڵ تووشی هەڵنوتان دەبوونو کەسیش توانای نەبوو دەستی هاوەڵەکەی بگرێت...لەوادەیەکی کورتی دوابڕاودا خەڵکی شار لەچادرەرەشەکاندا سەرەوتیانگرتو بەقومە ئاوی دەستی شەیتانەکان تینوویەتیان رەوییەوە...ماڵەکان خاڵیو بەتاڵ بووبوونو بازاڕیش لەچۆلگەیەکی خاپوورکراو دەچوو...پاش ئەوساتە مردووبارانەی بەسەر خەڵکی شارا هات تازە خەریکبوو هۆشیان دەکردەوەو چاویان بەچادرو شەیتانە سێسەرو چوارپەلەکان دەکەوت...وێنای چادرەکان مایەی تێڕامانو سەراسیمەنەبوو بەو ئەندازەیەی رووخساری شەیتانەکانو شێوازی مامەڵەیان هەیبوو...

هەر لەجلوبەرگەوە هەتا رووخسارو شێوەیان دەیان پرسیارو هەستی لەجێی خۆی دەهەژاند...شەیتانەکان جلەکانی بەریان شڕۆڵو پرزۆڵ پرزۆڵبوو...پێڵاوەکانیشیان لەچەند لایەکەوە تەقیبوو...ریشو قژیان تێکەڵبەیەك بووبوو، خەڵکەکە لەلایەك بەزەییان دەهاتەوە پێیانداو لەلایەکیش لێیان دەترسان...هەبوو دەیگوت: ئەمانە شەیتانی کێوین...هەیشبوو بەدزییەوەو لەژێر لچو لێوەوە دەیچرپاند بەگوێی هاوەڵەکەیداو دەیگوت: بڕواناکەم ئەمانە مرۆڤ بن...کوا لەمرۆڤ دەچن... ژنی واش هەبوو رادەما لەدەستی قلێشاوو قاچی دەرپەڕیوی پێڵاوەکانو توند باوەشی دەکرد بەمێردەکەیاو دەیگوت: وی دایە...!هەیش بوو غیرەتی پاكو مرۆڤانەی دەبزواو دەیگوت: با یارمەتیان بدەینو لەوئاستەنگە قوتاریان بکەین...ئنجا لەهەموولایەکەوە بەدەوری شەیتانی رەزا قورسو گرانا دەهاتنو هەبوو ریشی بۆ دەتاشینو هەیش بوو پێڵاوو جلو بەرگی بۆ دەهێنانو پۆشتەو پەرداخیان دەکردن...هەرلەو ساتە غافلگیرەوە شەیتانەکان بوون بەهاووڵاتیو لەگەڵ خەڵکی شاردا تێکەڵبوونو لەشوێنی چادرەکان ڤێللاو گەڕەکی مۆدێرنیان راکێشا...

شـەیتانە چادرنـشینەکان زۆربـەخێرایی بەشـارا بلاَودەبوونـەوەو لـەوادەی سفر بەنـدا شـاریان کـۆتو بەنـدکردو لەچیاکانەوە تـا دەروازەکـانی شـار بەپانیو درێژی کۆشكو ساختمانی بەرز بـەرزو شووشـەییان قـوتکردەوەو ئاودێری شاریشان وابەسـتەی خۆیـانکرد...مێـژووی شـار لـەدۆخی جـارانی خاڵیکرایەوەو مێژوویـەکی نـوێ بـۆ دانیـشتوانیو رۆژانـەی دانـرا...سـەدان شـەیتان پەڕینـە سـەر خـەڵكو بەشـێتۆکەییو دەستلێوەشـان گـیرۆدەی دەستی چادرنشینەکانیان دەکردنو هەر لەو دەمەوە کەمێژوو گـۆڕاو شـار روحی زیندوی بەدەم ژانەوە دەرچوو گۆڕانێکی مەستو خامۆشکەر شاری گرتەوەو جودایی دیاری نـەما لـەنێوان شـەیتانو خەڵکیـدا...هـەر کوچـەو کۆلانو دەزگایەك دەچوویت سەلکەشەیتانەکان بەدەر دەکـەوتنو بنمـیچو قوژبنیان دەگرت " تاوای لێهات ئـەو جـۆرە بوونـەوەرە دنیـای داپۆشـیو بڕیارو حوکمو دەستەلاَت هەر لای ئەوانەوە دەردەکرا...دیاردەکانی ژیـانی پێشوو پووکانەوەو فەرمانڕەوای شەیتانسەرو کاسەلێسی شەیتانی جێگەو شوێنیان گرتن...منیش تووشـی شـۆكو سەراسـیمە هـاتبوون لـەو گۆڕانـە کتـوپڕەو لـەو بڕوایـەدا نـەبووم بـەو هەوڵەلاوەکیـەو لەسـاتێکی پلاناویـدا دەسـتـەلاَتو دەروازەکـانی فـەرمانڕەوایی ئـاوەلاَبن بۆمـان...منـیش شەیتانێکی سێسەربووم، هەسـەرێکم بۆلایـەك دەبـردو لـەم کۆشـەوە بـۆ ئەوکۆشو بەرۆك دەچـووم...تـامو چـێژی شـەیتانی بـوون گـەیبوو بـەدڵو ناخمو وازهێنانم لێیان لەمەحالگەرەکانبوو...

سـالاَنی شـاخو مەملەکـەتی کێـوی رەقو زبـری کردبـوومو لەگـەڵ شەیتانەکانی هاوەڵما فێری فڕینو بەرزبوونەوە بوبووین...کاتێ باڵمـانگرت گاڵتەمان بەدنیاو بوونەوەر دەهات...سووكو رسواو گەردن کـەچ ئـەوانمان دەبینیو خۆشمان بەگـەورە سـەروەری دنیـا...نـازانم ئـاخۆ خـودی فـڕین ئـەوجۆرە هەسـتـەی بەبـەرا هێنـابووین یـاخود سروشـتی خۆمـان لـەقو هەواگـەڕبوو...!؟ هەرکـە لەشـەقەی باڵمانـداو کەوتینـە ئـامێزی ئاسمـان

مرۆڤەکان ورد وردو بچووك دەبوونەوەو بەگەردو بوونێکی بێبەها دەمان بینین...

فەرمانڕەوا لەسەرووی ئێمەوە دەفڕیو زاتی ئەوەمان نەبوو لێی نزیك ببینەوەو ئەویش بۆخۆی بینایەکی تری هەبوو بۆ پۆڕە کاسەلێسەکەی... تائێستاش نازانم چۆن فێری فڕین بووینو لەو مەملەکەتە دوورەوە گەیشتینە ئاوەدانییەکی بێخاوەنو ساحێب...

هیچ کات پێشبینی مەرگی شەیتانی دوورگە چەپەڵو عاسیەکانمان نەدەکردو ترسی ئەوشەیتانە ئاسمانو کێوو مەملەکەتی رەجاڵی هەژاندبووین...هەرەشەو گورەشەکانی تووشی مەرگەساتی دەکردینو دەرکی شەیتانی دەستەلاتدارو ریش چەرموو بێریشمان تەیدەکرد دالدەمان بدەن لەو شەیتانە دڕندەو یاخییە...بەهۆی ئەوەوە فڕینمان لەئاسمانێکی تەسكو بێ مەودابوو...پیشەمان هەر راوی مەلە بەستەزمانو بێزیانەکانبوو...ئێمە بایەقوشو قەلەڕەشی توکتاڵو رەزا قورس بووین...لەهەر گوندێ لاماندەدا مریشكو باڵندەی ئەو گوندەمان تیادەبردو دانیشتوانەکەی لەتاوا سەری خۆیان هەڵدەگرتو بەبینینی ئێمە خۆیان دەگەوزاند لەقوڕو چڵپاوی بەر ئاواییەکەیانەوەو بەلاڤەلاڤو تکاو پاڕانەوە دەکەوتن بەسەرقاچی رەشو چڵکنماناو کتێبی پیرۆزیان بەرەوپیرمان دەهێنا زوو بفڕیینو ئاواییەکەیان نەکەوێتە بەر خاپوورو تۆڵەی دەستی شەیتانی گەورەو عاسی...

ئەوەشی هەمیشە بیرمان لێنەکردبوەوە چارەنووسی گوندەکانبوو... خەڵکەکەیقەزەمو گزگلی بچووك بچووکبون لای ئێمەو بەمرۆڤی ئەکسیمۆو رەشە هەڵقرچاوەکانی کیشوەری سووتاومان دادەنان...دواتر چارەنووسی هەزاران گوندنشین رووبەتۆڵەی شەیتانی گەورە ملی رێی دەگرتو ئێمەش دوای تیاچوونی خەڵك لەسەربازگە کۆمەڵکوژەکانی شەیتانی گەورە یاغیدا " ئەوجا دەماندا لەشەقەی باڵو دەمانخوێند بەدەوری گوندی خاپوورو سووتماککراوداو رووبەناوچەو گوندێکیتر

دەچـووین...سـالآنێكی نـەبڕاوەو بـەردەوام پیـشەوكارمان هـەر ئـەوەبوو بێزیادوكـەم...ئاسمـانی ئێمەسـنووردارو بێپـەراوێزبوو...دەبـوو لەوچـەقە لانـەدەین و هەركـە پۆلـە شـەیتانی فـەرمانڕەوای گـەورە دەربكەوتایـە زوو هەڵدەهاتین و بەری گوشادی ئاسمانیشمان لێتەنگ دەبوو...ئەوەشی بـاش نەفریایە دەكەوتە بەر دەنووكی ئەو پۆلـە شـەیتانەو شـڕو پڕیـان دەكـردو كەلاكەكەشی بێشوێنەوارو ناونیشان جێدەما...

ئێستاش حاڵی نیم چۆن ئەو شـەیتانە گەورەیـە ئـاوای لێبەسـەرهاتو شارو دنیای لەدەستداو بوو بەملكەچو زەلیلی دەستی ئێمـەو كـزۆڵ كـزۆڵ بەشـڕۆڵی و چـڵكنیەوە سـووكایەتیمان پێكـرد...بـەدۆڕان و رووخـانی ئـەو ئاسمان و زەوی و شارو گوندو دنیا ئاوەلاَكران و بەوشكڵ و شێوە نابووتەوە پۆل پۆل پێیدا بلاَوبووینەوە...

پەری گیان من نازانم چۆن گوزارشت لەو بەلەنگازی و حەژمەتە ناسـۆر ئامێزەبكەم كەلەناخمدا دێـتو دەچـێت...بەتـەنیا تـۆ دەتـوانی هێماكـانی نێوشاخ و دەروونم لێك بدەیتەوە...تۆی پاكیزەو بێگەرد...تۆیەك لـەو دنیـا دوورەوە گەڕاویتـــەوەو پـــڕ بـــەدڵو دەروونـــی بـــەمیهرت ســـۆزو بـــەزەیت هێناوە...فەرمانڕەواوكاسەلێسەكانیشی بەتەنیا چاودەگێڕن بەلاق و سنگ و كەفەڵتاو بۆ شەوێكی سوورو هەوەسبازی پەلكێشت دەكەن...

ئیـستێكم كـرد لەسـەر قـسەكانم و ئـەویش هەسـتی جـوانی لـەنیگای چاوەكانیدا مۆڵبووبـوو تیلمـە پەرۆیـەكی رەشـی بەسـتبوو بەسـەرییەوەو لەســـەر تـــەوێڵی ســـپی و قـــژی نگـــرۆی ســـووری رەخـــشێكی جـــوانی شۆخاندبوو...سام و بیمێك لەو تێڕوانینانەوە پەیدادەبوو ناخی دەهەژاندم و بروسكەی دەدا لەجەرگ و هەناوم...هالآوی دەم و هەناسەكانیشم دەبـژاردو بەدیقەتەوە نیگام تێدەبڕی و بەدەر لەو جوانیە پەرییانەیەی روحی بـەرزی بالاَپۆشـی كەسـتێتیەكی كامـڵو تـەواوی بەبـەراهێنابوو... سـەركەش و بەلەسەیەكی وەك من بۆی رام بووبووم...دەمێكبوو دەستكێش و چاویلكەو یاشماخم فڕێنەدابوو...دەمویست دەستكێشەكان فڕێ بدەم و توند دەستی

بگوشم بیٚپەردەو بەربەست، چاویلکەو یاشماخەکەش لابەرمو بەچۆکابێم لەبەردەمیداو رووت بم لەوبەربەستانەی دژ بەوجیهانە تاریکەی تونێل دروستمکردبوو...لەناخیشەوە هەر بۆ روحی سووتابوومو لەتەوژمە سێکسیەکان خاڵو پووچ بووبوومو پەرییانە بۆ پەیوەندییەکەم دەڕوانی... هێشتا لەژێر باری دەروونیو تەلیسمی جوانی دیمەنەکەدا مابووم دەنگی هەڵبڕیو وتی:

ـــ من برینەکانت سارێژدەکەمو پیێ بەپیێ دێم لەگەڵتا تا دوایین هەناسە...بەڵێنبێت بەجێت ناهێڵم...منو تۆ بۆ دژایەتی دنیای شەیتان خولقاوینو لەم وەیلانگە تاریکەوە دەیڕوخێنین...زۆر ئەزمایشو لێکۆڵینەوەم کرد تاگەیشتمە ئەم دەرەنجامە نەگریسو قیرسیچمە " وامدەزانی راستدەکەن لەگەڵ دروشمەکانیانداو بۆ گەل سووتاونو ئەم دەزگایانە مولکی گەلەو لەخزمەتی ئەواندایە بەلاٌم لووتم تەقی بەراستیەکی تاڵو کرژداو مەرگم بەئاوات خواست بۆمنێکی بێدەستەلاٌتو هاوکاری ئەم شەیتان ملانە...دڵنیابە بڕیارم داوە تۆڵەیان لیێ بسێنمو هەڵدێرە لۆچ لۆچاوییەکانیان کەل بکەم...روحم بۆ دەرفەتێك دەگەرێت تەوقی تونێل فڕیێ بداتو تف بارانی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی بکات...ژیانی خەڵك لێرەوە تیاچوو ...تویٚژاڵە ئەستوورو باریکەکانی کۆمەڵ گێرانەوەو لەم کونجڕە سەگەیا پیاوەتیو غیرەتو جوامێریان لێدەرهێنانو کەسێتیو خودی کاسەلێسیان بەخەلاٌت پێبەخشین...نابینی چ کێبەرکێیەکە لەبەردەرکی تونێلداو بەوقەلاٌفەتو تەنەوە مەرایی دەکەن بۆ رەزامەندی فەرمانڕەواو پشکیێ لەبەرژەوەندی کورتو خودکوژ...رەوشێك داباریوە بەسەر خەڵکدا پۆل پۆل پیادەی دەکەنو دەستەلاٌت بۆ فەرمانڕەوا دەکەن بەبنەمایەکی نەپساوو لەبن نەهاتووی ژیان...ولاٌتیش بەسەرجەم بوارەکانیەوە وێرانەو زیاتر بەگۆڕستانێکی دێرین دەچێت...بەرلەوەی تۆبناسم زۆر ورد دەبوومەوە لەخەڵكو رۆژانە فەزاحەتو سووکایەتی دنیایان پێدەکراو لەمافەکان بیێبەش

دەکـــران...فـــەرمانڕەواو کێویـــەکان رەنـــگو بـــۆی ژیانیـــان بـــەتاریکی دارِشتبوو..مرۆڤ لەم شارەدا هەستێکی سەیری بۆوەبـەردێت...وادەزانێـت لەجەنگەڵە سەرەتاییەکانی بەرایی مێژوودایەو هێشتا قۆناغـە هێماویـەکان زاڵـە بەسـەر مرۆڤـداو دوور لـەدنیای تەکنـەلۆژیاو ئـەنترنێتو جیهـانگیری دەژی...دیموکراسـی لای دەزگـای داپڵۆسـێنەری بـاوك سـالاری شـەیتان خەونو خەیاڵەو زەبـرو زەنـگو دەسـتەڵاتی رەهـا جێگـەی یاسـاو مـافـو دۆسـیەو بڕوانامـە مرۆڤیـەکانی گرتوەتـەوە...مـن لـەجیهانێکی دووورو جیاوازەوە هاتمەوە چونکە سۆزی دەروونم پاڵی پێوە دەنـام بـۆ لانکـەی جاویـدانی دایـك...سـاڵانێکی دوورو درێـژم لـەوڵاتێکی سـەوزو هـێمن بردەسەر..یاسا باڵابوو ، باوکی یەکەیەکەی تاکەکانی کۆمـەڵبوو..کـەشو هەوای ئـەو وڵاتـە خانەیـەکی سـازێنراوی تایبـەتبوو بـۆ مـرۆڤ...حکومـەت هـــەموو پێداویـــستیەکی بـــۆ مـــرۆڤ وەبـــەرهێنابوو...لـــەوێ هـــیچ بوونێـــك ئەوەنـــدەی مـــرۆڤ پـــیرۆز نـــەبوو...لەوســـاڵانەدا زۆر دانم بـــەخۆدا گـــرتو بڕیارمـدابوو جـارێکیتر روونەکەمـە مەملەکـەتی شـەیتانە خوێنمـژەکانو بەدوور لەئاوارگەی هەتاهەتاییدا بژیم...ساڵو ساڵ دەمویست زاڵبم بەسـەر هەستی دژواری دەوورنـداو بەخـەونو خـەیاڵ دەگەڕامـەوەو شـەو دەرکـی شارم تەیـدەکرد...پەرییانـە لەگـەڵ دەسـتە خوشـکی پۆلەکەمـدا دەبـووم بەمیوانی ئاسمانو لەدورەوە ئەوتاریکاییەم دەبینی کەئێستا کەوتومەتـە ناوی...شەیتانو ئەهریمەنەکانی پەراوێزی ژیان حوکمڕانن... فـەرمانڕەوای زێدی سووتاوو گۆڕی بەکۆمەڵو کیمیاویو کۆڕەوو دەیان چیرۆکو رۆمانو داستانی جەرگبڕن...لەدوورەوە تاریکاییە نـەبڕاوەکانم دەبینـی...مەینەتـە لەبن نەهاتووەکان...حەزو ئاواتە سووتاوو بێهودەکـان...ملیۆنـەها مرۆڤـی بەدبـــەختو چـــارەنووس ســـووتاو...منـــاڵی بەســـتەزمانی چەوســـاوەو بێماف...خوێندکاری بێداراو سەرچاوەی زانستی...ژنو کیژی خزمەتکارو لەشفرۆش بۆنانو دامەزراندنو بەردەوامبوون لەسەر کار...پـیری کۆڵبـەرو شقارتەفرۆشو سەهۆڵکێشو رەنجبەری بەر سەرمای زستانو قرچە قرچی

هـــاوین...دەرچـــووی زانکـــۆو پـــەیمانگای بێکـــارو رســـوای بـــەردەرکی بەڕێوەبەری پەروەردەی تونێـل...سـواڵکەرو بێنـەوای دەرو دەرگـای دزو جەردە گەورەکانی وڵات...شـێتی بـەرەڵای کـۆڵانو کوچەکانیشار...زێـدو وڵاتی بێنەواو خزمەتگوزاری مەدەنیو رۆشنبیریی...ماڵی تاریـكو ساردی بێنـەوتو دوور لـەکارەباو روونـاکی...گیرفـانی بـەتاڵ لەمووچـەی کـەمی بەئـــەرك و خزمـــەتی نـــەبڕاوە...هــەژاری هەمیـــشە چـــاوەڕێی نـــانو بژێوی...کرێچی ئـەمماڵو ئەوماڵکـەری سـینە تـەنگو خـەمۆك...نووسـەرو بیرمەندو رۆشـنبیری بێحـزبو پەناوپـشتگیر...بیمـاری پەرێـشانو ژانـاوی بەسـوێو ئـێش...ئـاوارەی بێلانـەو مـاڵی چـاو لـەدوو...هـەموو ئـەو مەرگەسـاتو بارانـەم لـەدوورەوە دەبینـیو دەمزانـی ئێـرە نەوڵاتـەو نەحکوتی هەیەو نەمشورخۆری بەئەمەكو دڵسۆز...داهاتووشی لەرابردووی باشتر نابێت...لەئاسمانـەوە دیمەنـە دوابـەدواکان دەهـاتن " هـەراو قاڵـەی فەرمانڕەوا سەرسەریەکانو سەوداگەرییو خودکوژیو دۆڕانـی دۆزی رەواو پریاســـکەو بۆخـــچەی ئامـــادەکراوی مەینەتیـــەکان...هـــاووڵاتیبوون بێئـــەرزشو نـــرخ تەماشـــا دەکـــراو هێـــزە تۆتالیتەریزمـــەکان بـــەزەبری خێڵـەکیو گـورزی نامەردانـە تۆقانـدنو خۆسـەپاندیان پیـادە ئـەکرد... ئـاوارەو دەربـەدەرانی وڵاتـان وێـڕای ئـەوەی تێکـەڵی بـارودۆخێکی هـێمن بـوونو هـەرگیز لـەوڵاتی سـوتماککراوو فرۆشـراوی خۆیـان ئەومافانـەیان بەدەست نەهێنابوو بەڵام هەمیشە چاویان لەنیـشتمان بـوو...لـەو زێـدەی ژانو ئێشی برد بەنێو دڵیانا... توانەوە بەدەسـت دەردەسـەریو مەینـەتی لەبن نەهاتوو...تەمەنی نەوجەوانیو تافی لاویو کامڵ بوونیشیان هەر بـەو قۆناغەدا بردەسەر...خەونەکانیشیان بەمەینەتو ناسۆری تـەنراو تەمـەنو تواناو بەهرەیان لەچاڵ نرا...چەن برینـداری ژێـر ئـەو دەردەسـەریانەبوون کەچی دڵیان بۆ زێدی دایك دەسـووتاو لەگـەڵ مەلـەکانی وڵاتـانی هـێمنو مرۆڤ دۆستەکاندا بەروح دەفڕینو هیواکانیان دەبردەوە بۆ وڵاتی خۆیـانو بژارو پاکیانـدەکردەوە لەوگەنـدە رووەکانـەی کـەوتبوون بـەرووی جـوانی

باخـچەدا...غـەریبو بێنـەواکانی هەنـدەران هەمیـشە بۆسـاتی گەڕانـەوەو شـادییەکی نـەمر دەژیـان...عـەودالبوون بـەدووی مامەڵـەی مرۆڤانـەو خوێندنـەوەی کەسـێتیو گەڕانـەوەی رێـزو شـکۆ بـۆ خـود...لەگـەڵ جگـەرخوێنو نـالیو حـاجی قـادرو وەفاییـدا ناڵـەی غـەریبیو دەردەسەرییەکانیان دەوتەوەو قەصیدەکانی شام شـەکرەو گیـانم فیـدای سـروەکەتو غـەریبی رێـی جانـان یـان دەگـوتو لەکەوکەبەیـەکی یـەك دەسـتە هەسـت ناسـكو برینـدارا بەرێدەکـەوتنو شـارەکانیان تەیـدەکردو خـەونی مرۆڤـستانێکی ئـارامو سـەوزیان دەبینـی...کەشـتیەك لـەقووڵایی زەریاکانی روحەوە هەڵیدەگرتنو هەرکام بەو هەستەی هـەڵیگرتبوو خـۆی دەناساندو بۆ نیشتمانەکەی دەتوایەوە...دەبوو بەتنۆکەئاوو دەڕژا بەسـەر خاکی قڵیش قڵیشی تینوودا...خۆش خۆش لەگەڵ خاکدا ئاوێتەی گەردنو جەسـتەو روحـی یەکـدەبوون...شۆڕەسـوارەکانی ولاتـە دوور دوورەکـان ، ئەوانـەی لـەتوونی مـەرگ هـەڵهاتن بـەرەو جیهـانێکی مـرۆڤ دۆسـتی دایـك ئاسای میهرەبان...دڵیان یەکپارچە زوخـاڵی رەشـەو چـاویان هەمیـشە پـڕ لەئەشـکەو روحیـشیان بـەئاسمانا دەفـڕیو لـەم شـارو لەوشـاری زێـدی دایکیان دەسرەوێ...من دەزانم ئەوان شەووڕۆژیان چ هەسـتێکی پـڕئێشو ئەشکەنجدار دەهێنێت بەبەریاندا...بەڵام کاتێ شەوانی تاریـكو هـێمن لـەو ئاسمانە سافو بێگەردانەوە دەفڕنو لـەولاتی سـوتێنراو وردەبنـەوە هـیچ گۆڕانێك بەدی ناکەنو ناهومێد دەبن لەگەڵو ولاتیانو بەدەم لێـوکرۆژتنو کێـشانبەرانو روومەتیانـدا هێـواش هێـواش لـەجێی خۆیـان دەمێننـەوەو بەکۆڵێ فشارەوە تەختی جێگەو لانەکانیان دەبزوێنن...خـەڵکی ژێـر بـاری مەینەتیش وادەزانن ئاوارەکانی هەندەران قوتاربوون لـەو تونێلـە سـەگەی ولات ، بەڵام وانییەو سێبەری خودو مەینەتیەکان هەمیشە بەدوایانەوەیـەو شەووڕۆژ سەدان گرفتو ئاستەنگ دروست دەکات بۆیان...

خـەونی خودەکـان لێـرەوە بـەبارێکی تـردا سـەرهەڵدەداتو ئـەمجارە هەموو دەبن بەپەریو هەر لەئاسماندا دێنو دەچنو نزیك نابنەوە لـەزەوی

مادام شەیتان پاوانی کردووە بۆ خۆی...دەستە پەرییە سپیو بەفرییەکان یەك لەپاڵ یەکدا بەڕیزی درێژو نەبڕاوە دەوەستنو بەردەوام چاو دەبڕنە خاكو چەقی ژیانی رۆژانە...وادەبینن هێشتا شەیتانەکان سەرداری شارنو بەئامانو دامان دەستبەرداری دەستەلاٌتو فەرمانڕەوای سووكو رسوا نابنو هەمیشە تونێل جمەی دێتو جەخت لەسەر ئەوەدەکەن سیستمی فەرمانڕەواو کاسەلێس هەروەك خۆی هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەیەت...دەقو دۆخی پێشوو قالٌبێکی هەتاهەتایی دەبێتو سەر زەوی بۆ شەیتانەکانو ئاسمانیش بۆ پەرییە دڵناسکەکان دەبێت...جەنگو پێکدادانیش دووراو دوور لەنێوان هەردوو بەرەدا روودەداتو ناونیشانی جیاوازو جودا دەکرێ بەبەری قوربانییەکاندا...پەرییەکان قوربانی قەڵەمو ئازادیو مافەرەواکانن لای شەیتانەکانیش ئیرهابیو تیرۆرستو تێکدەرن...شەیتانە دوابڕاوەکانیش پاڵەوانو گوستاخی مەیدانو رۆڵەی بەئەمەکی تونێلو فەرمانڕەوان...پەرییەکان تاقمو گرۆهی جۆراو جۆرنو هەمووشیان بۆ تێکدانی تونێلو فەرمانڕەوای شەیتانسەر دەکۆشن...هەیانە دڵناسکەو بەباڵ رەشەبایەك دروست دەکات...هەشیانە مۆڕدەبێتەوەو هەڕەشە دەکات...هەر رێگەیەکی دیکەش بگرنەبەر ناتوانن وەك شەیتانەکان بکەنو ئەوان شەرێکی رەهاو نەبڕاوەی دنیان...لەودەمەوە کەدەستەلاٌتو پۆست داهات ئەوانیش هاتنە دنیاوەو لەبەردو دارو تەختەو ئالٌتوونو زیوو مسو تەنەکەکورسی دەستەلاٌتیان دروستکرد...فەرمانڕەواکانیش بەقامچیو زنجیرو شمشێرو چەکیان راوەشاندو مەینەتو جەنگ لەودەمەوە دابەشبوو بەسەریانداو دووبەرەی ناونیشان جودا پەیدابوون...پەریو شەیتان...شەڕوئاشتی... گریانو پێکەنین...دنیای دژوار لەودەمەوە هاتەروو سەری شەیتانەکانی سوڵتەو دەستەلاٌتداری هەڵگرتو لەسەر کورسی فەرمانڕەوایی چەسپاندی...

هەناسەیەکم هەڵکێشاو دیسان لێی نزیکبوومەوەو وتم:

ـ پەری گیان ...دەبێت هەوڵەکان بخەینەگەڕ بۆ دوایی هێنان بەم پاشاگەردانیەی وڵاتی گرتوەتەوەو مەملەکەتی نایاسایی‌و خود کوژ دوایی پێبێت...من لەبۆ دەلاقەیەك دەگەڕێم مێژوو بۆچەن ساتێك بچێتەوە دۆخی بەستوو زاڵگە مەترسیدارەکان رابماڵیین‌و پەرییەکان بگەڕێنەوە بۆ وڵات... لەهەموو لایەکەوە دابارێن بەباڵە رەنگاو رەنگو نووە نەبڕاوەکانیان ئەم تاریکستانە بڕەوێننەوەو شەیتانەکانیش دەرپەڕێنن‌و کۆتو زنجیربەندیان کەن لەتەویلەو گەوڕی داتەپیوو نشیودا...

پەری گیان تۆ لەدوورەوە هاتوویت‌و دەزانیت لەهەر ناوچەیەکی دوور هەزاران پەری ئاوارەی لێیەو مەینەتیەکانی دەربەدەری دەچێژن‌و خوازیاری دیداری پەرییە یاساغ‌و قاچاخەکانی وڵات دەکەن...بێگومان گەر پەرییە ئاوارەکان‌و پەرییە چەوساوەو رەنجبەرو بەئارامەکانی وڵات بەیەك بگەنەوە دەتوانن لەم ئاستەنگە داخراوەی چینی زەحمەتکێش‌و رەنجەڕۆ رۆڵێك ببینن ...من دڵنیام زۆر دڵنیام لەو گۆڕانەی کەخود لەو دەهلیزە تەسك‌و بێبوارە دەردەهێنن...گەربێتو بەیەك گەیشتنێك لەو جۆرە رووبدات بازاڕی شەیتانەکان دادەخرێ‌و شەڕی دوایی‌و مان‌و نەمان دەکەن...

بەم قسانە هەڵچوو بەحاڵێکی ترس لەبەرەوەو وتی:

ـ نا ...نا...تۆ نازانیت ئەمانە چ داوو رایەڵەیەکیان بەستووە...دنیای پارەو بەرژەوەندی لەگەڵیان سەدان گرێبەستی پێکهێناوەو هیچ کام لەو پەرییانە متمانە ناکەن بگەڕێنەوە...پێم وتی ئێرە زێدێکی نائارامە ... شەیتان حوکمڕانە... مەترسیدارترین دروستکراو دەوریداوەو بەناخی خەڵکێکی دۆگمای کاریزم پەرستدا رۆچوون...ژیان لێرە لەدەوری رۆتینێکی بکوژو قەڵاچۆکەردا دەسوورێتەوە...گرنتی کارێکی ئاوهام پێناکرێت‌و دەرکەوتنی پەرییەکانی ئێرەو رووبەرووبوونەوەیان باشترین رێگە چارەیە...ئێمە دەتوانین نامە بۆ پەرییە باڵ ناسکەکان بنێرین‌و تەوقی خۆشاردنەوە بشکێنین...هەرکات لێرەوە پەری لەو خەڵوەتگە

بچووکانەی خۆیان هەستان سەرەتای گۆڕان دێتە ئاراوەو ئەوجا پەرییە ئاوارەکان هەڵوێستێکی دروست دەنوێنن... بڕوات هەبێت لەم چارەیە زیاترمان نییە...وانەکەین دنیای شەڕو خراپە دەست لەبینمان بەرناداتو پاشماوەی تەمەنمان لەمە باشتر نابێت...دەبێت فەرمانڕەواو کاسەلێسە شەیتانەکانی بەسووکو رسواترین دروستکراو بناسێنرێن... خەڵك بەقێزەونترین بوونەوەر تەماشایان بکەن...دوایی بەپیشەی تونێلو ژوورە داخراوو خودکوژەکان بهێنرێت...من یەکجار دڵنیام لەوەی دەیڵێمو دەتوانم ئەوپەرییانە بدۆزمەوەو نامەکانیان ئاڕاستەبکەم...بەناوی پەرییەکانەوە بۆیان دەنووسین: "ئەی پەریزادەی هەست ناسكو جوان...دەزانین جەرگبڕاوو کۆست کەوتووی...لەودەمەوە فەرمانڕەوای شەیتانەکان چادریان لەنزیك سەرچاوە ئاوەکان هەڵدا ئێوە بێزارو پەست بوونو هەریەك لەکونجرو کەلەبەرێکدا خۆتان مەڵاسداو ستارتانگرت...چەندین ساڵ بەسەر داگیرکاریو هەڵخەڵەتاندا تێپەڕیو بۆ تەنیا جارێکیش باڵی ناسكو سپیتان رانەخست...بێزاربوون لەتونێلو رەوشی ناڕەوای تیابردنی بۆ خود...بێزاربوون لەو خەڵکە دۆگمایەی بەر دەرکو ژوورە تاریك نشینەکانی تونێل...ئەوەندە بێدەنگبوون تا ئەم وڵاتە بوو بەمشتێ لەخاکی وێرانو بەچکە شەیتان دنیایان داپۆشی...ئەوەندە خۆتان شاردەوە تا وڵات بوو بەسەردابێکی بۆگەنی تەپیوو...رووی پاکو دڵی سافتان هەمیشە لەدوو توێی باڵەسپیەکاندا هەڵگرتو ئامێزتان لەهێلانەی بچووكو بێمەودایا راخست...خەڵکی لەدەرەوە روحی شەیتان دەکرا بەبەریاندا...شۆفێرو دەلاكو رەنجبەرو دوکاندارو کاسبو مامۆستاو پزیشكو ئەندازیارو دادوەرو پارێزەرو ئەفسەرو پۆلیسو سەربازو هەموو کەوتنە بەر ئەو سروە شەیتانیەی بەیانیانو ئێواران هەڵیدەکردو دەخرایە پشتی ئۆتومبیلە گەورەکانو دەپرژێنرا بەکۆڵانو کوچەو گوندو هاووڵات نشینەکاندا تاوایان لێهات شەیتان زەدەبوونو بێویستی خۆیان لەتونێل کۆبوونەوەو پەیامو بەرنامەی ئاسایی خۆیان تێکدا...دەمێکە ئێوە

ونبوون‌و چیدی نابێت بەوچەشنە بمێننەوە...کاتی ئەوەهاتووە ئەرکی گرنگو چارەنووس ساز جێبەجێبکەن...وەرنەدەرەوە سروەی پەرییبوون بلاوبکەنەوە ...شەیتانەکان خۆیان راناگرن‌و لەتروپکی لەخۆباییبوون‌و لوتبەرزییەوە دەکەونە خوارەوە... هەرەسدێن‌و بەهەڵەداوان‌و بێکۆشك‌و ڤێلاو ئوتومبیل‌و پارەی دزراوی گەل هەڵدێن...مێژوو خالی دەبێتەوە لەرووداوو هەڵس‌وکەوتەکان‌و چەرخیکی تازە لەدایك دەبێت...ئەی بەئەمەك‌و دڵسۆزەکانی هۆبە داخراوو رەشەکانی ماڵە قاچاخ‌و گڵەباندارەکان...ئێوە هەژاریتان قبوڵکرد تا نەبن بەکاسەلێسی فەرمانرەواو تونێل‌و حزبەکەی...ژانی برسێتی‌و نەبوونی‌و بێبژێوی‌و ئاکامە کاریگەرەکانتان هەڵگرت لەپێناوی ئەوەدا پەیامێك ئاراستەی لێقەوماوو جەگبراوو بریندارو بێماف بکەن...تکاتان لێدەکەین دوایی بهێنن بەخۆشاردنەوەو پێچلێدان‌و ورتەی ناروون‌و ئاشکرا... میللەتێك روو بەفەوتان دەچێت...فریای ملیۆنەها مرۆڤی ستەملێکراوو ولات تالانکراو بکەون...دڵنیام گەر ئەم وادەیە لەکیس بدەن هەمووشتێ تەواو دەبێت‌و ئێوەش بەدەم تاسەی مەرگێکی کتوپرو ئەجەلێکی ناکاوەوە سەردەنێنەوە...کاتی ئەوەهاتووە رێزی فەرمانرەواو کاسەلێسەکانی بشکێنن‌و دنیای بۆگەنیان لەبەردەم شاشەکانی تەلەفزیۆن‌و گۆڤارو رۆژنامەکاندا ئاوەلا بکەن...کاتی ئەوەهاتووە دەمامك لابدەن لەسەری ئیرهابیە راستەقینەکان‌و تیرۆرستە خودکوژەکان کەلەبەرگی رێزدارو شکۆمەندو تێکۆشەردا بەدەر دەکەون...ئەمرۆ دەرنەکەون کەی دێنە دەرەوە...! ؟چیماوە بەوداماوو قورپەسەرانە نەکرێت...! ؟دوای رابورانی سەردەمێکی خوێناوی شەیتانی پێشوو کەپربوو لەسەدان جینۆسایدو مەینەت‌و دەردەسەری ئەوجا سەردەمی شەیتانی نوێ هاتەپێش‌و ئەمجارە بەزمانی خودو بەجلوبەرگی خۆیەوە فەزاحەت‌و سووکایەتی پێکراو ماڵ‌و دارایی ولات بەگەرخرا بۆ چەن سەد کەسێك‌و مەینەت‌و دەردەسەریش ریزیان بەست‌و ئاسمان‌و زەوی‌و دارو بەردیان

گرتەوە...چیماوە بەو خەڵکە بێدەنگە نەکرێ...! ؟شەڕی شەیتانەکان روحی رۆڵەکانی بەهەدەر بردو رێزی مرۆڤ کەوتە سەرزەوی‌و شەڕە بەربەریەکانی مێژوو لێرە دووبارەبوونەوە ...چیماوە رووبدات...! ؟ دیموکراسی بوو بەئامرازێك بەدەستی شەیتانەوەو لەبەرژەوەندی خۆی هەڵیسوڕاندو حزب‌و حکومەت یەکیانگرت‌و سیستمێکی کێوی نوێ لەدایکبوو کەلەبەرژەوەندی داهاتووی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانیبوو ... چیماوە رووبدات لەوەزیاتر کەخەڵکی بەجل‌و بەرگی خزمەتکارەوە رۆژ تائێوارە سەبەتەیەك بەسەریانەوەیەو بەدوای یەکا کۆڵبەری‌و بارکێشی بژێوی خۆیانن‌و شەیتانی چاوگەورە گەورەی عەزیزی لەبەریش باروکۆڵەسەرەکەیان پترو زیاتر قورس بکەن...

هیچ بەهانەیەك بەدی ناکەین لەخۆشاردنەوەو گۆشەگیری...دەبا باڵی سپی‌و ناسکتان شەلاڵ ببێ بەتیری ئەو ناپاکانەو تەرمی پیرۆزتان ولاتی سوتماککراوو هاولاتی خێر نەدیو بژێنێتەوەو مانایەك بدات بەژیان‌و بوون...ئەوەتا ژینتان هەموو رۆژێك پارچەیەك لەمەرگەسات‌و هەستی دژواری بەسوێیە...هەریەکجارەو ژین کراسی مانایەکی مەزن‌و بەرز دەپۆشی‌و ئێوەش دەبن بەباوك‌و دایکی ئەو گۆڕانە...هیوامان وایە لەودەقە بەستووە رۆتینایییە بێنە دەرەوەو سەرەتای گۆڕان بەئێوەوە رووبدات".

ـــ ئاخر تۆچۆن ئەم نامەیە دەگەیەنێت پێیان " گەرپێت بزانن تیادەچیت...دەتکوژن " فەرمانڕەوا دژی هەرکارێکە جۆرە ژینێکی واژووی ئەم ژینە دەق بەستووەی ئێستای بشکێنێ...من پێم باشە تۆ دووربیت لەم بازنەیەو خۆم هەڵدەستم بەوکارە ...من کاسەلێسێکم‌و سێبەشی تەمەنم بەشەیتانی بردوەتەسەر...گەرتیابچم ئەوا بەڵکو پاساوی پاشەڵی بۆگەن‌و پیسم بۆ بکات‌و ویژدانم پێی ئارام بێت...

بێباکانە لەسەر کورسیەك دانیشت‌و وتی:

ـ من لـەدوورەوە هاتوومەتـەوە بۆكـارێكی ئاوەهـاو دڵنیابـە هـەرخۆم پێی هەڵدەستم...

بەچەند هەنگاوێكی خێرا خۆم گەیاندە لایو باوەشم پێداكردو وتم:

ــ بـەڵام ئەگـەر تـۆ تیابـچیت ئـەوا ئەڵقـەی نێـوان ئێمـەو پەرییـەكان دەبچڕێت...منیش ئەوجا شێتو هاردەبمو دنیا دەدەم بەسەر یەكداو زمانم لاڵ دەبێتو چاوم زەقو هەستیشم لەسینەمدا پەنگ دەخواتەوە لەمـەراقا دەمرم...

بەمتمانە بەخۆوە وتی:

ـ بڕیارێكەو داومەو هەرگیز لێی پەشـیمان نابمـەوە...سـبەینێ لەگـەڵ قووقـەی كەڵەشـێر بـەئاگادێمو دەگـەڕێم بەسـەر یەكبەیـەكی ئەوپەرییـە گۆشەگیرو نهێنییانەداو نامەكە هەڵدەدەمە كونەكانیان...

ــ منـیش دێـم لەگـەڵتا...ئـارەزووی ئەوەدەكـەم یەكـەم هـەنگاوی پۆزەتیڤانە بنێم بەهیوای سارێژ بوونی هەستكردن بەتاوان لەدەروونداـ...

ــ نابێـت ...بـوونی تـۆ لێـرە وزەو توانایەكـە بـۆ هـەموو پەرییـەكی باڵشكاوی نهێنی...

ـ بەڵام من ...

بەئاماژەیـەك قـسەكانی پـێ بـڕیمو نیگایـەكی قـووڵی خـستەسەرم كەهـــەموو مانایـــەكی لـــەخۆگرتبوو...دەمزانـــی چ پەرییەكـــەو چـــی لەدەسـتدێت...بـەڵام ئـەوەی سەرسـامیكردبووم رووخـساری رەنگێكـی زۆرجیاوازی لەخۆگرتبوو ...هەرچەن دەكۆشام ئەو هێماو رەمزانەم بۆ لێـك نەدەدرایەوە...ویستم دەستی پێدابهێنم بـەڵكو بـچێتەوە دۆخـی پێـشووی بـەڵام ترسـێك لـەناخما هـەڵتۆقیوو ئـەو ویـستەی هـەر لەشـوێنی خۆیـدا كوژاندەوە...بەوهێمایانەی رووخساریەوە تووشی مەراقو خەمباری بـوومو كاتێ لەیەك جیابووینەوە كسپەیەك لەهەناوم هەڵساو توند لـەئامێزمگرتو تێر تێر دەستم ماچكرد ...ئنجـا بەهێواشـی لێـی دووركەوتمـەوەو ئـەویش رووبەدەرگاكە رۆییو قڵیشاندیەوەو لەچاو تروكانێكدا ونبوو...

پاش تیپەڕینی چەند ساڵێك بەسەر چاوپێکەوتنی منو پەریزادە لەتونێل هێشتا چێژو ئەو چاوپێکەوتنە لەناخمدایەو پەری ئاهیستە بەو کەسێتیو خودە مەزنەوە دێت لەبەرچاومداو هەرگیز ون نابێت...ئەو عەسرەی وێکڕا لەتونێل بەدەرکەوتین نەمدەزانی ئەمە یەکەم چاوپێکەوتنو دوایین یەکتربینینەو بەتەنیا ئەو دەبێت بەیادەوەرییەكو باڵە سپیەکانی بەسەرمندا دەکشێت...من بێئاگابووم لەپەریو چارەنووسی نەمدەزانی شەیتانسەرەکانی فەرمانڕەوا لەناویدەبەن...حاڵی نەبووم لەوەی رووی دەداو دڵ لەمشتبووم بەدرێژایی شەوێکی دوورو درێژ...شەوێکبوو وامدەزانی بۆسبەینێ مێژوو خاڵیدەبێتەوە...فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی خۆیان راناگرن لەئانای نوری بەرینو رۆشنی پەرییەکانو دنیا دەگۆڕێت بەدنیایەکی دی...ئەوشەوە سەرجێگەم نەدیو بەردەوام دەهاتمو دەچووم...لەئاکامێکی رەشو چەتوون وردەبوومەوە...لەگەڵ روخساری نورینی پەرییەکاندا لەدوانو گفتوگۆدابووم...بەدەم ورشەو پرشنگی باڵە سپییەکانەوە گەزگەز بالأمدەکرد...هەڵدەکشامو بەرزدەبوومەوە روو بەمەملەکەتی پەرییەکان... بەرگی شەیتانیم فڕێدەداو بەچاوی سۆزیارەوە لێیان ورد دەبوومەوە...دەستی دایکانە پەریم ماچ دەکردو سەری نەوازشم دادەنەواند...شەوێکبوو وامدەزانی دوایین ئەجەلو

مەرگو هەڵهاتنی شەیتانەکانی لەخۆگرتووە...بەوردیو چاوبێدارییەوە لەگەڵ ساتە لەتبوەکانیدا دەچووم بەڕێوە...هەیتێکم ئاسمانبوو هەیتێکم زەوی...هەر دەمێك بەباڵو رەنگێکەوە خۆم نمایشدەکرد...دەمێك لەگەڵ پەرییە باڵاکانو دەمێکیش لەپاڵ پەرییە بچووكو ناسکەکاندا...دنیای ئەوان یەکجار واژووی دنیای شەیتانە مشەخۆرەکانی زەویبوو...پەرییە باڵاکان هەست ناسکترین بوونەوەرو دروستکراوی یەزدانبوون...هەمیشە رەمزی گیانفیدابوون بۆ بچووكو باڵ ناسکەکان...لەگەرمادا باڵەکانیان دەبوو بەباوەشێن یان سێبەر بۆ بچووکەکانو خۆیان لەبەر تیشکی خۆردا هەڵدەقرچانو ئارەقی رەشو شینیان دەردەداو ئەوانیش سرەوتو پشوویاندەگرت...لەزستانیشدا ئامێزیکبوون بۆ پەری بەچکەو بچووكو ناتەواناکانیان...قوربانیو گیانفیدای لەوێوە فێربوومو قێزم لەخۆمدەهاتەوە...ئەو دنیایە بەڕایەڵەیەکی پتەو سەقامگیرکرابوو ... هەستی ناسكو جوان دەیکردن بەپەرىو پلەپلە بەرزو باڵای دەکردن تا دەگەیشتن بەو ئاستەو بەچاوی سەر جوانییەکی نەبڕاوەیان دەبینی...لەوێدا هەر ئایندەو رەوەندەبوو پاش هەڵبژاردنی رێی پەری هەڵدەکشان روو بەئاسمانو دەست لەملانی دەستەخوشکەکانیان دەبوون...رێگەکە سەختبوو چونکە شەیتانەکان ئەمسەراو سەری دەروازەکانیان گرتبوو...بەپارەو پوولو حەزە شەیتانیەکان دانیشتوانیان فریودەداو سەرگەردانیان دەکردن...هەر ئەوشەوەبوو من یەکەم هەنگاوم ناو دنیای شەیتانەکانم بەجێهێشت...پاش ئەوەی ئارەقێکی زۆرمکردەوەو لەرزم لێهاتو زانیم جەستەم لەحاڵی چارەنووسدا گینگڵدەداتو تەزووی بروسکاوی جار لەدوای جار کسپە لەهەناوم هەڵدەسێنێ...ئەو چاوپێکەوتنەی رۆژ لەگەڵ پەریدا رایەڵەی ژینی رابردووی دوایی پێهێنام... قەیرانی تەنیاییو هەست بەنامۆ بوونی کوشتم...نیگاو هەستێکی وای هێنا بەبەرما لەرزم لێهاتو شەلاڵی ئارەقو ژانی بێئەندازبووم... ئەو شەوە دنیای کاسەلێسیو شەیتانیبوونم کۆتایی پێهات...هەزاران پەری

ئەمپەڕاوپـــەڕیان گـــرتمو لـــەڤێلاو کۆشـــکی مـــردوو بـــەدەریانکردم... هەسـتمدەکرد روحـم لەجەسـتەم دێتـە دەرەوەو بـەرەو ژوانێکـی گـرنگ بەڕێدەکەوێ... زاتم شکابوو لەدێوەزمەکانی خەوو رووخساری فەرمانڕەوام لێ ناقۆلاو ناشیرین دەبوو...تونێـلو کاسەلێسەکانی بـەنابوودترین بونیـاد بەدەردەکـــەوتنو لەناخـــەوە بـــەدڵی پەرییانـــە بـــەزەیم بەحاڵیانـــدا دەهاتەوە...واهەستمدەکرد لەدنیای نوێدا دڵو دەروونێکم بـۆ دروسـتبووە یەکجار جیاوازە لـەدڵو دەروونـی پێـشوو...دڵێـك سـاف سـافو بێکینـەو خەشمو ستەمو چەوسانەوەو کێبەرکێی شەیتانی...سافتر لـەتوێی ئـاو... سەوزتر لە مێرگی بەرینو بەهەشتی نەبڕاوە...دڵێك کوشـتنو بەگەڕخـستن لەپێناوی بەرژەوەندی دووچـیندا بەگـەورەترین سـتەمو تـاوانو ئاسـتەنگ دەبینێت...ژیان بەوهەلەزێڕینە دەبینێت کـەهێزی ئـەزەل خـەلاتیکردووەو بۆهیچ بونیادێك نییە بیشێوێنێت...کاتێ دەمدا لەشەقەی باڵ چاوی سـۆزو میهرو ئەوینم لەزەوییـەکی پـاوانکراوبوو...سـەروەرەکانی سەلکەشـەیتانی فەرمانڕەواو گەلـە کاسەلێـسی جـەمو چاوچـنۆکبوو...بـەرگی خـۆم لـەنێو ئەواندا دڕیبوو...هەمیشە بەرزدەبوومـەوەو بـەئاسمانێکی یـەکجار بەرینـدا دەفـڕیم...باڵـەکانم هـەرگیز شـەکەتو مانـدو نـەدەبوون...پەڕەکانیـشم ئارەقیان نەدەکردەوە ...هەستیشم بەوزەی ماددی نەدەکرد...لەوساتەوە کەبەدەرکەوتبووم لەگەڵ پەرییەکاندا قێزم لەسەرجەم گۆشـتو خۆراکێك دەهاتەوە ، هێڵنج دەهات کەدەهاتە بەرچاوم ، بەتەنیا بەو سروە پاکـەی پەرییـەکان دەژیـام کەلەسـاتە ناوەخـتو دیاریکراوەکانـدا هەڵیـدەکرد ... خۆراکی منو هەموو پەرییەك هەر ئـەو سـروەیە بـوو کەلـەلێواری عەرشـی ئەزەلەوە دەهاتو پەری دەژیاندەوەو شاپەڕی نوێی پێدەردەکرد...ئـەو سروەیە روحی زیندوو خۆراكو وزەیەکی تـەواوو نـەبڕاوەی جەسـتەبوو ... ســـروەیەك بـــوو خـــودی لەشـــەیتانەوە دەکـــرد بەپـــەری...دنیـــای لەشـەیتانیبوونەوە دەگـۆڕی بـۆ پـاکیزەو پـەریزادە... دوایـی بـەو سـکڵە ئاگرینـە کوشـندانە دەهێنـا کەلەناخـدا بوونیـا دەهەژانـدو مێـژوو دنیـاو

واقعێكی تاڵو ناخۆشیان پێكدەهێنا...هەمیشە ئەوسرەوەیە سووپەری داهاتووی كۆمەڵگەكانبوو...شەیتانە نەفرەت لێكراوەكان لێی تۆقیبوون...زندۆقیان چووبوو...گەر شنەی شەماڵو نەسیمێكیان بەدی بكردایە دەتۆقان...دنیای ژێرو ژووردەكرد...كاتێ كێرڤی سروەی روح بەرزو باڵابوایە فەرمانڕەواو كاسەلێسەكانی دەمردنو زیندو دەبوونەوە...دەیان ئەگەرو رمڵیان بۆ داهاتوو لێدەداو جلەشڕەكانیان لەبەردەكردەوەو لەسەرووی كۆشكو ڤێلاو دامو دەزگاكانەوە بەچەكو دەمامكەوە دەوەستان تا سروەی روح نەگاتە ناویان...بەرگی ئەوان بەو سروە ئەزەلییەوە پابەندبوو...تونێلو حزبەكانیان هەپروونو رێزاڵ دەبوون...نەدەمامكو نەچەكی شان بەفریایان نەدەكەوت...ئەو تونێلەی بەكاسەلێسو ئەڵقەلەگوێی رۆتین پەرست تەنرابوو گەر سروەی روحی ئەزەلی بەربكەوتایە هیچ شوێنەوارێكی نەدەماو دوایی بەمەینەتو دەردەسەرییەكانی چەند ساڵە دەهات... دوایی بەستەمو نادادییو خودكوژیو شەیتان بازاڕیو وڵات داتەكانو لەخۆباییبوونو فیزی یەكەیەكەی ئەو فەرمانڕەواو حزبانە دەهات...بۆیە هەموو دەترسان لەوەی سروەی روحی ئەزەل بگات بەسەرزەویو پەرییەكان باڵبگرنو بازاڕی ئەوان كەلو ساردبكەن...هەمیشە لەكۆبوونەوەو دانیشتنەكاندا پیلانو نەخشەیان دادەناو لەبۆ ئەوە دەكۆشان دنیای شەیتان باڵبكێشێت بەسەر زەویداو خەڵكی هەردەم واز لەگۆشتخواردنو گەنیزیگەدەو قەڵەویو نەوسنی نەهێنن...خوازی سەرەكی تونێل زیندوكردنەوەی چاوی ماددە پەرستو بەرژەوەندی تاكبوو بەدەر لەخودو وڵاتو گەلێكی بێشومار... حزب پەرستان هەوڵی تاراندنی ئەو سروە ئەزەلیەی مرۆڤیان دەدا كەشەیتانسەری دەكرد بەپەریو باڵی رەنگاورەگی لێدەردەهێناو بەتانو پۆی ئاسمانێكی بەریندا بەویستی خۆی هەڵدەفڕی...ساڵانی دوورودرێژی تەمەنم هیچكام لەو سروە روحیانەی ئەزەلیان بەوچەنە نەهێنابوو بەبەرماو دەلاقەیەكی دروستیان بۆ ئاوەڵا نەكردبووم...فشاری رابردووم

فشارێکی ناخو کرۆکی ویژدانبوو...ئاوێزانی دەریایەك لەجودایی‌بوو...لەرووداوو بەسەرهاتی واژوو ناتەبا بەیەك، هەر لەرۆژانی شاخەوە تا شار...لەکونە گورگەکانەوە هەتا کۆشكو ڤێلای سەدو هەزار دۆنم...لەسواری گوێدرێژەوە بۆ ئوتومبیلی دوایین مۆدێلو فڕۆکەو کەشتی تایبەت ...لەزەبوونی‌و بودەڵەییەوە بۆ دەستەڵاتو فەرمانڕەوایی ، ئەو تەزوانەی مێشکیان دەهەژاندمو بڕستیان لەبەر دەبڕیمو دەبوون بەدێوەزمەو لەملم دەنیشتن لەدایکبووی ویژدانێکی بیماربوو “ کەواقیعو رووداوەکانی پێچەوانەی ئاڕاستەی دروست دەبینیەوەو کەسێتی خودی بەتیزەجاڕی دەستی فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی بەدیدەکرد..ویژدانێك بریندارو شێواوو مەست بەرووداوو بەسەرهاتی سەیر لەوڵاتو زێدێکدا کەهیچکات سروەی ئەزەل لێی نەدابوو “جگە لەهەناسەو هالاوی شەیتان‌و بەرۆکەکانی نەبێت...لەوشەوەدا خاڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان روح‌و ویژداندا دروستبوو، بارە نەفسی‌و دەروونیەکانی رابردوویان ئۆباڵی ویژدانکردو سەرهەڵدانی ئامادەیی بۆ پێشوازی کردنیش لەسروەی ئەزەل وەبەرهێنانی هۆکەی دەگەڕایەوە بۆ ویژدان “ کەهەردەم بەپاڵپشتی ژیری‌و عەقڵ دەجوولایەوەو واقعێکی واژووو پێچەوانەی قبوڵ نەبوو...بۆیە نەفس‌و دەروونی بەو ئاکامە گەیاندو هێڵێکی جودای لەنێوان دوو حاڵو باردا خولقاند کەبەرلەوشەوە رووی تێنەکردبووم... لەپاڵ پەرییەکاندا خۆم هەڵدەخست هەتا سروەی ئەزەل لێم بداتو باڵەکانم رەنگاو رەنگ ببن... هەر لەئاسماندا ئاشنابووم بەو پەرییانەی لەدنیای ماتریالیزمەوە هەڵدەهاتن‌و لەرەوشە پۆزەتیڤەکاندا رۆدەچوون‌و پلەوپایەکانی گەیشتن بەکامڵبوونیان تەیدەکرد لەپێناوی توانەوە لەخودو کەسێتی بالآدا...پەرییەك نەبوو نەتوێتەوە بۆ بنەما بەرزەکانی ژیان ، هەموویان پۆلەپەری ئەو ژینەبوون‌و خۆڕاگربوون لەئاست رەفتارو کرداری فەرمانڕەوای شەیتان‌و دنیای کاسەلێسدا...تا ئێستاش ناتوانم رەهەندەکانی ئەو گۆڕانە کتوپڕە لەوشەوە پەرییاوییەدا دیاری بکەم...هەر

لەگەڵ ئەواندابوو بڕیارمدا ئیدی جلو بەرگو پۆشاکی رابردوو لەخۆم دابماڵمو بەچەشنو شێوازێکی نوێ دەستپێبکەم...لەوشەوەشدابوو کورسیەکەی تونێلم تێکشکاندو مارەکانم تۆپاندو دڕکو خاشاکەکانیشم پاککردەوەو ئێسکە پەیکەرەکانیشم خستە تورەکەیەکو لەچاڵێکی قووڵدا دامپۆشین...لەوساتە وەختەدا دووباڵی گەورە گەورەم بۆ دروستبوو ، پاشان چاوێك کەهەموو رووداوێکم بەروونی پێدەبینیو لەئاسمانێکی بەرزەوە بۆ تونێلو کونە شەیتانەکانیم دەڕوانیو بۆنی شەڕو خراپەو ئاژاوەو پیلانم لێدەکردن... کاتێکیش لەتونێل بەدەرکەوتم بێباکبووم لەفەرمانڕەوای شەیتانسەرو کاسەلێسەکانی...هەرچەند بانگیانکردمو بەزوپیوویان خستە بەردەممو ئەمسەراو سەریانگرتم بەلاّم بێباکبوومو ئەوبەزەی لەجەستەمدا توابوەوە لەگەڵ ئەو پیوەی بووبوو بەبەستەیەکی رەق لەگەدەماو بەرلەوەی بەجێیان بهێڵم بەتوندی هەڵمهێنایەوەو بۆگەنێکی هەراساناوی لە دالأنی تونێلدا بلاّوکردەوە ، ئەو سروە ئەزەلیەی تێکەڵ بەخوێنم بووبوو فەرمانڕەواو کاسەلێسە شەیتانیەکانی لێکردبووم بەقەزەمو گزگلی بچووك بچووكو هەربەبینینیان تێکدەچوومو بەرچاوم تارو رەشدەبوو... لەوشەوەدا لەکۆتو بەندێك قوتاربووم کەوا بۆ سالأنێکی دوورو درێژ دەچوو سەرجێگەو خەوی لێ تێکدابووم...کراسی شەیتانی لەبەرکردبوومو ساتەکانی بەنێویەکدا هەڵشێلابووم...فڕێدانی کۆتو بەندی چەندساڵەی تونێل تینو هێزێکی وەهایان پێدام پەرییەکانی ئاسمان پتر بەدەوروخولمدا بێنو پرژەی نورینی خڕ خڕی سەوزو سوورو شینو زەردو ئەرخەوانیو پرتەقاڵیو مۆرو رەنگە نادیارەکانیتر بەدەورا هەڵبدەنو بەسروەی ئەزەلی ناخیان هێورم بکەنەوەو هستریاو هەڵچوونم برەوێننەوە...لەوشەوەدا پەرییەکان فێری زۆرشتیانکردم ، نەفسیان رامکردم بەدووی هێزێکی ئەزەلی جاویدانیدا...تاڵو وابەستەکانی ماتریالیزمو دنیا ژێرەکیەکانم گۆڕییەوە بەروحگەرییو جیهانی بالاّکێش... لەتونێلدا کورت دەمڕوانیو بەرژەوەندی حزبم لەسەرو

هەمووشـتێکەوە دەخەملاَنـد...فـەرمانڕەواو رەوتێکـی کـورتو پـێچ پـێچو لۆچـدارم بـە بناغــەی داهاتوویــەکی دوور دەبینــی...لەواقعیــشدا مــن لەنێوجەرگـەی تراویلکەیـەکی بەرینـدا رۆچـوبووم...هەرچـەند دەمڕوانـیو نیگام هەڵدەخست هەروابوو چونکە لەپەنجەرە تەسکو کـەم بوارەکانـەوە دەمڕوانیو توانای بینینی تروپکە بەرزەکانو دنیا دوورەکانم نەبوو...لەوێ بـۆ پێداویـستیە ماتریالیزمیـەکان بەچەشـنی پۆلـە شـەیتانەکانی هـاوڕێم سـووتابووم...لـەدوای بازرگـانی بـەردەوامو کۆمپانیـاو ڤـێلاو ئوتومبیـلو گەشتی زێڕینی مانگانەو کیژە ناسکو گەردن بلورینـەکانو شـەوە سـەوزو سـوورەکان کـەوتبووم ، وێـڕای چەوسـانەوەی بـەرکۆشو پێـشخزمەتو زۆرینەی گەلێکی داماوی دۆگماو بەرچاو تاریکو ئایندە ون...

تونێل منو ملیۆنـەها کەسـی لەسروشـتی تایبـەت بـردە دەرەوەو روو بەشەیتانیبوون وێڵو سەگەردانی کردین...غەرقی نێوپێداویستیەکان بووم بەلاَم هەرگیز سروەی شادی بۆ چرکە ساتێکیش لـەلام هەڵینـەداو لـەوێوە نـابوترین بونیـادو سـرووتی داهـاتووم بـۆ دانـرا...فـەرمانڕەوای پێـشەنگو ئێمـەی کاسـەلێس سـەرداری کـاروانێکی تـوولانی بێبـەرودوامان دەکـردو هــاوولاَتیو دانیــشتوانمان ســەرنگون دەکــردو خودمــان روو بەفــەوتانی سەرتاسـەری دەبـرد...لەپیـشەکانی کۆمەڵـەوە تـا نێوەنـدەکانی هـەمووی بــــەدووی یــــەکا قــــەتارەیان بەســــتبوو بــــەرەو هــــەڵوەدای نــــامۆو مــــەرگاوی...سەرنــــشینانی کــــاروان بێــــدەنگبوونو ورتــــەیان لێــــوە نـەدەهات...سـالاَنی ئـەو ئەزمایـشە تاڵـەی تونێـل بـەباری هێنـابوون بـۆ فـەرمانڕەواو کاسەلێـسەکانیو جۆرێـك لەخامۆشـی بەبەریانـدا هێنـابوو... خوونەریتە نادروستەکان ئەوەندە زارەترکی کردبوون لەسێبەری خۆشـیان سڵیاندەکردەوە...حاڵیان لەچڵەپۆی بوێرییەوە بووبـوو بـەنزمترین ئاسـتی تۆقانو روح سپاردن...هیچکام لەو نێوەندو خودە تۆپیوانە ئامادەنـەبوون تـونێلی داخـراوو تەنگەبـەر بـەجێبهێڵنو بەهانـەی نـانو بـژێویو مـردن لەبرسا زاڵبوو بەسەریاندا...من لەوشەوەدا هێڵێکی رەشـی قـەترانیم کێـشا

لـەنێوان دووژینـی جیـاوازدا...ژینێـك ویـستە شـەیتانیەكانی رازیـدەكردمو لەتونێلێكی شەیتان پۆشـدا جێنـشینیدەكردمو پلەوپایـەی جیاواجیـاوازو پۆســـــتی مفخـــــۆریو پـــــارەلادانو مـــــشەخۆری بـــــەدیاری پێدەبەخشیم...ژینێكیش رەجاڵو هەژار " بێنەواو دارایی...سادەو ساكارو هـاوەڵی ملیۆنـەها پـەری بـاڵ سـپی رەنگـاورەنگی بـۆ رامـدەكردم...مـن لەوشەوەدا بەو ئـیرادەو خـوازەی ویـژدان بێداربوومـەوەو بـەدەم سـروەی ئەزەلیشەوە زیندوبوومەوە لەمەرگێكی حەتمی بەڵگەنەویست قوتـاربوومو خۆم گەیاندە ئاسمانی پەرییەكانو تونێلی شەیتان نـشینم بەجێهێـشت ... لەپێـشدا وامـدەزانی هـەر خـۆمم بـەلام هەرئەوەنـدەی نـەبرد پۆلەپـەری دەوریـانگرتمو دنیـای شـەیتانەكانم خـستەدواوەو روو بـەپاكیزەییو بێگەردی سەری خۆم هەڵگرت...لەوشەوەدا دڵـم بەچەشـنێك كەمەنـدكێش بووبـوو باڵـەكانم لەبەیەكـدادانێكی بـەردەوامابوو...پەرییـەكان لـەبوارێكی تایبەتدا دەگەڕان بەلام من ئارامم لەبەر بڕابوو، هەرچاوم لەپەریزادەی نێو جەنگەڵستانی تاریكی شـەیتانەكانبوو...هەستێكی بـالاَ روحـی دەهـەژانمو جموجووڵی شپرزو مۆلـەق دەكـردم...نـازانم ئـاخۆ بۆئـەو شـەوە ئەمەنـدە شـۆكو شـپرزبووم...بـەهۆی پـەریزادەی زێـدی شـەیتانیو مەترسـیەكانی دەوری یـاخود فــەوتانی پــەیامو نامەكــەیو ســەركەوتنی فــەرمانڕەوای شـەیتانو كاسەلێسەكانی... ! ؟لـەهیچ پـەناو پاسـێرێكدا ئـارامم نـەبوو ... بەدەم جووڵەوە ورتەورتو بەزمو هەرام هەڵدەگیرساند...پێكەنینو گریـان یەكیاندەگرتو هەرجارەی یەكێكیان سەریان هەڵدەدا...جارجارێكیش نیگا نـامۆو سـەیرەكانی ناخیـان دەهەژانـدمو دنیـای نائومێـدیان سـەر لـەنوێ لێدەخستمە سەرپـشت...ترسـی مـەرگێكی كتـوپڕی ناكـاوی پـەری دنیـای لێهێنابوومەوەیەكو لـەئاسمانێكی بـەرزو بـالاَوە دەگەڕامـەوە سـەرزەویو بەنێو كۆشـكو ڤـێلادا بـن ئەمـدارو بـن ئەودارمـدەكرد...شـەو لەبـەردەمما سـستو لاواز دەبـوو...خـەویش جـار لـەدوای جـار دەتـاراو چـاوەكانی دەبرژاندمەوە دەیكردن بەگۆمی خوێن...لەگـەڵ بیـستنی دەنگـی قووقـەی

کەڵەشـێردا تەزوویـەکی گـەرم هـات بەجەسـتەمداو لەشـوێنی خـۆم ڕەق ڕاوەستامو دیسان نیگاکانی عەسری پـەری هاتنـەوە بەرچـاومو ئـەمجارە بەتینو گوڕێکی قورسـتر کسپەیان لەهـەناوم هەڵساند...هێشتا کەڵەشـێر هەر قووقـە قوویبـوو شـەپۆلی مەینـەتاوی گـەیی بـەناخمو ترسـام لـەوەی کەبەتەواوی نەمدەتوانی پێشبینی بکەم...بەهەڵەداوان لەسـەر کورسـیەکی ژێرکەوانی باخچەکەم دانیشتمو هەیتاهەیتاش کورسیەکەم بۆ پێشو دواوە دەهێنـــاو نائـــارامیم بـــەوە دەردەبـــڕی...وادەیـــەکی دوورو درێـــژ بەوچەشـنەمامەوەو شـەویش لەپـشتهەڵکردندابوو...زۆرم لـەخۆ دەکـرد کورسیەکە بەجێ بهێڵمو ئارەزووی ڕاکردنو هـاوارو ناڵـەو هـەراو بـەزمێکم دەکـرد...هەرچـەندیش لـەوزەو توانـای خـۆم وردەبوومـەوە پـتر خـۆم دەنووساندەوە بەکورسیەکەداو ویستو خـوازی پێشووم تیادەچـوو...زۆر کۆشام لەو کورسیە قوتاربم بەڵام واقع کۆتیکردمو دەستبەرداری نـەبووم هەتا یەکێك لەگچکە بەردەستەکانم لەبـەردەمما قـوت بـوەوە بـەدەنگێکی نزمەوە وتی:

ــ گەورەم ئەم بەیانیە زوو ...کوژراوە ...!؟

هەواڵەکە وەك شەقازلەو بۆکسێکی توند وابوو بیدات بەسـەرماو لـەژێر کاریگەرییـدا هەستامەسـەرپێو دەسـتم لـەبینی تونـدکردو رامکێـشاو بەدەنگێکی بەرز نەڕاندم بەسەریا:

ــ چی ...چی...کێوتی...کێ...؟؟!کێ کوشتوویەتی...؟!!

لەژێر دەستمدا تاساو نیمچە خنکاوبوو ، هەناسـەی لەبـەربڕاو منـیش هـیچ هۆشـم بەسـەر خۆمـەوە نـەماو ئەوەنـدە نـەبێت بـەرگی شـەیتانیم پۆشیبوەوە لەدنیای پەرییـەکان بـەخێرایی دوورکەوتمـەوە...هـیچ هـۆشو بێدارییـەکم نـەماو نـازانم ئـەو گچکەکاسەلێسە چـی لێبەسـەرهات...کـاتێ چـاوم هـەڵهێنا چـەند کەسـێك بەسـەرمەوەبوونو بێقسەو ورتـە چـاویان تێبڕیبووم...

تازەرووداوەکـەم بیردەکەوتـەوە دەمویـست تێرتێـر بگـریمو بەناڵـەو فیغان دنیـا بـدەم بەسـەریەکدا ، لـەبن سـەرما گـەورە بەرپرسـانی تونیـل وەستابوونو لای قاچیشمەوە نوێنەری فەرمانڕەوا نیگای تێچەقاندبووم... ئەوان خاوەن نیگایەکی تیژو بڕەبڕبوون منیش لەناکاو دامە پڕمەی گریانو فرمێسکی گەشو گەرم بەخوڕ هاتنەخوارێ...ئـەوانیش تادەهـات پـتر لـێم مۆڕدەبوونەوەو حاڵی نەبووم چی دەڵێن لەنێوان خۆیاندا...بۆجاری دووەم دنیـا لەبەرچـاوم تـاریکبوو هۆشـم نـەما ، ئـەمجارەیان کـاتێ بـەئاگاهاتم دەمەوانـــەی ئۆکـــسجینم بۆدانرابـــوو دەستیـــشم ئـــازاری دەهـــاتو واهەستمدەکرد کۆتکرابێت...بەخێرایی چاومگێڕا بـەدەورو بـەردا هەرچـەن پزیشکێکم بەدیکرد... تازە بەروونی حاڵیدەبووم لەکاریگـەری رووداوەکـە، لەناخەوە قرچـەی جـەرگبڕ دەهـات بەسـەرماو دیسان نیگـای چـاوەکانی عەسـری دوێنـێ وەك دەرزییـەك لەجـەرگو دڵـم هەڵدەچـەقاو هەسـتکردن بەتاوانو گوناحاوی بوونی بەبەرا دەکردم..." بۆهێـشتم بەتـەنیا بـڕوات ... ئـەو ناسـکبوو... هـەرگیز شایـستەی ئـەو دەستەچـەپەڵو نیازپیـسانەی دەوری فــــەرمانڕەوای شــــەیتان نــــەبوو...چــــۆن دڵیانهــــات پەرییــــەك تیرۆربکـەن...!؟ خـۆ ئـەو لـەژێر باڵەکانیـدا پـەیامی پـاکیزەو نـووریـنی هـەڵگرتبوو...دەك ئـەو دەستەوشـك بێـت کـەبوو بەیـەدەكو چـڵکاوخۆری فەرمانڕەواو روحی پەرییەکی ئاوەهای بەناحەق تیابرد...ئاخ ...گـەردەزانم کێبـوو وەك سـەگ لەباوەشـی ئاغاکەیـدا دەمتۆپانـد...دڵنیـام سـەگێکی دەستو پل رەشی تونێلە ئەم خـەزانی روحـەی بـەرپاکرد...دەیـان پـەری پـاكو بێگـەرد بـەفاكو فیکـی تونێـل روحـی لەدەسـتدا...ئـای ...خـۆتیش یـەکێك بـووی لەوانـەی بۆئـەو کارانـە دەچـوویتو بەشـانازییەوە باسـت لێـوەدەکرد...ئـاوا کوشـتمانو لێمـان پاڕایـەوە نـەیکوژینو لەسـەردەم رامانخـــستو ژنو مناڵـــەکانی بـــەدەوریا دەگریـــانو دەســـتیان مـــاچ دەکـردینو... هـیچ بەزەییـەکت نەهاتـەوە بـەوەی بونیـادێکی پـیرۆز دەکوژیـــتو دەکەوێتـــە بەرنـــەفرەتی ئاسمـــانو زەویو هـــەتا مـــاوی

بەتیرۆریستو پیاوکوژو دەست سوری خوێناوی ناودەردەکەیت...ئەی سۆزو بەزەیی لەکوێبوو کاتێ ئەو تیرۆرستە ژیانی لەو زیندەوەرە پیرۆزە شێواند...لەپێناوی جەردەپارەو پلەوپایەو فەرمانی تونێلێکی سەگدا مەرگەساتو خەراباتێکی یەکجار گەورەی خستەوە...!؟خۆت باش دەزانیت ئەوانە پەروەردەی کوێنو کێ گۆشی کردوون...ئەوان لەدەستەلاتو فەرمانڕەوایی دێرینەوە دژ بەپەرییەکان جوولاونو هەمیشە بەملی مێژوودا کەوتوونو دەستیان چووە بەخوێنی پاکی پەرییداو دژ بەمانا بەرزەکانی ژیان وەستاون...دژ بەئازادی راستەقینەو راستاڵ پەرستان بوونو پیرۆزی بونێکیان هەرگیز نەخوێندوەتەوە...کاتێ بەزۆڵی لەدایکبوونو بەشیری شەیتان گۆشکران ئەوجا سەرزلو کەتەولی دنیاپەرستیان لێپەیدابوو..ژینیان بەتۆقاندنو هەڕەشەو گوڕەشەو تیرۆرو کوشتنو بڕینو زیندانی تاریكو چەتوون مۆرکردو پەریزادەکان لەترسا دەمیان داخستو لەفڕین کەوتن...ترسان لەوەی ئەو شەیتانسەرانە تیرۆریانبکەنو ژین لەخۆیانو ماڵو منداڵیان بشێوێنن...چەکمەبۆرنو بەتیرۆرو فڕاندن بەناوبانگن...کەس نییە لەژێر چنگیان قوتاربێت...پەری بەوهەموو پاکیو نەزاکەتەوە نەیتوانی هەڵبێتو دەستی چەپەڵی تیرۆری پێنەگات...لەکاتێکدا پەیامی پەریزادەکانی دەگەیاند تیرۆریانکردو نەیانهێشت دنیا رووناك بکاتەوە...

ئەی لەو تۆپیوە هەوەسبازو مخفۆرانەی بوون بەخۆرەی ژیانی ملیۆنەها پەری گۆشەو پارچەکانی ژیان ...چی بڵێم لەگەڵتان ئەی هیچو پووچەکانی کۆڵەکەو بەرکۆشی فەرمانڕەواکانی دنیا...گەرچی منیش یەکێکبووم لەئێوەو خۆشم هیوام بەخۆ نەمابوو لەوەی تونێلو فەرمانڕەوای خودکوژ بەجێبهێڵم بەلام ئەمڕۆ من بووم پەریو هەر ئەمشەو کورسی فەرمانڕەواییم دایەبەر پێلەقەو وەیلانگەی گشت مەینەتیەکانم رووخاندو بەدەرکەوتم بۆ کۆتاترین جار، بەلام نازانم چۆن بڕوابکەم پەری لەبەرەبەیاندا لەخوێنی خۆیدا گەوزێنراوەو قژە درێژەکەی

شـەلاڵی خـوێن بـووەو پەیامـەکانی دەستیـشی هەریەکـەیان کەوتوەتـە سووچو لایـەكو بـەدەم هومێـدێکی زۆرەوە روحـی پـاکی دنیـای چـەپەڵی شەیتانی بڕیوە...

نـازانم چـۆن ئافاقەیـەك روو لـەدڵی سـووتاوم بکـات... تاعەسـر بەیەکەوەبووین‌و هیچ رووی نەدابوو" چاوەڕێ‌بووم هەواڵی گۆڕانێکی مەزن ببیستم‌و فەرمانڕەواو کاسەلێسەکانی وڵات بەجێ‌بهێڵن‌و دنیا بەبارێکی ترا بگۆڕێت ، بەڵام ئەفسووس پەرییـەکی وەك تـۆ مـردو دنیـای بەجێهێـشتو سوێییەکی نەبڕاوەی گەیاند بەهـەناوم‌و بەیـەکجار شـێتو هـاریکردم...چـی دەبـــوو گـــەر ئـــەو تیرۆرســـتە پاشـــگەزبوایەتەوەو ئەوپەرییـــەی تیرۆرنەکردایـە...! ؟بەهانەیـەکی بـۆ فـەرمانڕەوا بهێنایەتـەوەو چـەن کاتـژمێرێك دوای ئەوبـچوایەو ئـەوجا پـەری پـەیام‌و نامـەکانی دەگەیانـد بـــەکون‌و قوژبنـــەکانی وڵاتو دنیـــای نـــوێ ســـەریهەڵدەداو تونێـــل‌و پیاوەکاسەلێسەکانیشی بۆهەتا ئاوادەبووم...

هەرچـەن دەکـەم نـاتوانم بڕوابکـەم کەئەڵقـەی پەیوەنـدی نێـوان پەرییـەکان کـوژراوەو دیـسان دەبێـت پەرییـەك لەدنیایـەکی دوورەوە سەرهەڵبدات یاخود پەرییەکی گۆشەگیر بەدەربکەوێت...ناتوانم لـەوەزیاتر چاوەڕێبم...چاوەڕوانی دەردێکی کوشـندەیەو جـەرگ کـون کـون دەکـاتو هەموو هەستێکی جوان دەکوژێت...

پەری گیان ...سوێندبێت بەوپێکهاتـە پیرۆزانـەی بـوون " مـن نـاتوانم چیتر ئـارام بگـرم...روحـم لەبۆسـەی چاوەڕوانی بەدەردەکـەم‌و تـازە مـن بەرگێکی دیم پۆشیوەو سـروەی ئـەزەلم هەڵمـژیوە...لەمپـەرەکانی ژینـی پێشووم بەزاندوە...نامەوێت چاوڕێبم تا پەرییەکی دی دەدۆزمەوە" ئەوەی لەئەستۆمدایە زۆر گەورەترە لەچاوەڕوانی کوشـندەو جـەرگبڕ...سـوێندبێ بـەوەی پـیرۆزەو تاڵـەکانی سـروەی ئـەزەل بەردەداتـەوە نەچـمەوە تەویلەکانی پێشوو...هـەروەك چۆن دوێنـێ شـەو کورسـی فـەرمانڕەواییم

وردوخاشکردو ئەمڕۆش دەستکەوتی ماددی دەرکی شەیتانەکان تیابەرمو لەبۆ نێو شێتەکانی هاوڕێم بگەڕێمەوەو بێباك بم لەوەی روودەدات...".

هەرکات ئەمجۆرە خەیاڵانە دەیبردمەوە دیسان دەبوومەوە بەشێتو جلو بەرگە شڕەکانم لەبەردەکردو لەکۆڵانو کوچەو چایخانەو حەمامەکان خۆم دەبینیەوەو بیری ئەوەم دەکەوتەوە کاتێ لەم چارەنووسە دەترسامو بەدواییەکی نادیارم دەستنیشان دەکرد...بەڵام واقعی ژینی من لەم ئاستەنگە قوتارنەبوو هەتا ڤێلاو ئوتومبیلو کۆمپانیاو گشت دارایيەکی بەناو دەستکەوتی شۆڕشم نەفرۆشتو نەمکرد بەپارە...ئەوجا جلەشڕەکانم لەبەرکردو سەروسیمام بەجامانەیەك هەڵپێچاو چاویلکەکەشم کردەوە چاوم...هەردەمەی لەلایەك کزۆڵ کزۆڵ هەڵمدەکردو بەنێوجەرگەی شاری وێراندا رۆدەچوومو بەنهێنی بڕێك پارەم دەردەهێناو دەمدا بەلێقەوماوو چەوساوەو بێدەرەتانێك... هەبوو بەسواڵکەرێکی دەستو دڵفراوانی دەدام لەقەڵمو هەیش بوو ئێرەیی پێدەبردمو خۆشم لەگەڵ هەر دینارو دۆلارێکدا کەدەمبەخشی کۆڵو بارەکەم سووكو کزدەبوو چونکە ئەوەی لێیان دزرابوو بۆم دەگێڕانەوەو گەردنو ئەستۆم پاکدەکردەوە...

بەچەشنێ ونبووم نە فەرمانڕەواو نە کاسەلێسەکانی هاوڕێم نەیان دۆزیمەوە...لەورۆژە بەدواوە بێلانەو ماڵو دارایی مامەوەو خوازیاری ئەوساتانەبووم کەسەروەی ئەزەل دابارێی بەسەرماو پەرییەکان دەستیانگرتمو روو بەجیهانی خۆیان بردیانم...بەڵام رۆژ بەرۆژ بۆنو هاڵاوی شەیتان وڵاتی دادەپۆشیو بەمەش زیاتر ئاسمانی شینو رازاوە بەشەیتانی ناقۆڵاو ناشیرین دادەپۆشراو پەرریەکانیش بەجیاجیا لەم

کـونو ئـەو کـون ژینیـان دەبردەسـەرو قـەیرانی خـودیش ئـاڵۆزو دژوارتـر دەبـوو...منـیش بـەجلو بـەرگێکی شـڕۆڵو جوتێـك پـێڵاوی کـون کـونو پریاسکەیەکی چڵکنەوە دەرکی شـارم تەیـدەکرد بـەدووی خودەوەبـوومو بــەجۆرێك لــەجۆرەکان روحــم پاکــدەکردەوەو روو بــە ســروەی ئــەزەل دەچووم...

**"تەواو"**